# لە دیکتاتۆری تا دیموکراسی

چوارچێوەیەکی تیۆری، بۆ بەدەستهێنانی ئازادی

**نووسینی: جین شارپ**

**وەرگێڕانی : صالح هەرکی**

## پێرست:

پێشەكیی وەرگێر ........................................................ ٤
پێشەكیی نووسەر ........................................................ ٧

**فەسڵی یەكەم**

رووبەڕووبوونەوی واقعبینانە لە گەڵ دیكتاتۆرەكان .................................. ١٣
كێشەیەكی هەمیشەیی ........................................................ ١٥
ئازادی لە رێگەی توندوتیژی ........................................................ ١٩
كوودەتا، هەڵبژاردن، رزگاركەرانی دەرەوە؟ .................................. ٢٢
رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ راستی ........................................................ ٢٧

**فەسڵی دووەم**

مەترسییەكانی وتووێژ ........................................................ ٣٠
تواناو سنوورەكانی وتووێژ ........................................................ ٣٢
تەسلیمبوون لە رێگەی وتووێژ؟ ........................................................ ٣٤
هێزو دادگەری لە وتووێژدا ........................................................ ٣٦
دیكاتۆرەكانی شیاوی رێككەوتن ........................................................ ٣٩
چلۆنە ئاشتییەك؟ ........................................................ ٤١
هۆیەكان بۆ ئومێدەواری ........................................................ ٤٢

**فەسڵی سێیەم**

دەسەڵات لە كوێوە دێت؟ ........................................................ ٤٥
ئەفسانەی ئاغای مەیموونەكان ........................................................ ٤٦
سەرچاوەكانی پێویست بۆ هێزی سیاسی ........................................................ ٤٧
ناوەندەكانی هێزی دیموكراتیك ........................................................ ٥٣

**فەسڵی چوارەم**

دیكتاتۆرەكان خاڵی لاوازیان هەیە ........................................................ ٥٧
دیاركردنی پاژنەی ئاشیل ........................................................ ٥٨
خاڵە لاوازەكانی دیكتاتۆری ........................................................ ٥٩
هێرش بۆ سەر خاڵە لاوازەكانی دیكتاتۆرەكان ........................................ ٦٢

**فەسڵی پێنجەم**

بەكارهێنانی هێز ........................................................ ٦٤
شێوازی خەباتی ناتوندوتیژی ........................................................ ٦٦
چەكی ناتوندوتیژی و دیسپلین ........................................................ ٦٧
دیودەری، شاراوەكاری و ستاندەرە بەرزەكان ........................................ ٧٣
جێگۆڕكێ لە پێوەندییەكانی دەسەڵات ........................................................ ٧٥
چوار میكانیزمی گۆڕان ........................................................ ٧٦
ئەنجامەكانی دیموكراتیزەكردنی خەباتی سیاسی .................................. ٨٠
ئاڵۆزیی خەباتی ناتوندوتیژ ........................................................ ٨٢

**فەسڵی شەشەم**

پێویستیی بەرنامەدارشتنی ستراتێژیك ........................................................ ٨٤
بەرنامەڕێژیی واقعبینانە ........................................................ ٨٥

بەربەستەکانی بەرنامەرێژی ........................................ ٨٧
چوار گۆتەنیی گرینگ لە بەرنامەڕێژیی ستراتێژیك ........................ ٩٢

### فەسڵی حەفتەم

بەرنامەڕێژیی ستراتێژی ........................................ ٩٨
هەڵبژاردنی شێواز ........................................ ١٠١
دارشتنی بەرنامە بۆ دیموکراسی ........................................ ١٠٢
هاوکاریی دەرەوە ........................................ ١٠٤
رێکخستنی ستراتێژیی گەورە ........................................ ١٠٥
بەرنامەڕێژیی ستراتێژیی خەبات ........................................ ١٠٩
پەرەسەندنی هزری هاوکاری نەکردن ........................................ ١١٣
سەرکوت و کرداری بەرامبەر ........................................ ١١٦
وەفاداری بە بەرنامەی ستراتێژیك ........................................ ١١٨

### فەسڵی هەشتەم

بەکارهێنانی خەباتی سیاسی ........................................ ١٢٠
بەرخوەدانی بژارەیی ........................................ ١٢١
خەباتی سەمبۆلیك ........................................ ١٢٣
دابەشینی بەرپرسیاریەتی ........................................ ١٢٦
ستێرەگرتن لە هێزی دیکتاتۆر ........................................ ١٢٧
گۆڕان لە ستراتێژی ........................................ ١٣٢

### فەسڵی نۆیەم

رووخاندنی دیکتاتۆری ........................................ ١٣٤
پەرەپێدانی ئازادی ........................................ ١٣٨
دابەشبوونی دیکتاتۆری ........................................ ١٤١
بەڕێوەبردنی بەرپرسیارانەی سەرکەوتنەکان ........................................ ١٤٣

### فەسڵی دەیەم

بناغەی دیموکراسیی جێگیر ........................................ ١٤٦
هەڕەشەکانی دیکتاتۆرییەکی نوێ ........................................ ١٤٧
پێشگیری لە کوودەتایەکان ........................................ ١٤٨
رەشنووسی دەستوور ........................................ ١٥٠
سیاسەتی بەرگریکارانەی دیموکراتیك ........................................ ١٥٢
لێپرسراویەتییەکی شیاو ........................................ ١٥٣

## پێشەكیی وەرگێڕ:

جین شارپ، خاوەن دكتۆرای فەلسەفەی زانكۆی ئاكسفۆرد، مامۆستای بەرز لە دامەزراوەی ئالبێرت ئەنیشتاین لە كەمبریجی ماساچۆسێتە. ناوبراو هەروەها، خاوەن بڕوانامەی پڕۆفیسۆری شانازییە، لە زانكۆی ماساچۆسێت دارتمۆند و ئەندامی هەمیشەییە لە ناوەندی كاروباری نێونەتەوەیی، لە زانكۆی هاروارد.

جین شارپ، كۆمەڵێك كیتابی نووسیوە، لەوانەش: سیاسەتەكانی چالاكیی ناتوندوتیژ(١٩٧٣)، دەسەڵاتی كۆمەڵایەتی و ئازادیی سیاسی(١٩٨٠)، بەرگری لەسەر بنەمای خەڵكی ناسەربازی(١٩٩٠)و ئەو كیتابەی بەردەستی ئێوەی بەڕێزیش، كە من لە فارسییەوە كردوومەتە كوردی، بەرهەمی ساڵی ١٩٩٣ی ناوبراوە. كە لەلایەن ئەنجومەنی بێسنوورەكان كراوەتە فارسی.

نووسەر، لەم بەرهەمەی خۆیدا، زۆر بەباشی ڕێكارەكانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ڕژێمە دیكتاتۆرەكانی باسكردووە و ئەوەشی لەبیر نەچووە، كە پێحەسان و تێگەییشتن لە ڕەنج و دەردی گەلانی بندەست، تەنیا ئەوكاتە مومكینە، كە لێیان نزیك ببیەوە و بە كردەوە، تێكەڵ بە چالاكییەكانیان ببی، یا ئەنجامی سەركوتكارییەكانی دیكتاتۆر، لە نزیكەوە ببینی.

جین شارپ، لەم بەرهەمەیدا، بە داکۆکی کردن لە خەباتی ناتوندوتیژ، خەڵکی بندەستی هانداوە، لە کرداری توندوتیژانە خۆ بپارێزن، چونکە ئەم کردارانە نە دیموکراتییەتیان بۆ فەراهەم دەکات و نە خەباتەکەیان خێراتر بەرەو ئامانجەکانیان بەڕێ دەکات.

بەشێوەیەکی گشتی، ئەم پەرتووکە لە چوار لایەنەوە سوودمەندە:

- یەکەمیان، بۆ ئەو گەلانەی بندەستن و هەوڵی خۆ رزگارکردنیان تا ئێستا بە ئەنجام نەگەییوە.
- دووەمیان، ئەو گەلانەی لە دژی دیکتاتۆر راپەڕیون و رووخاندوویانە، بەڵام هێشتا لە قۆناغی گوزەر تێنەپەڕیون و سیستەمی دیموکراتییان بە تەواوی جێگیر نەکردووە.
- سێیەم، ئەو گەلانەی رزگاریان بووە و سیستەمی دیموکراتیشیان دامەزراندووە، بەڵام مەترسیی دەرەکی و ناوخۆییان لەسەرە و پێویستە هەمیشە وریا بن.
- چوارەم، ئەو رژێم و دەسەڵاتانەی دەیانەوێت، خۆیان لە کرداری دیکتاتۆریانە بپارێزن و تووشی ئەو هەڵە کوشندانە نەبنەوە، کە دیکتاتۆرەکان بە درێژایی مێژوو، تا ئێستاش پەندیان لێ وەرنەگرتووە.

بە هەرحاڵ، هیوادارم خوێندنەوەی ئەم بەرهەمە بەپێزەی جین شارپ، بۆ خوێنەرانی هێژا سوودمەند بێت و وەرگێڕانەکەی منیش، کاری خراپی نەکردبێتە سەر ناوەرۆکە دەوڵەمەندەکەی.

لە کۆتاییدا بە ئومێدم، نەتەوەی کوردیش، بۆ بەزاندنی داگیرکەران و دوژمنانی خۆی، بیر لە خەباتی ناتوندوتیژ بکاتەوە و کادری پێویست بۆ ئەم شێوازە بەرهەڵستکارییە، ئامادەو پەروەردە بکات.

صالح هەرکی – کۆڕێ

خاکەلێوەی ٢٧٠٨ی کوردی – ئاداری ٢٠٠٨ی زایینی

## پێشەکیی نووسەر:

ساڵەهای ساڵ، یەکێك لە گرینگترین نیگەرانییەکانی من ئەوە بووە، کە خەڵك چۆن دەتوانن رێگە لە دروستبوونی دیکتاتۆرەکان بگرن، یا دیکتاتۆرە هەییەکان لەناو ببەن. ئەم هەستە، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە هیچ مرۆڤێك نابێت، لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤێکیتر بژیت، یا بەهۆی حکوومەتە دیکتاتۆرەکان لەناو ببردرێت. ئەم بیروباوەڕە، بە خوێندنەوە لەسەر پێویستیی ئازادیی مرۆڤ، بە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە زاتی حکوومەتە دیکتاتۆرەکان(لە روانگەکانی ئەرەستوو بگرە تا ستالین)، لە مندا گەشەی کرد.

بە درێژەی چەندینساڵ، دەرفەتی ناسینی کۆمەڵە خەڵکێکم هەبووە، کە لەژێر دەسەڵاتی نازییەکان ژیاون و رەنجیان کێشاوە. لە ناویاندا کەسانێکیش هەبوون، کە لە ئۆردووگاکانی کاری زۆرەملێی ئەڵمانییەکان، بە سەلامەت دەرچووبوون. لە نەرویج، چاوم بە خەڵکانێك کەوت، کە لە دژی دەسەڵاتی نازی خەباتیان کردبوو، زیندوو بوون و سەبارەت بە خەڵکێك شتم دەبیست، کە لەناو چووبوون. لەگەڵ ئەو جوولەکانەی کە لە چنگی نازییەکان هەڵاتبوون و هەروەها لەگەڵ خەڵکانێك، کە بۆ پاراستنی ژیان، هاوکاریی ئەوانیان کردبوو، قسەم کرد.

ترس و تۆقاندنی حکوومەتی ستالین، لە زۆربەی وڵاتان، زیاتر لە رێگەی کیتابەوە ناسێندراوە تا لە رێگەی پێوەندیی تاکەکەسی. ئەم ترس و تۆقاندنە،

بۆ من تاڵترو تەزێنەرتر بوو، چونکە بەناوی ئازادی و قوتاربوون لە زوڵم و چەوساندنەوە، بەسەر خەڵکدا سەپێندرا.

لە دەیەکانی ئەم دووایییە، بەهۆی دیدار لەگەڵ خەڵکانێك لە وڵاتانی خاوەن حکوومەتی سەرکوتکاری وەکوو پاناما، پۆڵەندا، شیلی، تەبەت و بێرمە، حەقیقەتی دیکتاتۆرەکانی ئەورۆ، زیاتر هەستی پێدەکرێت. بە بینی ئەو تەبەتییانەی کە لە دژی پەلاماردەرانی چینی کۆمۆنیست جەنگان، ئەو رووسانەی کە کوودەتای ١٩٩١یان پووچەڵ کردەوەو ئەو تایلەندییانەی، کە بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژی، گەڕانەوەیان بۆ حکوومەتی سەربازی نامومکین کرد، بیروباوەڕی ئاوێتە بەڕەنجی زۆرترم، لە سروشتی پیلانگێڕانەی دیکتاتۆرەکان، هاتەدەست.

جارجار، بە بینینی ئەو شوێنانەی کە هێشتا مەترسیدار بوون و بەرخوەدانیان تێدا بەردەوامبوو، هەستی دلۆڤانی و بەزەیی، بۆ خەڵك و تووڕەیی دەرهەق بە دڕندایەتییەکان، لەگەڵ بەرز نرخاندنی قارەمانەتییەتەکانی ئارام و بوێرانەی ئەو پیاوو ئافرەتانە، لە لای من زیاتر دەبوو. ئەو شوێنانە بریتیبوون لە پانامای ژێر دەسەڵاتی نووریێگا، ڤیلینیوو لە لیتوانی لەژێر سەرکوتی بەردەوامی سۆڤیەت، گۆڕەپانی تیانانمێن لە پێکەن لە کاتی خۆپێشاندان بۆ ئازادی و بەتایبەت لە ئانی هاتنی یەکەم هێزەکانی زرێپۆش لەو شەوە نەگریسەدا و بنکەکانی فەرماندەیی لە لێڕستانی هێزەکانی دیموکرات لە مانێرپلاو لە(بێرمەی ئازاد).

هەندێجار، سەرەدانی دەڤەرە شکستخواردووەکانم دەکرد. وەکوو بالاّخانەی تەلەڤزیۆن و گۆڕستانی ڤیلینیووس، پارکی گشتیی ریگا، کە مرۆڤەکانی تێدا کوژرابوون، ناوەندی فرارا لە ئیتالیای باکوور، کە فاشیستەکان لەوێ، خەباتکارەکانیان ریز کردبوو، ئەوجا گوللەبارانیان کردبوون و گۆڕستانێکی ساکار لە مانێرپلاو، کە لە جەندەکی پیاوانێك پڕ ببوو کە هێشتا بۆ مردن، لاو بوون. ئەمە راستییەکی ناخۆشە، کە شوێنپێی سەرکوت، وێرانی و مەرگە.

ئەم بابەتانە و ئەو ئەزموونانە، بڕوایێکی لە مێشکی مندا بەهێزتر کرد، کە رەنگە، پێشگیری لە دروستبوون و درێژەکێشانی تەمەنی دیکتاتۆرەکان، مومکین بێت. وام بیردەکردەوە، کە دەبێت رێگەیەك هەبێت، بۆ ئەوەی بەهۆی خەباتی سەرکەوتووانە و بە کەمترین رێژەی کوشتنی بەرامبەر، دیکتاتۆرەکانی ئێستا لەناو ببردرێن و رێگە لە سەرهەڵدانی دیکتاتۆری نوێ لەناو خۆڵەمێشەکەی، بەربەست بکرێت.

من هەوڵم داوە، بە وردی، بیر لە باشترین شێوازەکانی شکستپێهێنانی دیکتاتۆرەکان بکەمەوە. ئەو شێوازانەی، کە تا رادەی مومکین، کەمترین رەنج و ئازار بگەیێنێتە تاکەکان و تا دەکرێت، نەبێتە هۆی لەنێوچوونی گیانی مرۆڤەکان. لەم هەوڵەشمدا، چەندین ساڵ، خوێندنەوەم سەبارەت بە دیکتاتۆرەکان، بزاڤەکانی بەرخوەدان، شۆڕشەکان، بیروباوەڕە سیاسییەکان، سیستمەکانی دەسەلاّت و بەتایبەت خەباتی واقعبینانەی دوور لە توندوتیژی، لەبەرچاو بووە.

ئەو نووسینە، ئەنجامی ئەم تێکۆشانەمە. هەڵبەت دڵنیام کە تا بەرهەمێکی بێ کەموکوڕ، هێشتا ڕێگەی زۆری ماوە. بەڵام ڕەنگە بتوانێت، ببێتە ڕێنوێنێك بۆ بەرنامەداڕشتنی بزاڤە ئازادیخوازەکان، تا کاریگەرتر و بەهێزتر لە هەمیشە، بکەونە کار.

بەپێی پێویست و هەروەها لەڕووی هەڵبژاردنێکی هایدارانە، پێداگریی ئەم کیتابە، لەسەر شێوازەکانی گشتی بۆ خەبات لە دژی دیکتاتۆری و پێشگیری لە پێکهاتنی حکوومەتە سەرکوتکارەکانە. من شیاوەتی ئەوەم نییە، کە شیکارییەکی وردو ڕاچێتەیەك بۆ خەبات لە وڵاتێکی تایبەت بخەمەڕوو، بەڵام بەهەرحاڵ ئارەزووم ئەوەیە، کە ئەم شیکارییە گشتییە، بۆ خەڵکێکی (بەداخەوە) زۆر، کە لەژێر دەسەڵاتی سەرکوتکار دەژین و خەباتیش دەکەن، سوودمەند بێت. پێویستە کە ئەوان، ڕادەی لێهاتوویی ئەم بیردۆزانە لە وڵاتی خۆیان بجەڕبێنن و بە بەرفراوان کردنیان، بیردۆزەکان بۆ جێبەجێکردن، لە شوێنکەت[١] و بارودۆخی تایبەتیی خۆیان، هەموار بکەن.

لە نووسینی ئەم کیتابە، خۆم بە دەینداری کەسانێکی زۆر دەزانم. بڕووس جێنکینز، بەردەستی تایبەتیم، کە بۆ دیارکردنی کەموکورتی لە ناوەڕۆك و خستنەڕووی بابەتەکان، هاوکارییەکی بەسوودی کردم. ناوبراو هەر لەو کاتەشدا، کۆمەڵە پێشنیارێکی بایەخداری، بۆ پەیکەربەندیی دووبارەی کیتاب،

[١] - مەبەست (موقعیت)ی فارسییە.(وەرگێڕ).

پێداچوونـەوەی نووسـراوەکان و ساکارسـازیی هەنـدێك لـە بابەتـە دژوارەکـان، خسـتەڕوو. هـەروەها سوپاسـی هاوکارییـەکانی سـتیڤان کـوودی دەکـەم، بـۆ نووسینەکان. دکتۆر کریستۆفێر کروگلێر و رۆبێرت هێلڤی، رەخنـەو پێشـنیاری زۆر سوودمەندیان پێشکەش کرد. دکتۆر هازێل مەك فرسۆن و دکتۆر پاتریشیا پارکمـەن، بـە دووای یەکـدا، هەنـدێك زانیارییـان سـەبارەت بـە کێشـەکان لـە ئـەفریقا و ئـەمریکای لاتـین، خسـتە بەردەسـتم. هەرچەنـدە ئـەم بەرهەمـە، لـە هاوکـاری، پشـتیوانی و مۆڤـەتی خـەڵکێکی زۆر بەهرەمەنـد بـووە، بـەڵام بەرپرسیاریەتیی تەواوی ئەو شیکاری و ئەنجامگیرییانە، لە ئەستۆی مندایە.

لـە هـیچ شـوێنێکی ئـەم پەرتووکـە، وا هـزر نـەکراوە، کـە خـەبات لـە دژی دیکتاتۆرەکـان، هـەوڵێکی سـاکارو بێخـەرجە. هـەر خـەباتێك ئـاڵۆزی و تێچـووی تایبەتی خۆی هەیە. خەبات لە دژی دیکتاتۆرەکانیش، بێگومـان زیـانی دەبێت، بـەڵام هیـوای مـن ئەوەیـە، کـە ئـەم شـیکارییە، سـەرکردەی بەرخوەدانـەکان، بـۆ دارشـتنی ئـەو سـتراتیژییانە هـان بـدات، کـە لەگـەڵ هـەبوونی زێـدەترین هێـزو زۆرترین کاریگەری، کەمترین زیانی لێ بکەوێتەوە.

وێرای ئەمە، نابێت لەم شیکارییە، وا تێبگەین کە لەگەڵ رووخـانی دیکتاتۆرێك، تـەواوی کێشـەکانیتریش چارەسـەر دەبن. رووخـانی هـیچ رژێمێکـی تـەڤخواز، نابێتـەهۆی ئـاوابوونی مەدینـەی فازیلـە، بـەڵکوو تـەنیا رێگەیـەك دەکاتـەوە، کـە خەڵك لە سـۆنگەی کۆششـی دژوارو هـەوڵی درێژخایـەن، بتـوانن پێوەندییـەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیی نوێ دابمـەزرێنن و ئـەم پێوەندییە نوێیانـە، بە

نۆبەی خۆیان، بتوانن بێعەدالەتی و ستەمگەرییەکان، لەناو ببەن. ئومێدی من ئەوەیە، کە ئەم شیکارییە کورتەی شێوازەکانی خەبات لە دژی رژێمە سەرکوتکەرەکان و چۆنیەتی هەڵوەشاندنەوەی ئەم حکوومەتانە، بۆ خەڵکانی ژێردەستەی هیوادار بە ئازادی، سوودمەند بێت.

جین شارپ

١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٣

# فەسڵی یەكەم

## ڕووبەڕووبوونەوی واقعبینانە لە گەڵ دیكتاتۆرەكان

لـەم چەنـد سـاڵەی دووایـی، ژمارەیـەكی زۆری دیكتاتۆرەكـان(بـە ڕەگوڕیشـەی ناوخۆ یا دەرەوە)، لـە هەمبـەر خـەباتی ڕێكخسـتووی جـەماوەر، ڕووخـاون یـا هـەژاون. تەنانـەت بینـراوە، كـە دیكتاتۆرەكـانی زۆر بـەهێز، بـە ڕواڵـەت لـەبن نـەهاتوو و خـاوەنـی زۆرتـرین هێـزی پاراسـتن، لـە هەمبـەر بـەرخوەدانی ئاشتیخوازانەی هاوئاهـەنگی سیاسـی، ئـابووری و كۆمەڵایـەتیی خـەڵك، تەسلیم بووینە.

لە دەیـەی ١٩٨٠، كۆمـەڵێك دیكتـاتۆری لـە ئیسـتۆنی، لاتڤییـاو لیتوانی، پۆڵەنـدا، ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، چوكوسلۆڤاكیاو ئیسلوونی، ماداگاسكار، مـالی، بۆلیڤی و

فیلیپین، له هەمبەر بزاڤه جەماوەرییەکانی دوور له توندوتیژی، تەسلیم بووینە. خـەباتی دوور لـە تونـدوتیژی لـە نێپـال، زامبیـا، کۆریـای باشـوور، شـیلی، ئەرژەنتین، هائیتی، بەڕازیل، ئۆرۆگوئێ، تایلەند، بولگاریا، مەجارستان، زەئیر، نێیجیریا و بەشێکی زۆر لەو وڵاتانانەی کە تازە بە سـەربەخۆیی گەییشتوون، لە سۆڤیەتی پێشوو(بەتایبەت لە پووچەڵکردنەوەی کوودەتای ئابی ١٩٩١)ش، هاوکاریی بەرەوپێشەوەچوونی بزاڤە دیموکراسیخوازەکانیان کردووه.

لەگەڵ ئەمانە، لەم ساڵانەی دوواییی، خەباتی سیاسی خەڵك لە چین، بێرمە و تەبـەتیش، کەوتووەتـە کـار، هەرچەنـدە کـە ئـەم بگروبکێشـانە، سـەرکەوتنی کۆتاییـان بەدەسـت نـەهێناوە و نەبوونەتـە هـۆی رووخـانی دیکتاتۆرەکـانی دەسـەڵاتدار یـا داگیرکـەران، بـەڵام سـیمای بێڕەحمـی ئـەو رژێمـە سەرکوتکارانەیان بۆ کۆمەڵگای جیهانی، خستووەتەڕوو و لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ خەڵکیش ئەزموونێکی بایەخدار لە خەباتی دوورلە توندوتیژیی بەجێ هێشتووە. چ پێنـەڤێت، کـە رووخـانی دیکتـاتۆری لـە وڵاتـانی باسـکراو، نەبووەتـە هـۆی سـڕینەوەی هـەموو کێشـەکانی تـری ئـەو کۆمەڵگایانـە. هـەژاری، جینایـەت، ناشـیاوی و بـڕ ۆکراسـی و تێکدانی ژینگـە، میراتـی رژێمـە سـەرکوتکەرەکانی دڕەندەیـە. بـەڵام بەهـەرحاڵ، رووخـانی ئـەم حکوومەتانـە، بـۆ چارەسـەرکردنی کێشەکانی خەڵکێك کە تا ئەوڕۆ لەژێر سـەرکوت دابوون، کۆمەڵگایەکی خـاوەن ئاسـتێکی دیموکراسـیی بـەرزتر و ئازادییـەکانی تـاکیی زیـاتر و عەدالـەتی کۆمەڵایەتیی بەرفراوانتر، دابین دەکات.

## کێشەیەکی هەمیشەیی

بەڕاستی لەم دەیەیانەی دووایی، رووکردنێکی بەرفراوان لە ئازادکردنی کۆمەڵگاکان و بەدەستهێنانی ئازادی لە جیهان، دروست بووە. بەپێی ئامارخانەی ئازادی[1]، کە هەرساڵە تۆژینەوەیەك لەسەر بنەمای بارودۆخی مافی سیاسی و ئازادییە مەدەنییەکان لە دەڤەرە جۆراوجۆرەکانی جیهان، ئەنجام دەدات و وڵاتەکانی لەسەر بنچینەی ئەم پێوەرانە دەستەبەندی کردووە و ئەو وڵاتانەی کە دەکەونە دەستەی ئازاد، بەشێوەیەکی هەردەمی لە زیادبوون دان.

| بارودۆخ / ساڵ | ئازاد | نیوە ئازاد | نا ئازاد |
|---|---|---|---|
| ١٩٨٣ | ٥٥ | ٧٦ | ٦٤ |
| ١٩٩٣ | ٧٥ | ٧٣ | ٣٨ |

خشتەی(١-١)- دابەشینی وڵاتەکان لەسەر بنەمای ساڵ و بارودۆخی سیاسی.

---
[1] - Freedom House

بەڵام ئەم رەوتە دڵخۆشکەرە، بە لێکۆڵینەوە لە حەشامەتێك لە جیهان، کە لە بارودۆخی سەرکوتکەرانە دەژین، بارودۆخێکی واقعبینانەتر بەخۆیەوە دەگرێت. لە کانوونی دووەمی ١٩٩٣، ٣١% لە حەشامەتی ٥,٤٥ ملیارد کەسیی جیهان، لە ژێر سێبەری زەبروزەنگی ئەو حکوومەتانە دەژیان کە لەم خشتەیە، خراونەتە دەستەی نائازاد. واتە ئەو ناوچانەی کە سنووردانانی توندی سیاسی، تێیاندا بەدی دەکرێت و ئازادییە مەدەنییەکان پێشێل دەکرێن. ئەو ٣٨ وڵات و ١٢ دەڤەرەی کە لەژێر سەردێڕی(نائازاد) دەستەبەندی کراون، ئەو ناوچانە دەگرنەوە، کە لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکانی سەربازی(وەکوو بێرمە و سوودان)، پاشایەتیی کلاسیکیی سەرکوتکار(وەکوو عەرەبستانی سعوودی و بووتان)، پارتییە فرە دەسەڵاتەکانی سیاسی(وەکوو چین، عێراق[١] و کۆریای باکوور)، داگیرکەرانی بێگانە(وەکوو تەبەت و تیمۆری رۆژهەڵات)و حکوومەتەکانی کاتی دان.

ئەورۆ، زۆرێك لە وڵاتان لە گۆڕانی خێرای ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیدان. لەگەڵ ئەوەی کە ژمارەی وڵاتانی ئازاد، لە دەیەکانی ئەم دواییە، بەرز بوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام ئەو ترسە هەمیشە هەیە، کە لە ئەنجامی ئەم

[١] - مەبەست دەسەڵاتی حزبی بەعسە، لە سەردەمی رژێمی رووخاوی صەددام. هەروەکوو باسی تیمۆری رۆژهەڵاتیش کراوە. چونکە ئەم پەرتووکە لە ساڵی ١٩٩٣ نووسراوە و رووداوەکانی دوواتری تێدا باس نەکراوە. (وەرگێڕ).

گۆڕانکارییە خێرا و بنچینەییانە، هەندێك دەڤەر ڕێگەی پێچەوانە بگرنەبەر و جۆرەکانی نوێی دیکتاتۆری تاقی بکەنەوە. گرووپە سەربازییەکان، کەسانی خۆپەرست، خاوەن پلەکانی هەڵبژێردراو و گرووپە سیاسییەکانی خاوەن ئایدیۆلۆژیای تایبەت، هەردەم هەوڵدەدەن تاکو بیروباوەڕ و داخوازییەکانی خۆیان، بەسەر خەڵکیتردا بسەپێنن. کوودەتا هەمیشە ڕوویداوە و لە داهاتووش ڕوو دەدات. بۆ زۆربەی خەڵکی جیهان، هێشتا مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ و مافی بەشداریی سیاسی، پێخوست دەکرێت و لە داهاتووش، ئەم پێخوستە بەردەوام دەبێت.

بەداخەوە، ڕابردوو هێشتا لەگەڵ ئێمەیە. کێشەی دیکتاتۆری، قووڵ و ریشەدارە. خەڵك لە زۆربەی وڵاتان، بۆ ماوەی چەندین دەیەی بەدووای یەکدا و تەنانەت بۆ چەندین سەدە، لە دەسەڵاتداریەتیی حکوومەتە بێدادەکان (ناوخۆیی و بێگانە) ڕەنجیان چێشتووە. هەمیشە هەوڵ دراوە، تاکو پێڕەویکردنی بێ ئەملاوئیملا لە سەرچاوەکانی هێزو ڕێبەرانی ئەم حکوومەتانە، لە ناخی ئینسانەکان بچێندرێت. لە حاڵەتی توندتر، دامەزراوەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و تەنانەت ئایینی، کە بەدەر لە سنووری دەسەڵاتی دەوڵەت بوونە، بە ئەنقەست لاواز کراون، ڕاکێشراونەتە ژێر دەسەڵات و تەنانەت لەگەڵ ئەو دامەزراوانەی کە لەلایەن دەوڵەت یا ڕێبەرایەتی، ئەرکی بەدیهێنانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییان خراوەتە ئەستۆ،

جێگۆڕکێیـان پـێ کراوە. خـەڵك لـەم حکوومەتانـەدا ئـەتۆمیزە[١] کـراون (بوونەتـە کۆمەڵێك تاکی جودا لە یەکتری، کە توانای یارمەتیدانی یـەکتریان بۆ گەییشـتن بە ئامانجێکی هاوبەش نییە)و نـەیانتوانیوە بـڕوا بـە یـەکتری بهێنن یا تەنانـەت بە داهێنانی خۆیان، هەنگاوێك هەڵێنن.

ئەنجامەکە شیاوی پێشبینییە: خەڵك لاواز دەبن و بڕوایان بـەخۆیان نامێنێت و هێـزی بـەرخوەدانیان لـەناو دەچێـت. خـەڵك ئەوەنـدە دەترسـن، کـە نـاتوانن نیفرەتـی خۆیـان لـە دیکتـاتۆری و تینیوویـەتی خۆیـان بـۆ ئـازادی، تەنانـەت بـۆ خزمەکانیان یا برادەرەکانیـان دەرببـڕن. خـەڵك دەتـۆقن لـەوەی، کە بـە کـردەوە بیـر لـە بـەرخوەدانی گشـتی بکەنـەوەو دەڵێن( باشـە بـەرخوەدان چ سـوودێکی هەیە؟)، ئەو خەڵکە وا بەباشتر دەزانن، کە لە جیاتی پرسینی ئەم پرسیارە، بە رەنجێکی بێئامانج و داهاتووەکی بێئومێد، درێژە بە ژیان بدەن.

لـەو سـەردەمە، بـارودۆخی ژیـان لـە حکوومەتـە سـەرکوتکارەکان، تەنانـەت لـە رابردووش خراپتر بووە. لە رابردوو هەندێك خـەڵك، کۆمەڵـە بـەرخوەدانێکیان پێشـان دەدا و جاربـەجار، هەنـدێك بـزاف و سـەرهەڵدانی جـەماوەری و خۆپێشاندان لە هەمبەر سەرکوت ئەنجام دەدرا. دەتگوت بە شـێوەیەکی کاتی، رۆحێکی تازە چووەتە جەستەی خەڵکەوە. هەندێ کاتیتر، خـەڵکانی سـەربەخۆ یـا گرووپـی بچـووك، بـۆ پاراسـتنی بیروبـاوەڕی خۆیـان یـا بڵاوکردنـەوەی و

---

[١] - Atomized

هەنـدێجاریش تـەنیا بـە مەبەسـتی نمایشـکردنی بـوونی بـەرخوەدان، کۆمەڵـە ئاکارێکی سـەربزێوانەی بوێرانـە بـەڵام بێسـوودیان ئـەنجام دەدا. ئـەم ئاکارانـە هەرچەند رەسـەن و شکۆمەند بوون، بەڵام بۆ سـەرکەوتن بەسـەر ترسـی خـەڵك و زاڵبوون بەسەر نەریتی پێڕەوی کردنیان لە دەسـەڵات(دوو فاکتـەری پێویست بـۆ خـەبات لـە دژی دیکتـاتۆری)کاریگەرییـەکی ئـەوتۆی نـەبوو. ئـەم بزاڤانـە، نەکتەنیا نەدەگەییشتنە سەرکەوتن یا دروستکردنی هیوا لە دڵی خـەڵك، بـەڵکوو بەداخـەوە هەنـدێجار، تەنانـەت گوشـار، کوشـتارو رەنجـی مرۆڤـەکانی، زیـاتر دەکرد.

## ئازادی لە رێگەی توندوتیژی

ئێسـتا پرسـیار ئەوەیـە، کـە لـەم بارودۆخـە دەبێـت چـی بکرێـت؟ ئـەو رێگـە چارەیانـەی کـە لـە یەکـەم هـەنگاو بـە هـزردا دێـن، ناکارامـەن. دەسـتوور، یاسـاکانی دادوەری و رای گشـتی، زۆربـەیجاران بـە ئاسـانی لـە لایـەن دیکتاتۆرەکان، پشتگوێ دەخرێن.

بەشێوەیەکی تەواو لۆژیکیانە، بە بینینی بێڕەحمی، ئەشکەنجە، بێسەروشوێن و کوشـتنەکان، ئـەنجامگیری دەکرێت، کـە تـەنیا توندوتیژی دەتوانێت کۆتـایی بـە دیکتاتۆرییـەکان بێنێـت. قوربانییـەکانی تـوورەی توندوتیژییـەکان و

دەوروبەرەکانیان، هەندێجار سەرەڕای بینینی نەبوونی هاوسەنگیی هێز، هەوڵدەدەن بە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی هێزەکانی دژی دەوڵەت و خەملاندنیان بە هەموو ئەو ئیمکانییاتەی لەبەر دەستیاندایە، لە دژی دیکتاتۆری ڕاپەڕن. ئەو خەڵکە، بە بوێری خەبات دەکەن و تێچووی ماددی و گیانی زۆر، لە پێناو خەباتەکەیان دەدەن. گەورەیی ئەم خەڵکە شیاوی پێداهەڵگوتنە، بەڵام کردەوەکانیان، دەتوانین بڵێین هەرگیز ئازادی ناهێنێتەدی. ئەو سەرهەڵدانە توندوتیژانە، تەنیا پەلاپیتکەی سەرکوتکردنی خەڵك لەلایەن دیکتاتۆر، دادەگرێت و جەماوەر، لە بارودۆخێکی بێبەرگریی زیاتر لە ڕابردوو، دەهێڵێتەوە.

بە هەر شێوەیەك کە سەیری خەباتی توندوتیژانە بکەین، خاڵێك هەمیشە دێتە بەرچاو. لە حاڵەتی هەڵبژاردنی توندوتیژی وەکوو ڕێگەی خەبات، پێمان خستووەتە ناو گۆڕەپانێك، کە دیکتاتۆرەکان تێیدا زاڵن. دیکتاتۆرەکان، هەمیشە خۆیان بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی بە ڕادەیەکی بێوێنە، ئامادە کردووە. دیموکراتەکان چەندە خۆیان ڕابگرن، لە کۆتاییدا ناچار دەبن، لە هەمبەر ڕاستییەکانی زبری سەربازی، سەر دانەوێنن. دیکتاتۆرەکان، دەتوانین بڵێین هەمیشە، لە کەلوپەلی سەربازی، تەقەمەنی، گواستنەوە و ڕێژەی هێزەکانی سوپا، دەستی باڵایان هەیە و ئازادیخوازەکان هەرگیز، تەنانەت لەگەڵ هەبوونی ئیمان و ئیرادەی پتەویش، شانسێکی ئەوتۆیان بۆ سەرکەوتن لە بەردەمدا نابێت.

کاتێك کە سـەرهەڵدانەکانی ئازادیخوازانـەی سیستـەمی کلاسیك، ناواقعبینانـە بێنـە بـەرچاو، هەندێك لـە بەرهەڵستکاران، جـەخت لەسـەر خـەباتی چەکدارانـە دەکەنەوە. بەهـەرحاڵ شـەڕی چریکـی، دەتوانیین بڵێین، هـەرگیز سـوودێکی بۆ خـەڵکی بندەسـت نـەبووە و ڕێکـاری دیموکراسـی نـەبووە. خـەباتی چریکـی، ڕێگەچارەیـەکی بـاش نییـە. بـە تاییـەت لەبـەر ئـەوەی کـە زۆربـەیجاران، دەبێتـە هۆی زیانی زۆر بۆ خەڵکی خۆیی. تەنانەت ئەوکاتەی کـە بیـردۆز و سـتراتێژیی ورد، سـەبارەت بـە ئامـانج و ئاواتـەکانی بزاڤـی چریکی هەیە، یا تەنانـەت ئـەو بزاڤە لە دەرەوە پشتیوانی دەکرێت، دەستەبەرییەك بۆ پێشگیری لە لاڕێبوون و هەڵـە، تێیـدا نییـە. شـەڕەکانی چریکـی وەکـوو بـاوە، زۆر درێـژە دەکێشـێت و زۆربەیجاران، خەڵکی سیڤیل، بە کێشانی ڕەنجی مرۆڤی و کۆمەڵایەتی زۆر، لە لایەن دەوڵەتەوە ناچار دەکرێن، شوێنەکەیان بگۆڕن.

ئەگەر بزاڤە چریکییەکان سەرکەوتنیش بەدەست بێنن، ڕژێمـی نوێ، لـە پێنـاوی ڕەفتـاری هاوشـێوە لەگـەڵ پاشـماوەکانی ڕژێمـی پێشـوو، سـەرکوتکارتر لـەوان، دەردەکەوێت. ئەگەر لە کۆتاییش، سەرکەوتن بۆ چریکـەکان بێت، ڕژێمـی نـوێ، بـەهۆی ناوەندییـەتی زۆر بـەرفراوانی هێـزە سـەربازییەکان و لاوازی یـا لـەناو چـوونی گرووپـە سـەربەخۆیەکانی کۆمەڵایـەتی و دامـەزراوەکانیان لـە مـاوەی خـەبات (کـە ئەنـدامی ڕۆحبەخشـی کۆمەڵگایـەکی ئـازادن) دیکتاتۆرانـەتر لـە حکوومـەتی پێشـوو، دەردەکـەون. دژبـەرەکـانی دیکتـاتۆری، پێویسـتە بـەدووای ڕێگەچارەیەکی تردا بگەڕێن.

## کوودەتا، هەڵبژاردن، رزگارکەرانی دەرەوە؟

کوودەتای سەربازی لە دژی حکوومەتی سەرکوتکارو تاکفەرمان[1]، رەنگە لە رواڵەتدا ساکارترین و خێراترین شێوازی رووخاندنی رژێمێکی قێزەون بێت. بەڵام لە کردەوەدا، کێشەی زۆر لە جێبەجێکردنی ئەم شێوازە، هەیە. لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە، کە کوودەتای سەربازی، هیچ گۆڕانێک لە دابەشکردنی نارێکی دەسەڵات، لە نێوان خەڵك و ئۆلیتی[2] دەسەڵاتدارو هێزەکانی سەربازی دروست ناکات. دوورکردنەوەی تاك یا گرووپی تایبەت، لە دەرفەتە دەوڵەتییەکان، تەنیا جیگەی بەتاڵ بۆ تاك و گرووپە دەرفەتخوازەکان دابین دەکات. لە تیۆریدا، ئەو تاك و گرووپە نوێیانە، رەنگە ئاسانکارییەکی زۆرتریان لە تاك و گرووپەکانی پێشوو هەبێت و دەرفەتی زیاتر بۆ

[1] - مەبەست لە (تاکفەرمان) (استبداد)ە.(وەرگێڕ).

[2] - ئۆلیت یا نوخبەکان لە کۆمەڵناسی و سیاسەت، بە کۆمەڵێك لە تاکەکان یا کۆمەڵەکان دەوترێت، کە لە هەر کۆمەڵگایەك، ئاستەکانی سەرەوەیان لە دەستدایەو ئەو شوێن و ئاستانە، زۆربەیجاران لە نێوان خۆیان، دەستبەدەست و ئاڵوگۆڕ دەکرێت.

بەرفراوانکردنی ئازادی، بخەنە بەردەستی خەڵك. بەڵام بەداخەوە، ئەگەری پێچەوانەی ئەم بابەتە، زیاتر پێشبینی دەکرێت.
گرووپە تازەکان، دووای پتەوکردنی دەسەڵاتی خۆیان، رەنگە لە هاوتایانی کۆنی خۆیان، زاڵمتر و خۆخوازتر بن. لە ئەنجامدا، گرووپی نوێ(کە خەڵك ئومێدی زیاتریان بە ئەوان هەبوو)، دووای جێگیربوون، دەتوانن بەبێ سەرئێشەی مافی مرۆڤ یا دیموکراسی، هەرچۆن کە دەیانەوێت، بکەونە کار. (کەواتە)، کوودەتا وڵامێکی شیاو بۆ گرفتی دیکتاتۆری نییە.
دەنگدانەکانیش لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتە تاکفەرمانەکان، ئامێرێکی شیاو بۆ بەدیهاتنی گۆڕانی بنەڕەتی لە پێکهاتەی سیاسی نین. هەندێ لە حکوومەتە دیکتاتۆرەکان، هەندێکجار، بۆ پاراستنی رواڵەتی دیموکراتیکبوونی خۆیان، هەندێك هەڵبژاردن ئەنجام دەدەن(وەکوو دەنگدان لە وڵاتانی بلۆکی رۆژهەڵاتی پێشوو)، بەڵام ئەم دەنگدانانە، لەڕاستیدا کۆمەڵێك راپرسیی داخراون، کە تەنیا بە مەبەستی ئەرێکردنی خەڵك و هەڵبژاردنی یەکێك لە پاڵێوراوانی گوڵچین کراوی دیکتاتۆر، ئەنجام دەدرێن. ئەگەر چەند پاڵێوراوێکی دژ، روخسەتی بەشداری لە هەڵبژاردن وەرگرن و تەنانەت دەریش بچن(هەروا کە لە ساڵی ١٩٩٠ لە بێرمە و لە ساڵی ١٩٩٣ لە نیجیریا روویدا)، ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، زۆر بە ئاسانی لەلایەن دیکتاتۆر رەت دەکرێتەوە. هەندێجاریش، پاڵێوراوی (سەرکەوتوو)، دەترسێندرێت و دەگیرێت و تەنانەت ئێعدامیش

دەکرێت. دیکتاتۆر، هیچکات بە ئاسانی ڕێگە بەو هەڵبژاردنە نادات، کە ئەو لەسەر کورسییەکەی فڕێ بداتە خوارەوە.

هەندێجاریش، ئەو کەسانەی کە ئازاریان لە دەستی حکومەتە دیکتاتۆرەکان چێشتووە، یا ئەو کەسانەی کە بۆ قوتاربوون لە چنگی دیکتاتۆر، بە ناچاری لە دەرەوەی وڵات دەژین، بڕوا ناکەن کە خەڵکی ژێر حوکمی سەرکوت، بتوانن خۆیان ئازاد بکەن، ئەو کەسانە چاو دەبڕنە هێزەکانی دەرەکی و پێیانوایە، کە تەنیا هاوکاریی نێونەتەوەیی دەتوانێت، دیکتاتۆر لە دەسەڵات لا بدات.

ئەم ڕوانگەیە، کە خەڵکی ژێر دەسەڵاتی سەرکوت، ناتوانن کردارێکی کاریگەر ئەنجام بدەن، لە قۆناغێکی کاتیی تایبەت، سەر هەڵدەدات. هەروا کە باسکرا، لەو قۆناغە، خەڵکی ژێر دەسەڵاتی زۆرداری، نائۆمێد دەبن و بەشێوەیەکی کاتی، توانای خەبات لە دەست دەدەن، چونکە بڕوابەخۆبوونی پێویست بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ دیکتاتۆری، لە لایان نامێنێت و هیچ ڕێگەیەك بۆ قوتاربوونی خۆیان شك نابەن. لە بارودۆخێکی وادا، سروشتییە کە هەندێ کەس، هیوای ڕزگاربوون لە خەڵکیتردا دەبینن و چاوەڕوانی دەستتێوەردانی هێزەکانی دەرەکی دەمێننەوە. ئەو هێزە ڕزگارکارە دەرەکییە، دەتوانێت بەرەنجامی ڕێککەوتنی وڵاتانیتر، ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، وڵاتێکی تایبەت، یا پەسەندکردنی کۆمەڵە یاسایێکی نێونەتەوەیی ئابووری و سیاسی، لە دژی دیکتاتۆری هەیی، لە وڵات بێت.

ئەم سناریۆیە، بە رواڵەت دەچێتە دڵەوە، بەڵام کۆمەڵە بەربەستێکی گەورە، لەسەر رێگەی بڕوا و پشتبەستن بە رزگاربەخشانی دەرەکی هەیە. ئەم بڕوا پێهێنان و هەمەتە[١]، رەنگە لە بنەڕەتدا بێمانا بێت، چونکە زۆربەیجاران، هیچ رزگاربەخشێکی دەرەکی(کە بە کردەوە بێتە مەیدان)نییە و ئەگەر دەوڵەتێکی بێگانە، بۆ گۆڕینی بارودۆخ، خۆی تێکەڵ بکات، نابێت بڕوای پێ بکرێت.

لێرە پێویستە، هێما بخەمە سەر چەند راستییەکی تاڵ، کە لە پشت پەردەی چاوەڕوانی بۆ دەستێوەردانی وڵاتانی بێگانە، بەرچاو دەکەون:

- وڵاتانیتر، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووری و سیاسیی خۆیان، لەگەڵ دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان، دەقەتێنن و تەنانەت پشتیوانیشیان لێ دەکەن.
- وڵاتانی بێگانە، رەنگە وایان پێ باشتر بێت، کە لە جیاتی راگرتنی ئەو کۆچبەرانەی بۆ ئازادیی وڵاتەکەیان هەوڵ دەدەن، لە هەمبەر ئامانجەکانی تریان، بازرگانی بە خەڵکی ژێرستەم بکەن.
- هەندێك لە دەوڵەتەکانی بێگانە، تەنیا بۆ بەدەستهێنانی کۆنترۆلی ئابووری، سیاسی و سەربازی بەسەر وڵاتانی تردا، لە دژی دیکتاتۆرەکانیان، هەندێ جموجۆڵ پێشان دەدەن.

[١] - اعتماد = هەمەت.(وەرگێڕ).

- هێزەکانی بێگانە، تەنیا لە حاڵەتێك بەشێوەیەکی کارا، بۆ رزگارکردنی وڵاتێك خەبات دەکەن، کە پێشتر بەرخوەدانە ناوخۆییەکان، کەوتبنە لەرزاندنی پایەکانی دیکتاتۆری و لەم رێگەیەوە، ستەمکارییەکانی رژێمەکەیان، بە خەڵکی جیهان پێشان دابێت.

دیکتاتۆرەکان، سەرەتا بەهۆی شێوازی دابەشکردنی دەسەڵاتی ناوخۆیی، درێژە بە دەسەڵاتیان دەدەن. لەم حاڵەتە، جڤاك و کۆمەڵانی خەڵك، بۆ دروستکردنی گرفت بۆ دیکتاتۆر، لەڕادەبەدەر بێهێزن و سەرمایە و دەسەڵات لە دەستی کۆمەڵێکی دیارکراو کەڵەکە بووە. سەرەڕای ئەوەی کە دیکتاتۆر رەنگە بکەوێتە بەر کاریگەریی شێوازی کاری هێزەکانی نێونەتەوەیی و لاواز ببێت، درێژەکێشانی دەسەڵاتیان لە ئەنجامدا، پەیوەستە بە فاکتەرەکانی ناوخۆیی.

لە حاڵەتی بوونی بزاڤی بەرهەڵستکاری ناوخۆیی، پشتیوانیی جیهانی لێیان، دەتوانێت سوودمەند بێت. بۆ وێنە، گەمارۆی ئابووریی نێونەتەوەیی، قەدەغەکارییەکان، پچڕاندنی پێوەندییە دیپلۆماتییەکان، دەرکردن لە رێکخراوە نێونەتەوەییەکان، مەحکوومبوون لەلایەن بەشە جۆراوجۆرەکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و شتی تری لەم بابەتە، دەتوانێت یارمەتییەکی گەورە بێت بۆ ئەم بزاڤانە. بەهەرحاڵ، بە نەبوونی بزاڤێکی بەرخوەدانی بەهێزی ناوخۆیی، ئەگەری سەرهەڵدانی بابەتە باسکراوەکانی سەرەوە کەمە و لە حاڵەتی جێبەجێ کردنیش، کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت.

## ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕاستی

بۆ بەچۆکداهێنانی دیکتاتۆر بە کەمترین تێچوون، چوار هەنگاوی سەرەکی دەبێت بهاوێژرێت:

١- پێویستە ڤین، بڕوا بەخۆبوون و باشزانینیەکانی پێوەندیدار بە بەرخوەدان، لەناو خەڵکی ژێرستەم، بەهێزتر بکرێت.

٢- پێویستە گرووپە کۆمەڵایەتییە سەربەخۆیەکان و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە خەڵکی بندەست، پێك بهێنرێن و بەهێزتر بکرێن.

٣- پێویستە هێزی ناوخۆیی بەهێز، ڕێك بخرێت و

٤- پێویستە پلانی ستراتێژیکی زانایانە، بۆ بەدەستهێنانی ئازادی، دابڕێژرێت و شارەزایانە جێبەجێ بکرێت.

خەبات بۆ بەدەستهێنانی ئازادی، هەنگامەی پشتبەستن بەخودی گرووپە تێهەڵپرژاوەکان و بەهێزتر کردنی هێزە هەبییەکانە، لە خەباتە ناوخۆییەکان. هەروا کە چارڵز ستوارت پارنێل[1] لە ١٨٧٩ لە کۆبوونەوەی ئیرلەندییەکانی مانگر لە دژی کرێیەکانی بریتانیا، وتوویەتی:

[1] - ڕێبەری خەباتی خەڵکی ئیرلەند لە دژی بریتانیا. لە تایبەتمەندییە بەرجەستەکانی کاری ناوبراو، داکۆکی لەسەر خەباتی پەڕلەمانی لە جیاتی دەستبردن بۆ توندوتیژی بوو.

((پشتبەستن بە دەوڵەت هیچ سوودێكی نییە... پێویستە تەنیا پشت بە توانای خۆتان ببەستن... بە وەستان لە كێلەكی یەكتری، یارمەتی خۆتان بدەن... ئەوانەی كە لاوازن، بەهێزیان كەن...، پێوەندی لەنێوانتان بەرقەرار بكەن، خۆتان رێك بێخن...و سەردەكەون.

ئەوكاتەی داواكاریی خۆتان بۆ سەپاندن ئامادەكرد، ئەوكات و نەك بەر لەو كاتە، دەسەپێندرێت.))

بە لەبەردەستبوونی هێزێكی خاوەندەسەڵات و پشتبەستوو بە خۆی و لە حاڵەتی هەڵبژاردنی ستراتیژییەكی هۆشمەندانە، كرداری بوێرانەی دیسپلیندارو سوودوەرگرتن لە هێزی رەسەن، هەر دیكتاتۆرییەك سەرەنجام دەڕووخێت، بەڵام لە سەرەتادا، پێویستە هەرچوار هەنگاوی سەرەكیی سەرەوە، هەڵێندرێن.

هەروا كە لەم باسەدا بینیتان، قوتاربوون لە قەیدی دیكتاتۆرەكان، لەڕاستیدا پەیوەستە بە كرداری ئەو جەماوەرەی كە دەیانەوێت ئازاد بژین. ئەو نموونانەی كە لە خەباتی سیاسی یا خەباتی دوور لە توندوتیژی باسیان كرا، پێشانیاندا كە ئەمجۆرە بەرخوەدانانە، رێكاری باشی گەییشتن بە ئازادین، بەڵام ئەم بژارە، هێشتا بەباشی بەرفراوان نەبووە.

لە فەسڵەكانی دوواتر، هەوڵدەدەین بە ناساندن و شیكردنەوەی وردی خەباتی دوور لە توندوتیژی، رێگایەكی كاریگەر بۆ بەربەرەكانێ لەگەڵ دیكتاتۆرەكان،

بخەینەڕوو. هەڵبەت سەرەتا پێویستە، چاوێك بە باسی وتووێژ، وەکوو ڕێگەیەك بۆ بەرەو پاشەوە گەڕاندنەوەی دیکتاتۆرەکان، بخشێنین.

# فەسڵی دووەم

## مەترسییەکانی وتووێژ

هـەروەکو لـە فەسـڵی یەکـەم باسـمان کـرد، لـە رووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ ئـەو گیروگرفتانەی، کە لە ململانێ لەگەڵ دیکتاتۆرییەت دێنە پێش، خەڵکانێك رەنگە بەرەو بارودۆخی پەرچەکردارانە پاشەکشێ بکەن. خـەڵکانیتر بـە نائومێدبوون لە گەییشتن بە دیموکراسی، رەنگە زاڵبوون و مانەوەی دیکتاتۆری بسـەلمێنن و

هیوادار بن، بەڵکوو لە ڕێگەی وتوویژ و پێکهاتن و ڕێککەوتن، بتوانن هەندێ خاڵی ئەرین مسۆگەر بکەن و کۆتایی بە کردارە دڕندانەکان بێنن. وەکوو دیارە، نەبوونی بژاری نزیك لە واقع، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بیرو هزی لەم چەشنە.

خەباتی جددی لە دژی دیکتاتۆرییەکانی بێڕەحم، دیمەنێکی دڵپەسەندی لێ ناکەوێتەوە. کەواتە بۆ دەبێت پێ بنێینە ئەم ڕێگەیەوە؟ ئایا هەر تاکێك ناتوانێت لۆژیکیانە بیر بکاتەوە و کۆمەڵە ڕێگایەکی وا بۆ وتوویژ بدۆزێتەوە تا لە ڕێگەی وتوویژ، بەرەبەرە، کۆتایی بە دیکتاتۆری بێنێت؟ ئایا دیموکراتەکان ناتوانن بە قۆزتنەوەی هەستی مرۆڤانەی دیکتاتۆر، ناوبراو بگەیێننە ئەو ئەنجامە، کە بەرەبەرە لە دەسەڵاتەکانی کەم بکاتەوە و بەمشێوەیە، لە کۆتاییدا، حکوومەتێکی دیموکراتیك ئاوا بکەن؟

هەندێجار وا بەڵگە دەهێندرێتەوە، کە حەقیقەت، بە تەواوی، لە لایەك نییە. ڕەنگە ئەو دیکتاتۆرانەی کە لە بارودۆخی دژوار، بەباشی کارەکانیان ئەنجام داوە، دیموکراتەکان بەباشی لێیان حاڵی نەبووبن، یا تەنانەت هەندێك پێیانوایە، کە دیکتاتۆرەکان ڕەنگە لە ڕێگەی هاندان و گوتنەوە، دڵخوازانە خۆیان لەو بارودۆخە دژوارەی کە باڵی بەسەر کۆمەڵگادا کێشاوە، لا ببەن. ڕەنگە وا بەڵگە بهێندرێتەوە، کە دەکرێت ڕێگە چارەی(بردنەوە لە هەمبەر بردنەوە) بۆ دیکتاتۆرەکان پێشنیار بکرێت، کە تێیدا هەردوولا سوودمەند دەبن. قسە لەوە دەکرێت، کە لە حاڵەتێك کە هێزەکانی دیموکرات، بەشێوەی ئاشتیانە، کۆتایی

بە کێشەکان بێنن(کە ئەمکارە دەکرێت بە هاوکاریی کەسانی شارەزاو تەنانەت دەوڵەتێکی بێگانە ئەنجام بدرێت)، ئیتر پێویست بە تەحەممولکردنی مەترسی و ئازارەکانی خەباتی داهاتوو نابێت. ئایا ئەم رێگە چارەیە، لە خەباتێکی دژوار(تەنانەت شەڕێکی چەکدارانە نە، بەلکوو خەباتێکی دوور لە توندوتیژیش) باشتر نییە؟

## تواناو سنوورەکانی وتووێژ

وتووێژ کەرەستەیەکی زۆر بەسوود، بۆ چارەسەرکردنی گرووپێکی تایبەت لە کێشەکانن و ئەو کاتەی کە کاریگەرییان هەبێت، بە هیچ شێوەیەك نابێت فەرامۆش یا رەت بکرێنەوە. لە هەندێك بارودۆخ داو ئەوکاتانەی کە باس لەسەر بابەتە بنچینەییەکان نییە و (بۆیەش ئاشتی شیاوی قبووڵ کردنە)، وتووێژ یەکێکە لە باشترین رێگەکانی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان. مانگرتنی کرێکاری، بە مەبەستی زیادکردنی مووچە، میناکێکی باش لە بەکارهێنانی گونجاوی وتووێژ لە گیروگرفتەکانە. ئەنجامی رێککەوتنی کۆتایی، دەتوانین بڵێین شتێکە لە نێوان روانگەی هەردوولا. بەڵام بگروبکێشی کرێکاری، کە لە رێگەی یەکێتییە یاساییەکان ئەنجام دەدرێت، بە تەواوی لەگەڵ کێشەیەك کە

تێیدا، باس لەسەر بوونی دیکتاتۆرێکی ستەمکار و دانانی سیستەمێکە، کە لەسەر بنەمای ئازادییە سیاسییەکان دادەمەزرێت، جیاوازە.

ئەوکاتەی کە باس لەسەر بابەتی بنچینەیی پێوەندیدار بە بنەماکانی ئایینی، ئازادیی مرۆڤ یا پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگایەك بێت، ئیتر وتووێژ رێگەچارەیەکی گونجاو بۆ گەییشتن بە ئەنجامێکی دڵخۆشکەرانە بۆ هەردوولا نییە. لەسەر هەندێ بابەت، ناکرێت رێککەوتن بکرێت. تەنیا گۆڕان لە پێوەندییەکانی دەسەڵات، بەسوودی ئازادیخوازان، دەتوانێت ئەوها کە شیاوە، کیانی بابەتە بنچینەییەکان بپارێزێت. ئەمەیان گۆڕانی ئەنجامی خەباتە، نەك وتووێژ. هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نییە، کە هیچکاتێك نابێت سوود لە وتووێژ وەربگیرێت، بەڵکوو خاڵە سەرەکییەکە ئەوەیە، کە بەبێ هەبوونی هێزێکی بەتوانای دیموکرات و دژ، وتووێژ رێگەیەکی واقعبینانە بۆ لادانی دیکتاتۆرەکانی پڕهێز نییە.

بە دڵنیایی زۆربەیجاران، وتووێژ هەر لە بنەڕەتدا، بژارێکی گونجاو نییە. ئەو دیکتاتۆرانەی کە بەتەواوی لە شوێنکەتی خۆیان، هەست بە دڵنیایی دەکەن، بە ئەگەری زۆر، پێشنیاری وتووێژ لە لایەن رکابەرە دیموکراتەکانی خۆیان رەت دەکەنەوە، یا دووای دەستپێك، رەنگە وتووێژکەرانی دیموکرات (بزر ببن و ئیتر هەرگیز کەس هەواڵێکیان لێ نەبیستێت.)

## تەسلیمبوون لە ڕێگەی وتوویژ؟

کەسـانی سـەربەخۆ، یـا گرووپـە دژەکـانی دیکتـاتۆر، کـە لایـەنگری وتـوویژن، زۆربـەیجاران هزرێکـی باشـیان هەیـە. بەتایبـەت لـە حاڵـەتێك کـە خـەباتی چەکداری بـۆ مـاوەی چەنـدین سـاڵ، لـە دژی دیکتـاتۆری بێـڕەحم بـەردەوام بووبێت، بەڵام نەیتوانیبێت، سەرکەوتن بەدەست بێنێت، دەکرێت لەوە حاڵی ببین کـە لـەم حاڵەتـەدا، زۆرینـەی خـەڵك بەهـەر بیروبـاوەڕ و هزرێکـی سیاسـی، لایـەنگری ئاشـتی بن. وتـوویژ، بەتایبـەت لـەو حاڵەتانـەی کـە دیکتاتۆرەکـان بـە بەرجەستەیی، لەڕووی سەربازییەوە زاڵن و زیان و وێرانییەکانی شەڕ، ئیتر لـە لایەن خەڵکەوە لە ئاستی توانادا نییە، دەبێتە بابەتێکی شیاوی باس، لـە نێوان گرووپە دیموکراتەکان. لەم حاڵەتـەدا، هـەر ڕێگەچارەیـەك کـە بتوانێت، هەندێك لە داواکارییەکانی دیموکراتەکان بێنێتە دی و بازنـەی توندوتیژی و توندوتیژیی بەرامبەر، تێك بشکێنێت، بە توندی مرۆڤ وەسوەسـە دەکات.

چ پێنـــەڤێت، کـــە پێشـــنیاری(ئاشـــتی)، لـــە لایـــەن دیکتـــاتۆری، بـــۆ هێـــزە خـەباتکارەکانی دیمـوکرات، پێشـنیارێکی ریاکارانەیـە، چونکـە ئەگـەر دیکتـاتۆر بیـەوێت، تـەنیا لـە یـەك ئانوسـاتدا دەتوانێت، لەشـەڕ لە دژی وڵاتەکەی دەست هـەڵگرێت و کۆتـایی بـە تونـدوتیژی بهێنێت. ئـەوان ئەگـەر بیانـەوێت، دەتـوانن هـەرخۆیان بـەبێ هـیچ دانوسـتانێك، بـۆ دانـەوەی ڕێـزو مـافی مـرۆڤ، ئـازادیی

گرتووە سیاسییەکان، کۆتایی ئەشکەنجە، راگرتنی ئۆپەراسیۆنی سەربازی، دەستهەڵگرتن لە حکوومەت و داوای لێبووردن لە خەڵك، بەرەو پێشەوە هەنگاو هەڵێنن.

ئەوکاتانەی کە دیکتاتۆرەکان دەسەڵاتی پێتڤیان هەیە، بەڵام بزاڤەکانی بەرخوەدانی تووڕەش لە گۆڕەپاندان، وا باوە کە دیکتاتۆرەکان، دەیانەوێت بە رێگەی وتوویژ لەگەڵ دژەکانیان، لەژێر دەمامکی بەرقەرارکردنی ئاشتی، خەباتکارەکان بانگێشتی تەسلیم و خۆبەدەستەوەدان بکەن. بانگێشت بۆ وتوویژ رەنگە کردارێکی بەردڵان بێت، بەڵام لە ژووری وتوویژ، رەنگە مەترسیی زۆر، هەڕەشە لە هێزەکانی دیموکرات بکات.

لە لایەکیتر، لە حاڵەتێك کە هێزەکانی دیموکرات بەڕاستی هێزدار و بە توانان و هێزەکانی دیکتاتۆر بەڕاستی کەوتوونەتە بەر مەترسی، دیکتاتۆرەکان رەنگە هەوڵ بدەن، بە دەستبردن بۆ وتوویژ، تا دەتوانن درێژە بە کۆنتڕۆلی خۆیان بەسەر وڵات بدەن و سەرمایەکان بپارێزن. ئاشکرایە کە لە هیچیەك لەم حاڵەتانە، دیموکراتەکان نابێت بە دانیشتن لە دەوری مێزی وتوویژ، ببنە هاوکاری دیکتاتۆر، بۆ درێژەدان بە ئامانجە دیکتاتۆرییەکانی.

ئازادیخوازەکان، پێویستە زۆر بە وردی، ئاگایان لەو تەپکانە بێت، کە لە لایەن دیکتاتۆر لە درێژەی رەوتی وتوویژەکان، بۆیان داندراون. ئەوکاتەی، بابەتە بنچینەییەکانی وەکوو ئازادییە سیاسییەکان، لە ئارادا بێت، بانگێشت بۆ

وتوویژ له لایەن دیکتاتۆر، رەنگه هەوڵێك بێت، بۆ تەسلیمبوونەوەی ئاشتیانەی هێزەکانی دیموکرات و درێژەکێشانی رەوتی توندوتیژییەکانی دەوڵەتی.
بانگێشت بۆ وتوویژ، بۆ کۆتاییهێنان به خەبات، تەنیا له حاڵەتێك دەبێت لەلایەن هێزەکانی ئازادیخواز قبووڵ بکرێت، که دەسەڵاتی دیکتاتۆر، بە تەواوی لەناو چووبێت و ناوبراو تەنیا داوای رێگەیەکی پارێزراو تا نزیکترین فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بکات.

## هێزو دادگەری له وتوویژدا

تەنانەت ئەگەر ئەم هەڵسەنگاندەم سەبارەت بە وتوویژ، تێگەییشتنێکی لەڕادەبەدەر زبر بێتە بەرچاو، پێویستە هەندێك له روانگەکانی رۆمانتیك بۆ وتوویژ، کەمێك هەموار بکرێنەوە. بۆ تێگەییشتن له رەوتی وتوویژ، پێویستیمان به مێشکێکی کراوەو دوور له (پێش بروانی[1]) هەیە.

---

[1] - مەبەست له (پێش بروانی)، بڕیاردانی پێشەکییە. واتە حوکم کردنی بەرلە رووداو. له زمانی کوردی پەیڤی(ناوبژیوانی)بۆ حەکەمییەتی عەرەبی داندراوە، که بەڕای من مانای خۆی ناگەیێنێت. ناوبژیوان تەنیا بۆ شەڕە و لە کردارێکی وەکوو پێشبڕکێ، ناوبژیوان هیچ مانایەك ناداتەوە. له جیاتی ئەم پەیڤە، من (بروان)له چاوگەی (بردن)یا(برن) پێشنیار دەکەم. که مانای ئەو کەسە یا لایەنە دەداتەوە، کە چاودێرە و لایەن یا کەسی براوە، دەستنیشان دەکات. ئەمەشیانم له چاوگی(برن)ی بادینی وەرگرتووە، چونکە کورت و ماناداره. هەر لە بادینی پەیڤی (بەڕەڤان)

وتـــووێژ بـــەمانای دانیشـــتنی دوو لایـــەنی کێشـــەیەك، لـــە دەوری مێزێـــك و قسـەکردنی بەرامبـەر، لەسـەر بابـەتێکی مشـتومڕاوی و چارەسـەرکردنی ئـەو بابەتانەی ناکۆکیی لەسەرە و بوونەتە هۆی مشتومڕ، نییە.

دوو خـاڵ هەمیشـە دەبێـت لـە یادمـان بێـت. یەکـەمیان ئەوەیـە، کـە لـە وتووێژەکاندا، دادگەریی ڕێژەیی(عەدالـەتی نسـبی)، ڕوانگە جۆراوجۆرەکـان و ئامانجەکان نین کە دەستنیشانکەری بابەتی وتووێژەکەن. وێڕای ئەمە، دەبێت سـەرنجی ئـەوە بـدرێت، کـە نـاوەڕۆکی ئـەو ڕێککەوتننامەیـەی کـە ئـەنجامی وتـووێژە، تـا ڕادەیـەکی یـەکجار زۆر، لەسـەر بنـەمای ڕادەی هێزی هـەردوولا، دەستنیشان دەکرێت.

بەرلە چوون بۆ سەر مێزی وتووێژ، پێویستە کۆمەڵە پرسیارێکی دژوار، بیریان لێ بکرێتەوە. ئەگەر هاتو لەسەر مێزی وتووێژ، لایەنی بەرامبەر نەیتوانی بگاتە ڕێککـەوتن، هەریـەك لـە هـەردوولا، لـە داهـاتوو چ ڕێگەیـەکیان بۆ گەییشـتن بـە ئامانجـەکانیان، لـە بەردەمـدا دەمێنێتـەوە؟ ئەگـەر ڕێککـەوتنێك هاتـە ئـاراوە، لـە حاڵەتێك کە لایەنێك پەیمانی خۆی پێشـێل کرد و بە پێچەوانـەی بەڵێننامـە، بۆ گەییشـتن بـە ئامانجـەکانی، سـوودی لـە هێزەکـانی خـۆی وەرگـرت، لایـەنی بەرامبەر چی دەتوانێت ئەنجام بدات؟

---

هەیـە، کـە بـە کەسـێك یـا لایـەنێك دەوترێت، کـە هـەوڵی لێك جیاکردنـەوەی دوو کـەس یـا لایـەنی خەریکی شەڕ دەداتەوە.(وەرگێڕ).

باسمان کرد، کە لە وتووێژەکاندا، ڕێککەوتن بەهۆی هەڵسەنگاندنی ڕاست یا ناڕاستبوونی بابەتەکان بەدەست نایێت. هەرچەندە ڕەنگە، زۆر لەسەر ئەم بابەتانە قسە بکرێت، بەڵام ئەنجامی کۆتایی، لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی رادەی هێزی رەها و رێژەیی لایەنەکان، بەدەست دێت. دیموکراتەکان، بۆ ئەوەی لە رەتنەکردنەوەی لایەنی کەمی داواکارییەکانیان دڵنیابن، چییان پێدەکرێت؟ دیکتاتۆرەکان بۆ دڵنیابوون لە پاراستنی کۆنترۆلی خۆیان بەسەر وڵاتدا و پووچەڵکردنەوەی هێزەکانی بەرهەڵستکار، پێویستە چی بکەن؟ بە واتایەکیتر، ئەگەر رێککەوتنێك بێتە ئاراوە، وا دێتە بەرچاو، کە زیاتر لە هەموو شتێك، بەرەنجامی مەزەندەی هەریەك لە هەردوولا، لە بەراوردکاریی رادەی بەکارهێنانی هێزی هەردوولایەنی وتووێژکار و پاشان لێکدانەوەی چۆنیەتی کۆتاییهاتنی ململانێ، بەشێوەیەکی کراوە دەبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە ئەم بابەتە لەبیر نەکرێت، کە هەریەك لە هەردوولا، بۆ گەییشتن بە ئامانجەکانیان، ئامادەی وازهێنان لە چ شتێکن؟ لە وتووێژەکانی سەرکەوتوو، رێککەوتن دەکرێت و ئەمەیان واتە دابەشینی ناکۆکییەکان. هەر لایەنێك، دەگاتە بەشێك لە داواکارییەکانی و واز لە بەشەکەیتر دێنێت.

لە حاڵەتی دیکتاتۆریەتی رەها، هێزەکانی پێشەنگی دیموکراسی، چییان هەیە تا بۆ دیکتاتۆری بەجێی بێڵن؟ هێزەکانی پێشەنگی دیموکراسی، دەبێت کامە داواکارییەکانی دیکتاتۆری بسەلمێنن؟ ئایا پێویستە دیموکراتەکان، بەپێی دەستوور، رۆڵێکی پایەدار، لە دەوڵەتی داهاتوو بدەنە دیکتاتۆر؟ (چ حزبە

سیاسییەکان و چ گرووپە سەربازییەکان). لەم حاڵەتەدا، لە دیموکراسی چ دەمێنێتەوە؟
تەنانەت گریمان کە هەموو شتێك لە وتووێژدا، بەباشی بەرە و پێشەوە بڕوات، ئەوکاتە پێویستە بپرسین: ئەنجام، چلۆنە ئاشتییەك دەبێت؟ ئایا ژیان باشتر دەبێت لەو بارودۆخەی، کە دیموکراتەکان تێیدا دەستیان بە خەبات کرد، یا درێژەیان پێدا؟

**دیکاتۆرەکانی شیاوی رێککەوتن**

دیکتاتۆرەکان رەنگە پاڵنەرو بزوێنەری جۆراوجۆریان، بۆ ژێر رکێف کردنی خەڵك هەبێت: هێز، شوێن، سەرمایە، گۆڕانی سیمای کۆمەڵگاو شتی لەم چەشنە. دەبێت بزانین، کە لە حاڵەتی لاچوونی دیکتاتۆری لە شوێنکەتی ئێستای، هیچیەك لەم ئامانج و پاڵنەرانە، بۆ ئەو بەدەست نایێن. لە وتووێژدا، دیکتاتۆر هەوڵدەدات، کە ئامانجەکانی خۆی بپارێزێت.
سەرەڕای هەر بەڵێن و پەیمانێك، کە دیکتاتۆرەکان لە رێککەوتننامەکانی بەرەنجامی وتووێژەکان بیسەلمێنن، نابێت لەبیر بکەین کە ئەم بەڵێنانە، بە ئامانجی لەژێر رکێف راگرتنی دیموکراتە دژەکان دراوە و دیکتاتۆر هەرکاتێك بیەوێت، بێشەرمانە رێککەوتننامەکان پێشێل دەکات.

ئەگەر دیموکراتەکان، بە مەبەستی بەدوواخستنی سەرکوتەکان، بچنە بن باری راگرتنی خەبات، دەتوانین بڵێین بێگومان ناکام دەبن. راگرتنی خەبات هەرگیز نەبووەتە هۆی کەمبوونەوەی سەرکوتکارییەکان. هەرکە ئاستەنگی هێزە ناکۆکەکانی ناوخۆیی و دەرەوە، لەپێش دیکتاتۆر هەڵگیرا، ئەو درندانەتر لە پێشان، دەکەوێتە گوشارکاری و بەکارهێنانی توندوتیژی. لەناوچوونی بەرخوەدانە جەماوەرییەکان، ئەو هێزە بەرخوەدانەی کە دەبێتە هۆی سنووردارکردنی بەکارهێنانی توندوتیژی لەلایەن دیکتاتۆر، لەناو دەبات. دەسەڵاتداری تاکفەرمان، لە بارودۆخێکی وادا، دەتوانێت لە دژی هەرکەسێك کە بخوازێت، بکەوێتە کار. هەروا کە کریشنالال شریدهارانی وتوویەتی:(دەسەڵاتداری تاکفەرمان، تەنیا بەهۆی نزمبوونەوەی توانای بەربەرەکانێ لە خۆماندا، توانای گورز وەشاندن لە ئێمە پەیدا دەکات.)

بەرخوەدان(نەك وتوویژ)، بۆ گۆڕانکاری لەو بگروبکێشانەی، کە تێیاندا باس لەسەر بابەتی بنچینەیین، گەلێ گرینگ و سەرەکییە. هەمیشە، بەرخوەدان دەبێت تا لاچوونی تەواوی دیکتاتۆر لە دەسەڵات، درێژەی هەبێت. سەرکەوتن زۆربەیجاران، نە لە رێگەی رێککەوتنی بەرەنجامی وتوویژ، بەڵکوو لە رێگەی سوودوەرگرتنی هۆشمەندانە لە شیاوترین و بەهێزترین ئامێرەکانی بەرخوەدان دێتەدەست. قسەی ئێمە(هەروا کە لە فەسڵەکانی دوواتر شیی دەکەینەوە)، ئەوەیە کە خەباتی سیاسی یا خەباتی دوور لە توندوتیژی، بەهێزترین کەرەستەی خەبات، بۆ بەدەستهێنانی ئازادییە.

## چلۆنه ئاشتییەك؟

ئەگەر قەراربێت کە دیموکرات و دیکتاتۆرەکان، لەگەڵ یەکتری وتوویژ بکەن، لەبەر هەبوونی مەترسیی زۆر، پێویست بە بیرکردنەوەیەکی زۆر ورد هەیە. هەرکەسێك کە پەیڤی ئاشتی بەکار دێنێت، هەمیشە مەبەستی ئاشتی لەگەڵ ئازادی و دادگەری نییە. سەرچەماندنی رەها، لە هەمبەر زوڵم و سەلماندنی ستەمی دیکتاتۆرەکانی ستەمکار، کە لە دژی سەدان هەزار مرۆڤ کرداری بێرەحمانەیان ئەنجامداوە، ئاشتی نییە. هیتلەریش باسی ئاشتی دەکرد، بەڵام ئاشتییەك کە مەبەست لێی سەردانەواندنی بێ ئەملاوئیملا، لە هەمبەر داخوازەکانی ئەو بوو. ئاشتیی دیکتاتۆر، زۆربەیجاران شتێك نییە جگە لە هێوربوونەوە لە زیندان و گۆڕستان.

مەترسیی تریش هەن. ئەو وتوویژانەی کە بە نییەتی باش دەستپێدەکرێن، هەندێجار لە ئامانجەکانیان و تەنانەت لە خودی رەوتی وتوویژەکە، تووشی سەرشێوان دەبن. وێڕای ئەمە، وتوویژکارانی لایەنگری دیموکراسی، یا پسپۆرانی وتوویژی بێگانە، کە قبووڵیان کردووە، کە لە رەوتی وتوویژەکان

هاوکاری بکەن، رەنگە لە هەنگاوی یەکەم، رەوامەندییەکی[1] ناوچەیی یا نێونەتەوەیی بە دیکتاتۆر ببەخشن کە پێشتر بە هۆی جۆراوجۆری وەکوو داگیرکردنی نایاسایی دەوڵەت، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، خوێنمژی و ... نەیبووە. بەبێ هەبوونی ئەو رەوامەندییە زۆر پێویستە، دیکتاتۆرەکان ناتوانن درێژە بە فەرمانڕەوایی خۆیان بدەن. نوێنەرانی ئاشتی نابێت ببنە دابینکاری رەوامەندی بۆ دیکتاتۆرەکان.

## هۆیەکان بۆ ئومێدەواری

هەروا کە پێشتر باسمان کرد، رێبەرانی هێزەکانی دژ، رەنگە بەهۆی نائومێدی لە خەباتی دیموکراتیك، پەنا بۆ وتووێژ ببەن. بەڵام ئەم هەستەی لاوازی و نائومێدییە، شیاوی گۆڕینە. دیکتاتۆرییەت پایەدار نییە. ئەو خەڵکەی لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتە دیکتاتۆرییەکان دەژین، نابێت هەروا بە لاوازی بمێننەوە و نابێت رێگەش بە دیکتاتۆرەکان بدرێت، تاکوو بەشێوەیەکی بێسنوور، توانادار بمێننەوە.

[1] - رەوامەندی مانای پەیڤی Legitimacy و (مشروعیت)ی فارسی و عەرەبی یەو مەبەست لێی یاسایی بوون و حەق بوونە. مەبەست (شەرعی)بوونی دینی نییە.(وەرگێڕ).

ئەرەستوو چەندین سەدە پێشتر وتوویەتی:(ئۆلیگارشی و حکوومەتە تاکفەرمانەکان، کەمترین تەمەنیان لەنێوان سیستەمە جۆراوجۆرەکان هەیە... بەدرێژایی مێژوو، حکوومەتە تاکفەرمانەکان، هەرگیز تەمەنێکی درێژیان نەبووە.) دیکتاتۆرەکانی ئێستاییش، خاڵی لاوازیان هەیە، دەکرێت پەرە بە خاڵە لاوازەکان بدرێت و دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکەیان تەفروتوونا بکرێت (لە فەسڵی چوار، بە وردەکاریی زیاتر، باسی ئەم خاڵە لاوازانە دەکەین.).

مێژووی هاوچەرخ، لاوازیی دیکتاتۆرەکانی پێشانداوە و دەری خستووە، کە ئەم حکوومەتانە رەنگە لە قۆناغێکی کاتیی کورت، لێك هەڵوەشێنەوە. تەنیا دەیەی(١٩٨٠تا ١٩٩٠) بەسبوو بۆ ئەوەی، دیکتاتۆریەتی کۆمۆنیستەکان لە پۆڵەندا، ئەڵمانیای رۆژهەلات و چوکوسلۆڤاکیا، کە لە ١٩٨٩هەڵوەشانەکە، چەند هەفتەیەك زیاتری نەبرد، برووخێن. لە ئەلسالوادۆرو گواتمالا، خەبات لە دژی دیکتاتۆرییە سەربازییەکانی تەواو ئامادە بۆ سەرکوت، هەر کامەیان تەنیا نزیکەی هەفتەیەك کاتی برد. رژێمی بەهێزی شای ئێران، لە ماوەی چەند مانگێك رووخا. لە ساڵی ١٩٨٦، دیکتاتۆریی مارکۆ لە فلیپین، لە هەمبەر گوشارەکانی جەماوەری، لە ماوەی چەند هەفتەیەك رووخا. دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە بە دیارکەوتنی هێزی بەرهەڵستکار، بە خێرایی پشتیوانی خۆی لە سەرۆك کۆمار مارکۆ، راگرت. لە سۆڤیەت لە ئابی ١٩٩١، هەوڵ بۆ کوودەتای پاشگەزانە لە ماوەی چەند رۆژێك، بەهۆی خەباتی سیاسیی جەماوەر، پووچەڵ کرایەوە. دووای ئەوەش، ژمارەیەکی زۆری ئەو

دەنگدەرانەی، کە ساڵەهای ساڵ ژێردەستە بوون، لە ماوەی چەند رۆژێك، چەند هەفتەیەك یا چەند مانگێك، توانیویانە سەربەخۆیی خۆیان بەدەست بێنن. ئەم بڕوایە گشتییە کلاسیکییە، کە کەرەستەکانی توندوتیژی، هەمیشە خێرا دەکەونە کار و لە بەرامبەردا ئامێرەکانی دوور لە توندوتیژی، هەمیشە بۆ سەرکەوتن، پێویستییان بە کاتێکی دوورو درێژ هەیە، بە هیچ شێوەیەك راست نییە. هەرچەندە کە بۆ دروستکردنی گۆڕان لە ئاستی ژێرینی کۆمەڵگا، کاتێکی درێژ پێویستە، بەڵام لە خەباتی دوور لە توندوتیژی، ململانێی راستەقینە لە دژی دیکتاتۆر، تاڕادەیەك خێرا روودەدات.

وتووێژ، تەنیا بژاری بەردەست، بۆ خۆپاراستن لە بەردەوامیی شەڕی وێرانکەر لە لایەك و تەسلیم بە دیکتاتۆر بوون لە لایەکەیتر، نییە. ئەو میناکەی کە خرایەڕوو (لەگەڵ نموونەکانی فەسڵی یەکەم)، پێشاندەدەن، کە بۆ کەسێك کە ئاشتی و ئازادیی پێکەوە دەوێت، بژارێکیتریش هەیە: خەباتی سیاسی.

# فەسڵی سێیەم

## دەسەڵات لە کوێوە دێت؟

بێگومان بەدەستهێنانی ئازادی لە رێگەی ئاشتیانە، کارێکی ساکار نییە و گەییشتن بەم ئامانجە، پێویستیی بە دەستهەڵاتیکی بەرزی ستراتێژیك، رێکخستن و بەرنامەرێژی هەیە. وێرای هەموو ئەمانە، گەییشتن بە ئازادی، پێویستی بە هێزیش هەیە. دیموکراتەکان بەبێ بەکارهێنانی کاریگەرانەی دەسەڵاتی خۆیان، ناتوانن بە رووخاندنی دیکتاتۆری و دابینکردنی ئازادیی سیاسی ئومێدەوار بن. بەڵام گەییشتن بەم ئامانجە، چۆن دێتەدی؟ دیموکراتەکانی بەرهەڵستکار، توانای ئامادەکردنی چلۆنە هێزێکیان هەیە، کە بۆ لەناوبردنی دیکتاتۆرەکان بەس بێت، لەگەڵ هەموو ئەو تۆڕە سەربازی و پۆلیسیانەی کە هەیانە؟

وڵامی ئەم پرسیارە لە تێگەییشتن لە چەمکی دەسەڵاتی سیاسی دایە، کە زۆربەیجاران لەبەرچاو نەگیراوە. فامکردنی ئەم روانگەیە، کارێکی دژوار نییە. هەندێ حەقیقەتی بنەڕەتی، زۆر ساکارن.

## ئەفسانەی ئاغای مەیموونەكان

چیرۆكێكی چینی و تایبەت بە سەدەی چواردەهەم لە لیۆ جی(بۆ وێنە)، بەباشی چەمكی لەبیركراوی دەسەڵاتی سیاسی ئاشكرا دەكات:
لە دەڤەری دەرەبەگایەتیی (چوو)، پێرەمێردێك لە رێگەی ئەو مەیموونانەی كە بەكاری دەهێنان، ژیانی خۆی بەڕێوە دەبرد. خەڵكی چوو، ناویان نابوو، جوو-كوونگ(ئاغای مەیموون).
پێرەمێردەكە، هەموو رۆژێك بەیانیان، مەیموونەكانی لە حەوشەكەی رێز دەكرد و فەرمانی بە پیرترینیان دەدا، تاكوو مەیموونەكانیتر بۆ كۆكردنەوەی مێوە لە دارو دەوەنەكان، بەرەو شاخ رێنوێنی بكات. یاسا بەمشێوەیە بوو، كە هەر مەیموونەك دەبوایە دەیەكی ئەو مێوانەی كۆی دەكردەوە، بداتە پیرەمێردەكە. ئەوانەی پێڕەوییان لەم یاسایە نەدەكرد، دەبوایە تامی تاڵی قەمچی بچێژن. هەموو مەیموونەكان، لەم ژیانە، تووشی ئازار ببوون، بەڵام هیچیەكیان بوێریی سكاڵاكردنی نەبوو.
رۆژێك، مەیموونەكی بچووك، لە مەیموونەكانیتری پرسی: (گەلۆ ئەو پیرەمێردە، ئەو دارو دەوەنەی چاندووە؟ وڵامیان دایەوە: (نە! ئەوانە بە سروشتی رواون). مەیموونە بچووكەكە، دیسان پرسیاری كرد: (گەلۆ ئێمە بەبێ روخسەتی پیرەمێرد، ناتوانین مێوەكان بچنین؟). وڵامیان دایەوە: ( با! دەتوانین).

مەیموونی بچووک درێژەی پێداو وتی: ( کەواتە، بۆ دەبێت هەر بە پیرەمێرد بەسترابینەوە؟ بۆ دەبێت خزمەتی بکەین؟).

تەنانەت پێش ئەوەی مەیموونە بچووکەکە، قسەکانی خۆی تەواو بکات، هەموو مەیموونەکان، لە نکاو تێگەییشتبوون و وشیار ببوونەوە.

هەمانشەو، دووای ئەوەی پیرەمێرد چووە ناو پێخەفەکەی، مەیموونەکان، تۆڕو پەرژینی دەوری حەوشەیان دڕاند و بەربەستەکانیان هەڵگرت و خۆیان قوتار کرد. ئەوان هەروەها، هەموو ئەو مێوانەی کە پیرەمێرد لە کۆگاکەی هەڵیگرتبوون، لەگەڵ خۆیان بردە لێڕستان و هەرگیز نەگەڕانەوە. لە ئەنجامدا، پیرەمێرد، لە برسان مرد.

یوو- لی – زی دەڵێت: (لە جیهان هەندێ خەڵك، بە گزیکاری و نەك بە یاسای عادیلانە، دەسەڵاتی جەماوەر دەگرنە دەست. ئایا ئەو خەڵکانە، لە ئاغای مەیموون ناچن؟ ئەو خەڵکانە، ئاگایان لە بێئاگایی خۆیان نییە، هەرکە جەماوەرەکانیان بگەنە هایداری، گزیکارییەکانی ئەوان ئیتر کاریگەر نابێت.)

## سەرچاوەکانی پێویست بۆ هێزی سیاسی

بابەتەکە زۆر ساکارە. دیکتاتۆرەکان، پێویستییان بە هاوکاریی ئەو کەسانەیە، کە فەرمانڕەواییان بەسەردا دەکەن. هاوکارییەك کە ئەگەر نەبێت، ئەوان

ناتوانن، سەرچاوەکانی دەسەڵاتی سیاسیی خۆیان دابین و جێگیر بکەن. ئەو سەرچاوانەی دەسەڵاتی سیاسی، داگری خاڵەکانی خوارەوەن:

- **ڕەوامەندی**، بڕوای گشتی لەنێوان خەڵك لەسەر ئەوە، کە حکوومەت یاساییەو ئەوان لەڕووی پێڕەویکردن لێی، ئەرکێکی ئەخلاقییان لەسەرە.
- **سەرچاوەی مرۆڤی**، ژمارە و گرنگیی ئەو تاك و گرووپانەی کە پێڕەوی لە دەسەڵاتداران دەکەن، یارمەتییان دەدەن، یا هاوکاری دەسەڵاتدارانن.
- **دەستهەلی و زانین**، بۆ حکوومەت بە مەبەستی ئەنجامدانی کرداری تایبەت پێویستە و لە لایەن تاك یا گرووپەکانی یارمەتیدەر، دابین دەکرێت.
- **فاکتەرەکانی نادیار**، فاکتەرە دەروونی و ئایدیۆلۆژیکی، کە ڕەنگە خەڵك ناچار بکەن، پێڕەوی لە دەسەڵاتدارو هاوکارییان بکەن.
- **سەرچاوەکانی ماددی**، ڕێژەیەك لە دەستپێڕاگەییشتن و کاریگەری، کە دەسەڵاتدارەکان هەیانە بەسەر دارایی، سەرچاوە سروشتییەکان، سەرچاوەکانی مالی، سیستەمی ئابووری و ئامێرەکانی پێوەندی و گواستنەوە.

- **بلتاوان**[١] **و سزاکان**، بەکارهێنان یا هەڕەشەی بەکارهێنانی تەنبێکاری لە دژی سەرپێچیکار یا ئەو کەسانەی کە لە هاوکاریکردن خۆ دەدزنەوە، بە مەبەستی بەدەستهێنانی دڵنیایی لە پێڕەوی و هاوکارییان. پێڕەوی و یارمەتییەك، کە بۆ مانەوەی رژێم و پڕاکتیزەکردنی سیاسەتەکانی، پێتڤە.

بەهەرحاڵ، گشت ئەم سەرچاوانە، گرێدراون بە سەلماندنی رژێم، پێڕەوی و فەرمانبردنی خەڵك و یارمەتیدانی ژمارەیەکی زۆر لە مرۆڤ و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، لەگەڵ دەسەڵات... دەستەبەرییەك بۆ بەردەوامیی هیچیەك لەم سەرچاوانە نییە...

یارمەتیدانی تەواوو پێڕەوی و پشتیوانیی خەڵك، دەستپێڕاگەییشتنی دەسەڵاتدارەکان بۆ سەرچاوەکانی دەسەڵات زیاتر دەکات و لە ئەنجامدا، رادەی دەسەڵاتی دەوڵەت زێدەتر دەبێت.

لە لایەکیتر، لێستاندنەوەی یارمەتیی هێزەکانی جەماوەری و دامەزراوەکان، لە هێرشکاران و دیکتاتۆرەکان، دەستپێڕاگەییشتنی ئەوان بە ئەو هێزە سیاسییەی کە بۆ مانەوەی خۆیان پێویستییان پێی هەیە، کاڵ دەکاتەوە، یا بە تەواوی لەناوی دەبات. بەبێ دەستپێڕاگەییشتنی ئەم سەرچاوانە، هێزی دیکتاتۆر کەم دەبێت و لە کۆتاییدا، لەناو دەچێت.

[١] - مەبەست، جەریمەیە.(وەرگێڕ).

بەشێوەیەکی سروشتی، دیکتاتۆرەکان لە هەمبەر ئەو کردارو بیروباوەڕانەی، کە هەڕەشە لە توانای ئەوان وەکوو (تەنیا هێز)دەکات، هەستەوەرن. بۆیەش دیکتاتۆرەکان، ئەوانەی کە نافەرمانی دەکەن و مان دەگرن، یا خۆیان لە یارمەتیدان دەدزنەوە، تەنبێ دەکەن. بەڵام ئەوە کۆتایی چیرۆکەکە نییە. سەرکوت و(تەنانەت دڕندایەتیش) هەمیشە نابێتە هۆی دەستپێکردنەوەی ڕێژەیەك لە سەردانەواندن و یارمەتیدان، کە بۆ مانەوەی دەسەڵاتی ڕژێم پێویستە.

ئەگەر(وێڕای سەرکوتەکان) بتوانین بۆ ماوەیەکی پێویست، سەرچاوەکانی هێز، سنووردار بکەین یا تەنانەت بیانبڕین، یەکەم ئەنجامەکەی ڕەنگە سەرهەڵدانی دوودڵی و شێوان لە ناخی ڕژێمی دیکتاتۆری بێت. ئەم تیۆرە بە لاوازبوونی ئاشکرای هێزی دیکتاتۆر، بەردەوام دەبێت. بە درێژەی کات، بڕینی سەرچاوەکانی هێز لە دیکتاتۆر، دەبێتە هۆی ئیفلیجی و بێتوانایی ڕژێم و لە حاڵەتی دژوارتر، رووخانی ڕژێمی لێ دەکەوێتەوە. هێزی دیکتاتۆر، درەنگ یا زوو، بەهۆی کولپی[١] سیاسی دەمرێت.

بەپێچەوانەی بیروباوەڕی باوی خەڵکانە، تەنانەت پاوانکارترین دیکتاتۆرەکانیش، گرێدراون بەو خەڵك و جەماوەرەی کە دەسەڵاتیان بەسەردا

[١] - کولپ، وشەیەکی کوردییە، بە مانای قات و قڕی.(وەرگێڕ).

جێبەجێ دەکەن. هەروا کە زانای سیاسی کارڵ دەبلیوو دووچ، لە ساڵی ١٩٥٣ رایگەیاندووە:

***هێزی پاوانخواز تەنیا کاتێك بەهێزە، کە زۆر، کاری پێ نەکرێت. ئەگەر قەراربێت هێزی پاوانخواز بەشێوەیەکی هەردەمی، لە دژی جەماوەری ژێر دەسەڵاتی، بەکار بهێندرێت، دوور لە عەقڵە کە ماوەیەکی درێژ هەر بە تواناداری بمێنێتەوە. لەبەر ئەوەی کە حکوومەتەکانی پاوانخواز، بە بەراورد لەگەڵ جۆرەکانیتری دەوڵەت، پێویستیی زیاتریان بە بەکارهێنانی هێز لە پێوەندییان لەگەڵ هاووڵاتییان هەیە، کەواتە پێویستییان بە پێگەی زیاتری جەماوەری و پشتیوانیی زیاتر هەیە. وێڕای ئەمە، ئەوان دەبێت بتوانن لە کاتی پێویست، حیساب لەسەر پشتیوانیی کارای بەشە فراوانەکانی کۆمەڵگا بکەنەوە.***

جان ئاوستین، (تیۆریزانی فەرمیی سەدەی ١٩ی بریتانیا)، بارودۆخی دیکتاتۆرێك، کە رووبەڕووی نامێهرەبانیی جەماوەرەکەی دەبێتەوە، شی دەکاتەوە. ئاوستین، بەڵگە دەهێنێتەوە، کە ئەگەر زۆرینەی خەڵك، بڕیار بدەن حکوومەت بڕووخێنن و لەمپێناوەدا، تەنانەت ئامادەی تەحەممول کردنی سەرکوتەکانیش بن، هەوڵی حکوومەت و ئەو کەسانەی بەرگریی لێ دەکەن،

تەنانەت لە حاڵەتی وەرگرتنی هاوكاری لە دەرەوەش، ئەنجامێكی وای نابێت. ئاوستین دەگاتە ئەو ئەنجامە، كە ناكرێت خەڵكی خەباتكار، بە زۆرداری بخرێنە دۆخی پێڕەویكردن و سەردانەواندنی هەمیشەیی.

نیكۆلۆ ماكیاڤێللی، زۆر پێشتر لەمانە، بەڵگەی هێناوەتەوە كە شازادە(...یەك كە كۆمەلانی خەڵك وەكوو دوژمن لە هەمبەر خۆی دەبینێت، ناتوانێت خۆی بپارێزێت و هەرچەندە زوڵمی زۆرتر بكات، رژێمەكەی لاوازتر دەبێت.)

نموونەی سیاسییانەی بەكارهێنانی كارای ئەو روانگەیە، دەكرێت هەروا كە لە فەسڵی یەكەم ئیشارەی پێ كرا، لە خۆپێشاندانەكانی نۆرڤێژییەكانی قارەمان، كە لە هەمبەر داگیركاریی نازییەكان بەرخودانیان كرد، لە خەباتی دلێرەكانی پۆڵەندی، ئەڵمانییەكان، چێكەكان، سلۆڤاكەكان و خەباتی خەڵكیتر، كە لە دژی دیكتاتۆرە كۆمۆنیستەكان وەستان و لە كۆتاییدا بوونە هۆی شكانی كۆمۆنیسم لە ئەوڕووپا، ببیندرێت.

هەڵبەت، بێگومان ئەم بابەتە دیاردەیەكی نوێ نییە: وێنەی بەرخودانی دوورلە توندوتیژی، بەلایكەم بۆ ساڵی ٤٩٥ی پێش زایین، دەگەڕێتەوە. ئەوكاتەی كە كۆمەلانی خەڵك، هاوكاریی خۆیان لەگەڵ نەجیبزادەكانی رۆمی بڕی.

خەباتی ناتوندوتیژی وێڕای ئەوڕووپا، چەندینجاریش لەلایەن خەڵكی ئاسیا، ئەفریقیا، ئەمریكا، ئوستورالیاو دوورگەكانی پاسیفیك، بەكار هێنراوە.

## ناوەندەکانی هێزی دیموکراتیك

یەکێك لە بەوناسەکانی[1] کۆمەڵگا دیموکراتییەکان، بوونی گرووپ و دامەزراوەی جۆراوجۆری ناحکوومی و سەربەخۆ لە حکوومەتە. ئەم گرووپ و دامەزراوانە، بۆ وێنە خێزان، دامەزراوەکانی ئۆلی، ئەنجومەنەکانی فەرهەنگی، یانەکانی وەرزشی، دەزگاکانی ئابووری، یەکێتییەکانی بازرگانی، ئەنجومەنەکانی قوتابیان و خوێندکاران، پارتە سیاسییەکان، تاکەکانی دانیشتووی گوندێك، ئەنجومەنەکانی دراوسێیەتی، یانەکانی باغەوانی، رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، گرووپە مووسیقییەکان، ئەنجومەنەکانی ئەدەبی و تاد، دەگرنە خۆیان. ئەم رێکخستنانە، هەروا کە بۆ گەییشتن بە ئامانجەکانیان هەوڵ دەدەن، رۆڵێکی گرینگیشیان لە وڵامدانەوە بە پێداویستییەکانی کۆمەڵگا، لە ئەستۆدایە.

وێڕای ئەمە، ئەم رێکخستنانە، چەمکی سیاسیی گرنگیش دەگرنە خۆ. ئەوانە کۆمەڵە زەمینەیەك دەخوڵقێنن، کە خەڵك بتوانن لە ئاراستەبەخشین بە کۆمەڵگای خۆیان کاریگەر بن و لە هەمبەر گرووپەکانیتر و دەوڵەتیش (بەتایبەت ئەوکاتەی کە هەست بکەن بەشێوەیەکی نادادگەرانە داواکارییەکانیان پشتگوێ دەخرێت)، دەستدەکەنە بەرخوەدان. ئەو خەڵکە تاکانەی کە ئەندامی ئەم گرووپانە نەبن، ناتوانن گوشارێکی بەرچاو بەسەر

[1] - (بەوناس)م بە مانای (مشخصە) هێناوە.(وەرگێڕ).

کۆمەڵگاو کەمتر لەوەش بەسەر دەوڵەت و هیچ گوشاریکیش بەسەر دیکتاتۆر بسەپێنن.

دەرەنجامی باسی سەرەوە ئەوەیە، کە ئەگەر دیکتاتۆر بتوانێت ئازادی و سەربەخۆیی ڕێکخستنە سەربەخۆیەکانی نادەوڵەتی، لێیان بستێنێتەوە، خەڵك تا رادەیەکی زۆر بێتوانا دەبن. هەروەها ئەگەر ئەو دامەزراوانە، خۆیان بەشێوەی دیکتاتۆری و لەلایەن رژێمی ناوەندی بەڕێوە ببردرێن، یا جێیان بە ڕێکخراوی نوێ و کۆنترۆلکراو پڕ بکرێتەوە، دەتوانن وەکوو فاکتەرێك بۆ راکێشانی خەڵك و چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا، بۆ ژێر دەسەڵات، بەکار بهێندرێن.

بەهەرحاڵ، ئەگەر بتواندرێت، ئازادی و سەربەخۆیی ئەو دامەزراوە سەربەخۆیە مەدەنییانەی (دەرەوەی سنووری کۆنترۆلی دەوڵەت) مسۆگەر بکرێت، ئەوە بوونی ئەو دامەزراوانە، بۆ خەباتی سیاسی، فاکتەری زۆر گرینگ دەبن. خاڵی هاوبەشی تەواوی ئەو نموونانەی کە لە رووخان یا لاوازبوونی دیکتاتۆرەکان لەم کیتابە باسکراوە، بەکارهێنانی بەرفراوان و بوێرانەی خەباتی سیاسی، بەهۆی جەماوەر و دامەزراوەکانیانە.

هەروا کە باسکرا، ئەو ناوەندانە، خیمی کۆمەڵە دامەزراوەیەك پێکدێنن، کە هاووڵاتییان لە ڕێگەی ئەوانەوە، دەتوانن گوشار بخەنە سەر دیکتاتۆر و بەربەرەکانێی لەگەڵ بکەن. لە داهاتووش ئەو ڕێکخستنانە، دەبنە بەشێك لە

سیســتەمی کۆمەڵگایــەکی ئــازاد. هــەر بەمهۆیــە، ســەربەخۆیی و گەشــەی بەردەوامیان، پێشمەرجی سەرکەوتنی خەباتی ئازادیخوازانەیە.

ئەگـەر دیکتـاتۆری، بـە رادەیـەکی بـەرفراوان، لـە کـۆنترۆڵکردن و لـەناوبردنی ڕێکخســتنەکانی ســەربەخۆ، ســەرکەوتن بەدەســت بێنێــت، بــۆ هێزەکــانی بــەرخوەدان زۆر گرینگــە، کــە ڕێکخســتنی نــوێ دابمــەزرێنن یــا کــۆنترۆڵی دیموکراتییانە بۆ ڕێکخستنەکانی پێشوو، بگەڕێننەوە.

لــە شۆڕشــی مەجارســتان لــە ســاڵەکانی ١٩٥٦و ١٩٥٧، ئەنجومــەنی زۆری دیموکراسیی ڕاستەوخۆ، کە خۆجێیی بوون، سەریان هەڵداو تەنانەت لە ماوەی چەنـد هەفتـە، بـە یـەکتر گرتنـەوە، سیسـتەمێکی حکوومـەتی یـەکگرتوویان لـە ســەندیکاکان پێکهێنــا. لــە لەهســتانی دەیــەی ١٩٨٠ش، کرێکــاران کۆمــەڵێك سەندیکای نایاساییان پێکهێنا، کە تەنانەت توانییان سـەندیکاکانی فـەرمیی ژێر چـاودێریی کۆمۆنیسـتەکـانیش، بخەنـە ژێـر کـۆنترۆڵی خۆیـان. بـەرفراوانبوونی لەمشـێوەیەی دامـەزراوەکان، دەتوانێـت ئـەنجامی سیاسـیی گرینگـی بـەدووادا بێت.

بێگومـان هیچیـەك لـەم قسـانە، بـەو مانایـە نییـە، کە بێهێزی و شکسـتپێهێنانی دیکتاتۆرەکـان، کـارێکی سـاکارە و لـەوەش نابێـت وا تێبگـەین کـە تـەواوی هەوڵەکان، سەرکەوتن بەدەست دێنن. بە دڵنیایی مانای ئـەم قسـانە ئـەوە نییـە، کـە خـەبات زیـانی بـەدووادا نابێت، چونکـە ئەوانـەی کـە هێشـتا لـە خزمـەتی

دیکتاتۆرەکانن، بۆ ناچارکردنی خەڵك، لەپێناو هاوکاری و پێڕەویکردن، هەموو ڕێگایەك دەگرنەبەر.

ڕوانگەی سەرەوە دەرهەق بە هێز، بەو مانایە نییە، کە پارچەپارچەکردنی ئەنقەست و لێك هەڵوەشاندنەوەی هەر دیکتاتۆرێك مومکینە. دیکتاتۆرەکان، بەشێوەیەکی تایبەتی، خوەدی بەوناسی تایبەتین، کە ئەوان لە هەمبەر خەباتی سیاسیی شارەزایانە، بە توندی لاواز دەکات. ڕێگە بدەن، بە وردەکاریی زیاتر، چاوێك بەم بەوناسانە بخشێنینەوە.

# فەسڵی چوارەم

## دیکتاتۆرەکان خاڵی لاوازیان هەیە

دیکتاتۆرەکان، زۆربەیجاران لە شکستنەهاتوو دێنە بەرچاو. لەم حکوومەتانەدا، رێکخراوە جاسووسییەکان، پۆلیس، هێزەکانی سەربازی، بەندیخانە و گرتووخانەکان و دەستەی ئیعدام کردن و هەر هەموویان، لە لایەن ژمارەیەکی دیارکراوی دەسەڵاتدران بەڕێوە دەبردرێن. سەرمایەی نیشتیمانی، سەرچاوەکانی سروشتی و توانای بەرهەمهێنانی وڵاتیش، بە شێوەیەکی سەرکوتکەرانە، لە لایەن دیکتاتۆرەکان، تاڵان دەکرێت و بۆ پاراستنی ئامانجەکانیان سەرف دەکرێت.

لە بەرامبەردا، دیموکراتەکانی بەرهەڵستکار، لەڕادەبەدەر لاواز، نا کاریگەرو بێتوانا دێنە بەرچاو. هزرکردن لەو لەشکستنەهاتنە لە هەمبەر ئەم لاوازییە، بوونی هەرچەشنە هێزێکی دژی کاریگەر، لە مێشک دەسڕێتەوە.

بەڵام ئەمەیان هەموو چیرۆکەکە نییە.

## دیارکردنی پاژنەی ئاشیل

ئەفسانەیەك لە یۆنانی کۆن، پیشاندەدات، کە پۆلاپۆشانی خەیاڵیش، خاڵی لاوازیان هەیە. هیچ تیرێك نەیدەتوانی زیان بە ئاشیلی شەڕوان بگەیێنێت و هیچ شمشێرێك جەستەی ئەوی نەدەبڕی. چونکە ئەوکاتەی کە ئاشیل منداڵێکی بچووك بوو، دایکی، لە ئاوی رووباری سیحراویی ستیکێس نقومی کردبوو، تا کو جەستەی لە هەر وەزەنگێك دوور بێت. بەڵام لێرە گرفتێك هەبوو. لەبەر ئەوەی کە دایکی ئاشیل، بۆ نقومکردنی مناڵاکەی لە ئاو، ئەوی لە پاژنەی پێیەوە گرتبوو، ئاوی سیحراوی نەگەیشتبووە پاژنەی پێی ئاشیل. ئەوکاتەی کە ئاشیل پێگەییشت، لە هەمبەر چەکی هەموو دوژمنان ناکارتێکەر دەبینرا. بەڵام لە کۆتاییدا، لە شەڕی ترۆوا، بە رێنوێنیی کەسێك، کە ئاگای لە خاڵە لاوازەکەی بوو، یەکێك لە سەربازانی دوژمن، تیرێکی بەرەو پاژنەی ئاشیل فڕێدا، واتە تەنیا شوێنی بێ بەرگری لە جەستەی ئەودا. ئەم هێرشە بۆ ئاشیل، مەرگهێنەر بوو[١]. ئێستاش دەستەواژەی(پاژنەی ئاشیل) بە بەشی

[١] - ئەم ئەفسانەیە، لە شانامەی فیردەوسی، بەشێوەیەکیتر هاتووە. لێرە، ئەسفەندیار دەچێتە ناو رووبارو لە کاتی نقومبوون لە ئاودا، چاوەکانی دەبەستێت، بۆیەش خاڵی لاوازو بێ بەرگری لە جەستەی ئەسفەندیار، چاوەکانیەتی و لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ رۆستەم، پاڵەوانی ئێرانی لە خاڵە لاوازەکەی دوژمنەکەی، ئاگادار دەکرێتەوە و ئەویش تیرێکی دوو لق(دوو چق)، ئامادە دەکات و بەرەو چاوەکانی ئەسفەندیار فڕێی دەدات و لە ئەنجامدا، ناوبراو لەناو دەبات.(وەرگێڕ).

هەستەوەر و لاوازی تاکەکان، بەرنامەکان و دامەزراوەکان دەوترێت، کە لە حاڵەتی هێرشکردن بۆ سەری، هێزی بەرگریکار، لە ئارادا نابێت.
ڕێکارێکی لەمشێوەیە، بۆ دیکتاتۆرەکانی ستەمکاریش دەگونجێت. دەکرێت بەسەر هەموو دیکتاتۆرەکان سەرکەویت، بەڵام لە حاڵەتێك کە خاڵە لاوازەکانیان ببینرێنەوە و نیگاکانیان بخرێتە سەر، سەرکەوتنەکە زۆر خێراتر و بە تێچوونێکی کەمتر بە ئەنجام دەگات.

## خاڵە لاوازەکانی دیکتاتۆری

لە خاڵە لاوازەکانی حکوومەتە دیکتاتۆرەکان، دەتوانین ئەمانەی خوارەوە دەستنیشان بکەین:

١- ڕەنگە یارمەتیدانی ژمارەیەکی زۆری خەڵك و ئەو گرووپ و ڕێکخراوانەی، کە بۆ کارکردنی سیستەم پێتڤن، سنووردار یا بە تەواوی ببردرێن.

٢- لێکەوتە و ئەنجامی سیاسەتەکانی ڕابردووی ڕژێم، هەندێجار توانای سەلماندن و جێبەجێکردنی سیاسەتە نوێیەکان، سنووردار یا ڕەت دەکاتەوە.

٣- ڕەنگە سیستم لە کارەکانی خۆی، تووشی ڕۆژانەیی[١] ببێت و لە ئەنجامدا لە توانای دانەبێت کە خۆی لەگەڵ بارودۆخی نوێ بگونجێنێت.

٤- تاك و ئەو سەرچاوانەی کە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئێستا تەرخان کراون، ڕەنگە بۆ ئەنجامدانی نییازە نوێیەکان ئامادەییان نەبێت.

٥- خەڵکانی پلە خواروو، ڕەنگە لە ترسی دروستبوونی ناڕەزایی لە خەڵکانی پلە سەرتری خۆیان، زانیاریی ڕاست و تەواو کە دیکتاتۆرەکان بۆ بڕیاردان پێویستییان پێی هەیە، نەخەنە بەردەستیان.

٦- ڕەنگە ئایدیۆلۆژییەکان کەون ببن و ئەفسانە و هێماکانی سیستەم، پایەداری خۆیان لە دەست بدەن.

٧- ئەگەر ئایدولۆژییەکی بەهێز خرابێتە ڕوو، کە بەسەر ڕوانگەی تاك لە حەقیقەت کاریگەر بێت، پابەندیی لەڕادەبەدەری خەڵکێك بەم ئایدیۆلۆژییە، ڕەنگە ببێتە هۆی پشتگوێ خستنی بارودۆخ و نییازەکانی ڕاستەقینە.

٨- سەرهەڵدانی ناکارامەیی لە کارەکان و داکۆکیی لە ڕادەبەدەر لەسەر برۆکڕاسی و سەپاندنی ڕێکخستنی ناوەندی و کۆنترۆلی توند، ڕەنگە سیاسەت و کردارەکانی سیستەم، ناکاریگەر بکات.

---

[١] - مەبەست ئەوەیە کە سیستەم فێربووبێت، بەبێ داهێنان و نوێبوونەوە، کاری ڕۆژانە ئەنجام بدات و ئەمڕۆو سبەی و دوێنێی وەکوو یەك بێت. لە ڕاستیدا وشەیەکی گونجاوترم بۆ دەربڕینی ئەم مەبەستە نەدۆزیەوە.

٩- ناکۆکییەکانی دەزگاکانی ناوخۆیی و ململانێیەکان، یا تەنانەت ناکۆکییەکانی تایبەتی لە نێوان تاکەکان، ڕەنگە کرداری دیکتاتۆر بشڵەژێنێت، یا تووشی پەرتەوازەیی بکات.

١٠- ڕۆشنبیران و خوێندکارانی زانکۆ، ڕەنگە لە هەمبەر هەلومەرج، سنووردانان، بیردۆزگەرایی و سەرکوتەکان، بێتاقەت بن.

١١- کۆمەڵانی خەڵك ڕەنگە بە تێپەڕینی کات، دەرهەق بە ڕژێم، بێهەڵوێست، گوماناوی بن و تەنانەت دوژمنایەتی هەڵبژێرن.

١٢- هەریەك لە ناکۆکییەکانی ناوچەیی، چینی، فەرهەنگی و نیشتیمانی، ڕەنگە پەرە بستێنن.

١٣- پلەبەندیی دەسەڵات لە حکومەتە تاکفەرمانەکان، هەمیشە ناپایەدارە. هەندێجار ئەم ناپایەدارییە گەلێ زۆرە. تاکەکان تەنیا لە پلەبەندیی تایبەتیی خۆیان دەمێننەوە، کە ڕەنگە بۆ ئاستی بەرزتر یا نزمتر بگوازرێنەوە، یا هەر لاببرێن و خەڵکیتر جێیان بگرێتەوە.

١٤- هەندێك بەش لە هێزەکانی سەربازی و پۆلیس، ڕەنگە بۆ گەییشتن بە ئامانجەکانیان تەنانەت بە پێچەوانەی داخوازییەکانی دیکتاتۆر (بۆ وێنە کوودەتا)، بکەونە کار.

١٥- ئەگەر دیکتاتۆری تازە دامەزرابێت، بۆ جێگیرکردنی تەواوی ڕژێمەکەی، پێویستیی بە کات دەبێت.

١٦-    لەبەر ئەوەی کە لە حکوومەتە دیکتاتۆرییەکان، زۆرینەی بڕیارەکان لەلایەن ژمارەیەکی دیارکراو لە تاکەکان دەدرێت، ئەگەری سەرهەڵدانی هەڵە لە دادوەرییەکان، سیاسەت و کردارەکان زۆر لە سەرەوەیە.
١٧-    ئەگەر رژێم بۆ پێشگیری لە سەرهەڵدانی گیروگرفتی سەرەوە، واز لە چاودێری و بڕیاردانی ناوەندی بێنێت، ئەوە خۆبەخۆ، کۆنترۆڵی بەسەر ئامێرەکانی ناوەندیی دەسەڵات کەمترو کەمتر دەبێتەوە.

## هێرش بۆ سەر خاڵە لاوازەکانی دیکتاتۆرەکان

بە پێچەسان بەو خاڵە لاوازە گەوهەرییانە، دیموکراتە دژەکان، دەبێت بە مەبەستی دروستکردنی گۆڕانی کاریگەر لە سیستەم یا تێکدانی تەواوی، بکەونە کار بۆ لاوازکردنی بە ئەنقەستی هەرچی زیاتری ئەو (پاژنە ئاشیلانە.)
ئەنجامەکە سادەیە: لەگەڵ رواڵەتی بەهێز، هەموو دیکتاتۆرەکان کۆمەڵێك خاڵی لاوازیان هەیە، لەوانەش ناشیاویی ناوخۆیی، ململانێیەکانی ناوخۆیی، ناکارامەیی دامەزراوەکان و دژایەتی لەنێوان رێکخراوو بەڕێوەبەرایەتییەکان. ئەم خاڵە لاوازانە بە تێپەڕینی ماوە، دەبنە هۆی کەمبوونەوەی کارامەیی رژێم و لە هەمبەر گۆڕان لە بارودۆخ و بەرخوەدانەکانی بە ئەنقەست، لاوازی دەکەن. هەر شتێك کە رژێم بڕیار بدات جێبەجێی بکات، ناگاتە سەر. بۆ وێنە

دەبێت بزانین کە تەنانەت هەندێجار فەرمانەکانی هیتلەریش جێبەجێ نەدەکران، چونکە ئەو کەسانەی کە لە ئاستی خوارەوەی پلەکان جێگیر بوون، خۆیان لە جێبەجێ کردنیان دەدزیەوە. هەروا کە بینیومانە، تەنانەت رەنگە هەندێکجار رژێمە دیکتاتۆرەکان، خۆبەخۆ لێك هەڵبوەشێنەوە. ئەوە بەو مانایە نییە، کە دیکتاتۆری دەتوانێت بەبێ تەحەمولی مەترسی و زیان لەناو ببردرێت. هەرجۆرە بزاڤێکی ئازادیخوازانە، مەترسی و رەنجی خۆی لەگەڵە و بۆ پراکتیزەبوون، پێویستیی بە کاتە.

بە دڵنیاییەوە، هیچ کەرەستەیەك ناتوانێت سەرکەوتنی خێرا لە هەموو بارودۆخەکان، دەستەبەر بکات، بەڵام ئەوجۆرە خەباتانەی کە خاڵە لاوازەکانی دیکتاتۆری، دەکەنە ئامانجی خۆیان، شانسی زیاتریان بۆ سەرکەوتن دەبێت، تا ئەو جۆرانەی کە هەوڵ دەدەن، لە خانەی هێزەوە لەگەڵ دیکتاتۆر بجەنگن. ئێستا پرسیار ئەوەیە، کە ئەم خەباتە چۆن دەبێت رێبەرایەتی بکرێت؟

# فەسڵی پێنجەم

## بەکارهێنانی هێز

لــە فەســڵی یەکــەم، باســمان کــرد کــە بــەرخوەدانی ســەربازی لــە هەمبــەر دیکتاتۆری، لە جیاتی ئەوەی کە گورز ئاراستەی خاڵە لاوازەکەی بکات، خاڵە بەهێزەکەی دەکاتە ئامانج. بە هەڵبژاردنی ململانێ لە بواری هێزی سەربازی، کۆکردنەوەی تەقەمەنی، تەکنەلۆژیای ئامێرەکانی شەڕ و بابەتی لەم چەشنە، بزاڤــە بەرهەڵســتکارەکان، بــە ئاشــکرایی خۆیــان دەخەنــە بــارودۆخێکی نەگونجاوەوە. دیکتاتۆرەکان، لە هەموو لایەنێکەوە، ئیمکانییەتی کۆکردنەوەی سەرچاوەی زیاتریان لەم بوارانەدا هەیە.
مەترسییەکانی پشبەستن بە هێزەکانی بێگانە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی، پێشتریش بەشێوەیەکی کورت باسی لێوەکرا. لە فەسڵی دووەمیش،

گیروگرفتــەکانی پشبەســتن بــە وتــووێژ، وەکــوو ڕێگەیــەك بــۆ دەرپەڕانــدنی دیکتاتۆرەکان، خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

کەواتـە، چ ڕێگەیـەك دەمێنێتـەوە، کـە بتوانێـت زاڵییـەکی ڕاشـکاوانە ببەخشـێتە بـەرخوەدانی دیمـوکرات و لەگـەڵ ئـەوەش سـەرنج بداتـە لاوازترکردنـی خاڵـە لاوازەکانی دیکتاتۆری؟ چ بزاڤێکی تەکنیکی دەتوانێت ئەو هێزە سیاسییەی کە لە فەسڵی سێیەم باسمان لێوەکرد، بخاتەڕوو؟ بژاری شیاو بۆ ئـەم پرسـیارە، خەباتی سیاسییە.

تایبەتمەندییەکانی خەباتی سیاسی بەشێوەی خوارەوەیە:

- خـەباتی سیاسـی قبـووڵ ناکـات، کـە ئـەنجامی خـەبات، بـەهۆی ئـەو ڕێکارانە دیار بکرێن، کە لەلایەن دیکتاتۆرەوە دەستنیشان دەکرێن.
- خەبات بۆ ڕژێم سەختە.
- خـەباتی سیاسـی، بەشـێوەیەکی بێوێنـە دەتوانێـت خاڵـە لاوازەکـانی دیکتاتۆری خراپتر بکات و سەرچاوەکانی هێزی لەدەست دەربێنێت.
- خەباتی سیاسـی دەتوانێت بزاڤێکی بە تـەواوی پەڕاگەندە بێت، بـەڵام هەر لەو کاتەدا، داکۆکی لەسەر بابەتێکی تایبەتی بکاتەوە.
- خەباتی سیاسی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هەڵە لـە لێکدانـەوە و کاری دیکتاتۆر.
- خـەباتی سیاسـی دەتوانێت بەشـێوەیەکی کاریگـەر جـەماوەر، گرووپـە کۆمەڵایەتییەکان و دامەزراوە جۆراوجۆرەکان، وەکوو یەکەیەکی گشـتی

بخاتە کار، بە ئامانجی کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی دڕندانەی ژمارەیەکی کەم، بە سەریاندا.

- خەباتی سیاسی دەتوانێت ببێتە هۆی دابەشبوونی کاریگەری دەسەڵات لە کۆمەڵگا، کە ئەوەش خۆی دەبێتە هۆی زیاتربوونی ئەگەری دامەزران و جێگیربوونی کۆمەڵگایەکی دیموکراتیك.

## شێوازی خەباتی ناتوندوتیژی

خەباتی سیاسیش وەکوو هێزەکانی سەربازی، دەتوانێت بۆ گەییشتن بە ئامانجی جۆراوجۆر بخرێتە کار. ئەم ئامانجانە، دەتوانن لە قاڵبی شەبەنگێکی بەرفراوانی پێکهاتوو لە هەوڵ بۆ ناچارکردنی رکابەر، بۆ دەرکردنی هەندێ بڕیاری تایبەت، دروستکردنی زەمینەیەك بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەکان، یا تەنانەت هەڵوەشاندنەوەی تەواوی رژێم، دەستەبەندی بکرێن.

بەهەرحاڵ، خەباتی سیاسی بە شێوازی جیاواز لە توندوتیژی، کاری خۆی دەکات. هەرچەندە ئامانجی هەردوو شێواز رەوتی خەباتە، بەڵام ئەو رێگایانەی هەریەکیان دەیگرنە پێش، زۆر جیاوازن و ئەنجامی جیاوازیشیان لێ دەکەوێتەوە. هەموومان شێواز و ئەنجامی بگروبکێشی توندوتیژیانە دەزانین. چەکە فیزیکییەکان بۆ ترساندن، زیان گەیاندن، کوشتن و وێرانکردن بەکار دەهێندرێن. خەباتی ناتوندوتیژی، زۆر ئاڵۆزترە لەو رێگەیانەی کە لەسەر

توندوتیژی بنیات نراون و شێوازی جۆراوجۆری خەبات دەگرێتە خۆی. بەپێچەوانەی ئەو خەباتەی کە لەسەر بنچینەی توندوتیژی دامەزراوە، خەباتی ناتوندوتیژ، لە سۆنگەی چەکی دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی، کە لە لایەن هاووڵاتییان و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەخرێنە کار، شەڕ دەکات. ئەم چەکانە، بەناوی جۆراوجۆری وەکوو، نارەزایی، مانگرتن، هاوکاری نەکردن، ئابلۆقە، ناحەزی و هێزی کۆمەڵانی خەڵك، ناسراون.

هەروا کە پێشتر باس کرا، هەموو دەوڵەتەکان، تەنیا تا کاتێك دەتوانن درێژە بە دەسەڵاتەکەیان بدەن، کە هێزی پێویستی خۆیان بەهۆی هاوکاری، پێڕەوی و فەرمانبردنی خەڵك و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، دابین بکەن. خەباتی سیاسی، بەپێچەوانەی توندوتیژی، شێوازێکی تەواو گونجاو و تایبەتە، بۆ جیاکردنەوەی ئەو سەرچاوانەی هێز، لە دەوڵەت.

## چەکی ناتوندوتیژی و دیسپلین

هەڵەی باو لە خەباتی سیاسیی پێشوو، کە زۆربەیجاران بەبێ بەرنامەڕێژیی پێشتر، روویداوە، ئەوە بووە کە وادەزانرا دەکرێت بە پشبەستن بە یەك یا دوو شێواز، وەکوو مانگرتن و رێپیوانی سەرانسەری، ئامانج بپێکرێت.

لەڕاستیدا شێوازی زۆر هەیە، کە رێگە بە ستراتێژیستەکانی بەرخوەدان دەدات، لە کاتی پێویست بەرخوەدان کۆ بکاتەوە، یا پەڕاگەندەی بکات.

نزیکەی دووسەد شێواز لە کرداری ناتوندوتیژی ناسراوە و دڵنیام شێوازی زۆری تریش هەن. ئەو شێوازانە، بەسەر سێ گرووپی سەرەکی، دابەش دەکرێن: ناڕەزایەتی و هاندان، هاوکاری نەکردن و پەلامار.

شێوازەکانی ناڕەزایی و هاندان، زۆربەیان ڕێپیوانی هێماکارن، وەکوو ڕێپیوان، خۆپێشاندان و شەو نەنووستن،(٥٤ شێواز).

هاوکاری نەکردن، خۆی بەسەر سێ گرووپ دابەش دەبێت.(أ)هاوکاری نەکردنی کۆمەڵایەتی(١٦شێواز)،(ب)هاوکاری نەکردنی ئابووری، بە گەمارۆکانەوە(٢٦شێواز)و مانگرتن(٢٣شێواز)و(ج)هاوکاری نەکردنی سیاسی(٣٨شێواز).

پەلامارە ناتوندوتیژییەکانیش، بە شێوازی دەروونی، فیزیکی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیی وەکوو رۆژوو گرتن، داگیرکردنی ناتوندوتیژیانە و دەوڵەتی هاوتەریب(٤١شێواز)، دووایین گرووپن.

لە دژایەتی لەگەڵ ڕێگە سەربازییەکان، شێوازەکانی ناتوندوتیژ، دەتوانن بە شێوازی ناڕاستەوخۆ، ئاراستەی ئامانجە دەستنیشانکراوەکان بکرێن. بۆ وێنە، بە ڕەچاوکردنی ئەوە، کە بابەتی دیکتاتۆری بابەتێکی تەواو سیاسییە، دەکرێت لە شێوازەکانی خەباتی ناتوندوتیژ کەڵك وەربگیرێت. ئەم خەباتە بریتین لە سەرپێچی لە سەلماندنی ڕەوامەندیی سیستەم و دیکتاتۆر و هەروەها هاوکاری نەکردن لەگەڵیان.

هاوکاری نەکردن، هەروەها دەتوانێت سەبارەت بە کۆمەڵە سیاسەتێکی تایبەت ئەنجام بدرێت. هەندێجار، دوواخستن و خۆ دزینەوە، دەکرێت لە بێدەنگی و تەنانەت بە نهێنی، تاقی بکرێتەوە، لە حاڵێك کە لە حاڵەتەکانیتر، هاوکاری نەکردنی ئاشکرا، خۆپیشاندانی سەرانسەری و مانگرتن، بۆ هەمووان بەرچاوە.

لە لایەکیتر، ئەگەر دیکتاتۆر لە هەمبەر گوشاری ئابووری، خاڵی لاوازی هەبێت، یا زۆرینەی نارەزایەتیی هاووڵاتییان، پێوەندیی بە بابەتی ئابووری هەبێت، ئەوکاتە کرداری ئابووری، وەکوو گەمارۆ و مانگرتن، رەنگە ڕێگەی شیاو بۆ خەبات بن.

هەوڵی دیکتاتۆر بۆ بەهرەمەندی لە سیستەمی ئابووری، رەنگە ڕووبەڕووی مانگرتنی سەرانسەریی سنووردار، تەپکاری[1] و هاوکاری نەکردن (خۆ دزینەوەی) پسپۆران ببێتەوە. بەکارگرتنی بە بژارەی شێوازە جۆراوجۆرەکانی مانگرتن، دەتوانێت لە کۆمەڵە حەوزێکی کلیلی وەکوو بەرهەمهێنان، گوازتنەوە، دابینکردنی ماددەی خاو و دابەشینی بەرهەم، بەکار بهێندرێت.

هەندێك لە شێوازەکانی خەباتی ناتوندوتیژ، گرێدراوی کۆمەڵە کردارێکی دەرەوەی ژیانی رۆژانەی خەڵکن. وەکوو دابەشینی نامیلکە، بڵاوکردنەوەی چاپەمەنیی نهێنی، بە کردەوە ئەنجامدانی مانگرتن لە خواردن یا مانگرتن

---

[1] - Slow-Down

لەسەر شەقام. جگە لەمە، بابەتەکانی زۆر توندی جێبەجێکردنی ئەم شێوازە، ڕەنگە بۆ هەندێك هاووڵاتی، زۆر بەزەحمەت بێت.

لە بەرامبەردا، هەندێك لە شێوازەکانی خەباتی ناتوندوتیژی، گرێدراوی ڕەوتی ئاسایی ژیانی خەڵکن، بەڵام بە برێك جیاوازی. بۆ وێنە ڕەنگە خەڵك لە جیاتی مانگرتن، بچنە سەرکارەکانی خۆیان، بەڵام بە ئەنقەست، زۆر تەپتر لە جاران و بە بەرەنجامێکی کەمتر کار بکەن. (هەڵەکانی کار)دەتوانن بە نییەتی پێشتر، زیاتر ببن. ڕەنگە کەسێك (نەخۆش) ببێت و(نەتوانێت) لە کاتی تایبەت، لەسەر کارەکەی ئامادە بێت. یا ڕەنگە کەسێکیتر خۆ لە ئەنجامدانی کارێکی دیارکراو بدزێتەوە. ڕەنگە کەسێك بچێتە ڕێوڕەسمێکی ئۆلی، کە داگری نەك تەنیا واتا ئۆلییەکان بێت، بەڵکوو واتا سیاسییەکانیشی تێدا بێت. ڕەنگە کەسێك بۆ پێشگیری لە پەلاماری پڕۆپاگندەیی، لە ماڵەوە وانە بداتە مناڵەکانی، یا بیاننێریتە خوێندنی نایاسایی. کەسێکیتر ڕەنگە لە بە ئەندامبوون لە هەندێ ڕێکخراوی زۆرەملێ خۆ بپارێزێت، کە پێشتر ئەگەر بە حەزی خۆی بوایە، نەدەبووە ئەندامیان.

لێکچوونی ئەم چەشنە کردارانە، بە هەڵسوکەوتی ئاسایی هاووڵاتییان و لادانە سنووردارەکەی بە بەراورد لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەیان، ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوە کە دەرفەتی بەشداری لە خەباتی ئازادیخوازانەی نیشتیمانی، بۆ ژمارەیەکی زۆری خەڵك بڕەخسێت.

لەبەر ئەوەی کە چالاکیی خەباتی ناتوندوتیژی و توندوتیژانە، لە بنەڕەتدا لەگەڵ یەکتری جیاوازن، لە درێژەی زنجیرەیەك خەباتی سیاسی، تەنانەت توندوتیژیی زۆر سنووردداریش، نەگونجاوە، چونکە دەبێتە هۆی لادانی خەبات، بۆ گۆڕەپانێك کە دیکتاتۆرەکان تێیدا زاڵن (تێکهەڵپرژان و پێکدادانی سەربازی).

دیسپلین، کلیلی سەرەکییە بۆ سەرکەوتن و تەنانەت بە بوونی دنەدان و دڕەندەکارییەکانی دیکتاتۆرو دەستوپێوەندییەکانیشی، نابێت دیسپلین فەرامۆش بکرێت.

ڕاگرتنی دیسپلینی ناتوندوتیژی لە هەمبەر رکەبەرەکان، پراکتیزەکردنی چوار جۆرە مێکانیزم و گۆڕانکاری، لە خەباتی ناتوندوتیژی (لە درێژەی ئەم فەسڵە باسی کراوە)ئاسان دەکات. هەروەها دیسپلینی ناتوندوتیژی لە پرۆسەی جووجیتسۆی[1] سیاسی زۆر گرینگە. لەم پرۆسەیەدا، دڕندایەتیی زبری دیکتاتۆر، لە دژی ئەو کەسانەی کە دەستیان بە بزاڤی ناتوندوتیژی کردووە، بە مانۆوڕێکی سیاسی، بۆ لای خودی خۆی دەگەڕێندرێتەوە، کە ئەمەیان دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی لە ناو ئاستەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و

[1] - جووجیتسۆ، وەرزشێکی رەزمییە کە تێیدا تاك بە سوود وەرگرتن لە گەڕاندنەوەی هێزی رکابەر بۆ لای خۆی و زڤراندنی جۆمگەکانی رکابەر، ململانێی لەگەڵ دەکات.

هــەروەها راکێشــانی پشــتیوانیی هاووڵاتییــان، پشــتیوانانی رژێــم و خــەڵك و دەوڵەتی سێیەم، بۆ خەباتکاران.

بەهــەرحاڵ، هەنــدێجار رەنگــە، توندوتیژییــەکی ســنووردار لــە دژی دیکتــاتۆر، نەکرێت رێگەی لێ بگیرێت. بێپاری و بێزاری رەنگە ببێتە هۆی تەقینەوەیەکی توندوتیژیانە. یا هەندێ گرووپی دیارکراو، رەنگە تەنانەت دووای هایداری لە رۆڵـی ژیانبەخشـی خـەباتی ناتونـدوتیژی، پێیـانخۆش نـەبێت کـە واز لـە ئـەو رێگەیانـە بێنن، کـە لەسـەر بنچینـەی تونـدوتیژی دانـدراون. لـە حاڵـەتی وادا، نابێت خـەباتی سیاسـی بـە لایەکـەوە بنرێت. بەهـەرحاڵ پێویسـتە کـە کـرداره ناتوندوتیژییــەکان، تــا دەکرێــت، لــە کــردارە توندوتیژییــەکان جیــا بکرێنــەوە. ئەمــەیان لــە رێگــەی جیاکردنــەوەی جــوگرافی، گرووپــی هاووڵاتییــان، کــاتی و بابەتی مسۆگەر دەبێت. جگە لەوە بێت، توندوتیژی دەتوانێت، بۆ ئەو خەباتە سیاسـییانەی لـەخۆڕا بـەهێزن و شـیاوی سـەرکەوتنن، ئـەنجامی کارەسـاتبار بەدووای خۆیدا بێنێت.

بەڵگە مێژووییەکان پێشاندەدەن، کە لەگەڵ ئەوەی کە زیانی مـالی و گیـانی لـە خەباتە ناتوندوتیژەکان دوور لە چاوەڕوانی نەبووە، بـەڵام رێژەی ئەم زیانانە، زۆر کەمتر بووە لە زیانی چاوەڕوانکراوی پێکدادانی سـەربازی. وێڕای ئەمـە، ئـەمجۆرە خەباتـە، نابێتـە هـۆی خـولان بـە بازنەیـەکی بێکۆتـایی لـە کوشـتار و دڕندایەتی.

خەباتی ناتوندوتیژی، هەم پێویستیی بە دابەزاندنی(یا کۆنترۆڵ کردنی)ئاستی ترسی خەڵك لە دەوڵەت و سەرکوتکارییەکانی توندوتیژییانەی هەیە و هەمیش خۆی هەوڵی دروستکردنی ئەم دیاردەیە دەدات. قوتاربوون لە ترس(یا کۆنترۆڵ کردنی)، فاکتەری سەرەکی بۆ لەناوبردنی هێزی دیکتاتۆر، بەسەر هاووڵاتییان بە گشتییە.

## دیودەری[1]، شاراوەکاری و ستاندەرە بەرزەکان

شاراوەکاری، گزیکاری و پیلانی نهێنی، گیروگرفتی زۆر عەسەو جددی، بۆ بزاڤێك کە سوود لە خەباتی ناتوندوتیژ وەردەگرێت، دەخوڵقێنێت. زۆربەیجاران، نامومکینە کە بکرێت رێگە لە دەستپێڕاگەییشتنی پۆلیسی سیاسی و رێکخراوە جاسووسییەکان بگیرێت، تا ئاگاداری بەرنامە و ئامانجەکان نەبن. لە روانگەی بزاڤ، شاراوەکاری نەکتەنیا رەگوڕیشەی لە ترسەوە دێت، بەڵکوو خۆی فاکتەرێکی ترسە. ترسێك کە دەبێتە هۆی کاڵبوونی رۆحی بەرخوەدان و نزمبوونەوەی رێژەی ئەو کەسانە، کە دەتوانن بەشداری لە چالاکییەکی دیارکراو بکەن. هەروەها، ئەم بابەتە، رەنگە ببێتە هۆی

[1] - واتە (شفافیت). دیودەر واتە (شفاف). بەو مانایە کە هەر شت یا دیاردەیەك، کە هەموو دیوەکانی لە دەرەوەیەو دیوی شاراوەی نییە.(وەرگێڕ).

رەشبینی و سەرهەڵدانی تۆمەتی تەنانەت نادادگەرانە، کە کێ بۆ هەڤرك، زانیاریی کۆ کردووەتەوە و رکابەر لە چ جموجۆڵێکی بزاڤ، ئاگادار دەکاتەوە. شاراوەکاری، تەنانەت رەنگە کار بکاتە سەر توانای بزاڤ، لە دوورمانەوەی لە توندوتیژی. بە پێچەوانەی ئەم بابەتە، دیودەری لە مەبەست و بەرنامەکان، وێڕای کاریگەرییەکانی پێچەوانەی بابەتەکانی سەرەوە، دەبێتە هۆ، کە وێنەیەکی زۆر بەهێزتر لە بزاڤی بەرخودان، بەرجەستە ببێت. هەڵبەت بابەتەکە بێگومان ئاڵۆزتر لەوەیە کە لێرە باسی لێوە بکرێت و زۆر لە لایەنەکانی کرداریی بەرخودان، پێویستیان بە شاراوەکاری دەبێت. لە بارودۆخی دیارکراو، نرخاندن و دەربڕینی بیروڕا، کە لەسەر بنەمای زانیاریی دەستکەوتوو دەردەبڕدرێن، پێویست دەکات، کە لە لایەن کەسانی تەواو شارەزا لە خەباتی ناتوندوتیژی و لەگەڵ ئەوەشدا، هایدار لە شێوازەکانی چاودێریەتیی دیکتاتۆر، ئامادە کرابێت.

هەڵەچنی، چاپ و بڵاوکردنەوەی چاپەمەنییە نهێنییەکان، سوود وەرگرتن لە وێستگەکانی رادیۆیی نایاسایی و بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر جموجۆڵەکانی دیکتاتۆر، لەو بابەتانە دێنە ئەژمار، کە ئاستێکی بەرزی شاراوەکاری تێیدا پێویستە.

رێگەگرتن لە گۆڕینی ستاندەری بەرزی هەڵسوکەوت لە چالاکییە ناتوندوتیژییەکانیش، لە سەرانسەری قۆناغەکانی ململانێ، زۆر گرینگە.

کۆمەڵە فاکتەرێکی وەك بێباکی و پاراستنی دیسپلینی ناتوندوتیژی، هەمیشە پێویستن.
گرینگە کە لەبیرمان بێت، کە جارجار، گرووپە گەورەکانی هاووڵاتییان، بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکارییە دیارکراوەکان، پێویستن. بەشداریکردنی ژمارەیەکی وا لە هاووڵاتییان، تەنیا لە حاڵەتێك دەپارێزرێت، کە کۆمەڵە ستاندەرەکی بەرز، لە بزاڤ، رەچاو بکرێن.

## جێگۆڕکێ لە پێوەندییەکانی دەسەڵات

ستراتێژیستەکان دەبێت لەبیریان بێت، کە ئەو بگروبکێشەی کە سوود لە خەباتی سیاسی وەردەگرێت، بەهۆی کار و پەرچەکردار و کریار و پەرچەکریارەکانی بەردەوام، سیمایێکی هەیە، کە هەمیشە لە گۆڕاندایە. پێوەندییەکانی دەسەڵات، چ رەها و چ رێژەیی، لە حاڵەتی گۆڕانی خێرا و پایەداردان. ئەم دەستکەوتە، بە بەشداریی خەڵکێکی خۆڕاگر، کە پێ لەسەر کرداری ناتوندوتیژی دادەگرن، مسۆگەر دەبێت.
لەمجۆرە خەباتەدا، جۆراوجۆری لە هێزی رێژەیی هەردوولای ململانێ، بەهۆی خێرایی بەرزی رووداوەکان و هەروەها دەرەنجامە گرینگەکانی سیاسی، زۆر لەو خەباتە ئاڵۆزترە، کە لەسەر بنەمای توندوتیژی بنیات نراوە. هەر لەبەر ئەو جۆراوجۆرییە، وا دێتە بەرچاو، کە چالاکییەکانی دیارکراوی

بـەرخوەدانکارەکان، ئەنجامگـەلی زۆر بـەرفراوانتر لـەو شـوێن و کاتـەی کـە ڕووداوەکـانی تێـدا ڕوودەدات، بـەدووادا دەبێـت. ئـەم ئەنجامانـە، لـە لاواز یـا بەهێزبوونی گرووپێك یا گرووپی بەرامبەر، ڕەنگ دەدەنەوە.

وێـڕای ئەمـە، گرووپـی ناتونـدوتیژ، لـە سـۆنگەی کردارەکـانی خـۆی، دەتوانێـت کۆمەڵـە ئـەنجامێك بـەدەسـت بێنێـت، کـە کاریگـەرییان زۆر لـە ئۆپەراسـیۆنی سـەربازی، بەسـەر لاوازبـوونی ڕکابەرەکـەی، بـەدیار بکـەوێت. بـۆ وێنـە، بەرخوەدانی ناتوندوتیژی، کە بێباك و بە دیسپلین بێت، لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دڕندایەتییەکانی دیکتاتۆر، ڕەنگە ببێتە هۆی هەستی ناڕحەتی، بێمەیلی، بـێ دڵنیـایی و لـە حاڵـەتی بـەرفراوانتر تەنانـەت سـەرهەڵدان، لـەنێوان سـەربازەکانی دیکتـاتۆرو خـەڵکی سـێڤیل. وێـڕای ئەمـە، سـوودوەرگرتنی بـەردەوام، دیسپلیندار و شـارەزایانە لـە خـەباتی سیاسـی، ڕەنگـە ببێتـە هـۆی بەشـداریی هـەرچی زیـاتری ئـەو هاووڵاتییانـەی، کـە لـە حاڵـەتی ئاسـایی، پشـتگیرییەکی سـووك لـە دیکتـاتۆر دەکـەن و لـە باشـترین حاڵەتیشـدا، بێلایـەن دەمێننەوە.

## چوار میکانیزمی گۆڕان

خەباتی ناتوندوتیژ، لە چوار ڕێگە، دەبێتە هۆی گۆڕان. یەکەم میکانیزم، کەمتر تەحـەممول دەکرێـت. هەرچەنـدە، کـە هەنـدێجاریش بـە پڕاکتیکـی ڕوویـداوە.

ئەندامانی گرووپی رکابەر، بە بینینی ئەو رەنج و زەحمەتانەی، کە بەهۆی سەرکوتی بەرخوەدانکارەکانی بێباك و دوور لە توندوتیژی، دەسەپێندرێت، لە رووی هەستەوە هاندەدرێن، یا دەگەنە ئەو ئەنجامە عەقڵییە، کە ئامانجەکانی بەرخوەدانکارەکان، دادگەرانەیەوە و بۆیەش، ئەو ئامانجانە قبووڵ دەکەن. ئەم میکانیزمە، پێیدەوترێت گۆڕانی ئۆل. هەرچەندە هەندێك بابەتی گۆڕانی ئۆل، لە خەباتی ناتوندوتیژی روویداوە، بەڵام کەم بووە و لە زۆربەی بگروبکێشەکان، یا هەر روونەداوە، یا بەلایکەم، لە پانتاییەکی بەرفراوان، دروست نەبووە.

ئەوەی کە زیاتر دێتەپێش، ئەوەیە کە خەباتی ناتوندوتیژی، بە گۆڕینی بارودۆخی خەبات و کۆمەڵگا، بە شێوەیەك کار دەکات، کە رکابەر ناتوانێت بە ئاسانی هەرجۆرێك کە بیەوێت، دەست بکاتەوە. هەر ئەو گۆڕانەیە، کە سێ میکانیزمەکەیتر دروست دەکات. رێککەوتن، سەپاندنی ناتوندوتیژی و هەڵوەشانەوە. ئەوجا کامە لەمانە روو بدات، گرێدراوە بە رادەی گۆڕان لە بارودۆخی پێوەندییەکانی رێژەیی و رەهای دەسەڵات.

ئەگەر ئەو بابەتانەی ناکۆکییان لەسەرە، بابەتی بنچینەیی نەبن، داخوازییەکانی بەرهەڵستکاران، لە قاڵبی رەوتی زنجیرە کردارە سنووردارەکانی ئەوان، هەڕەشەئامێز نابێت و ململانێی هێزەکان، تا رادەیەك، دەبێتە هۆی گۆڕان لە پێوەندییەکانی دەسەڵات. لەم حاڵەتەدا، رەنگە بگروبکێشێکی بێ پچڕان، ببێتە هۆی گەیشتن بە رێککەوتن، دابەشینی بابەتە ناکۆکەکان و ئاشتی. ئەو مێکانیزمە، سازش یا رێککەوتنی پێ دەڵێن. بۆ وێنە، ژمارەیەکی زۆری

مانگرتنەکان، بەمشێوەیە کۆتایی دێن. بۆ میناك، بە گەییشتنی هەریەك لە هەردوولا، بە بەشێك لە ئامانجەکانیان و نەك گەییشتن بە هەموو ئەو شتانەی کە دەیانویست.

دەوڵەت بە ئەگەری زۆر، بۆ بەدەستهێنانی هەندێك سوودی ئەرینی شێوازەکە، وەکوو کۆتاییهێنان بە قەیران، خوڵقاندنی سیماییێکی(جوامێرانە) لە دەوڵەت، یا پاکیزە پێشاندانی سیمای نێونەتەوەیی رژێم، هەوڵی رێککەوتنێکی وا دەدات. بۆیەش پێویستە وردەکارییەکی باش، بۆ هەڵبژاردنی ئەو بابەتانەی کە قرارە لە رێگەی رێککەوتن و سازش چارەسەر بکرێن، بەکار بهێندرێت. خەباتێك کە بەدووای لادانانی دیکتاتۆر لە کۆرسیی دەسەڵاتە، بێگومان یەکێك لەم بابەتانە نییە.

خەباتی ناتوندوتیژی، رەنگە زۆر لەو بابەتانەی کە لە میکانیزمەکانی گۆڕانی ئۆل و سازش پێشان دران، بەهێزتر بێت. هاوکاری نەکردن و خەباتی سەرانسەری، دەتوانن بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و بەتایبەت پێوەندییەکانی دەسەڵات، بە تەواوی بگۆڕن. واتە توانای دیکتاتۆر، بۆ کۆنترۆلکردنی پرۆسە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگا، لێی دەسەندرێتەوە. هێزەکانی سەربازیی رکابەر، رەنگە ئیتر بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی بنیاتنراو لەسەر سەرکوتی بەرهەڵستکاران، جێی پشتپێبەستن نەبن. واتە هەرچەندە سەرکردەکانی دوژمن، لە شوێنی خۆیان ماونەتەوە و بەردەوام بۆ ئامانجەکانیان هەوڵ دەدەن، بەڵام توانای ئەنجامدانی

کرداری کاریگەریان، لێ دەسەندرێت. ئەم بارودۆخە سەپاندنی ناتوندوتیژیی پێ دەوترێت.

لە حاڵەتی توندتر، بارودۆخی سەپاندنی ناتوندوتیژی، تا شوێنێك پەل داوێژێت، کە سەرکردەی دوژمن، هەموو توانای خۆی بۆ ئەنجامدانی هەر کردارێك، لە دەست دەدات و پێکهاتەی دەسەڵات دەڕووخێت. خۆسەریی بەرخوەدانکاران، هاوکاری نەکردنیان و خەبات و سەهەڵدان، بەرێژەیەك پەرە دەستێنێت، کە خەنیم تەنانەت ناتوانێت بەشێوەیەکی رواڵەتیش کۆنترۆلیان بکات. لە کۆتاییدا، دەزگای بەرێوەبەرایەتی خودی دیکتاتۆر، رێبەرایەتییەکەی قبووڵ ناکەن. هێزەکانی چەکدارو پۆلیس، رادەپەڕن. خەڵك و تەنانەت پشتیوانانی هەمیشەییش، ئیتر رێبەری پێشووی خۆیان رەت دەکەنەوە و هیچ چەشنە مافێکی دەسەڵاتداریەتیی پێ رەوا نابینن. بەمشێوەیەش هاوکاری و پێڕەویکردنی پێشتری ئەوانە، لەناو دەچێت.

لە چوارەمین میکانیزمی گۆڕان، پارچەپارچەبوونی سیستەمی دەسەڵاتی دیکتاتۆر، بە رادەیەکە، کە ناوبراو تەنانەت هێزی پێویست بۆ تەسلیمبوونیشی نابێت. رژێم بە ئاسانی بە پارچەپارچەبوون، وێران دەبێت.

لە داڕشتنی ستراتیژییە ئازادیخوازەکان، دەبێت هەمیشە، ئەم چوار میکانیزمەمان لەبیر بێت. ئەو میکانیزمانە، هەندێجار، هەر لە بنچینەوە، بە شێوەیەکی هەڵکەوتە کار دەکەن. بەهەرحاڵ، یەك یا چەندێك لەم میکانیزمانە، لە بگروبکێشەکان، وەکوو پێداویستییەکانی گۆڕان، دەبنە هۆ، تا دەرفەتی

فۆڕمووولەکردنی ستراتێژییە تایبەتەکان(یا شیاوی دەوڵەمەند بوون) بڕەخسێت. ئەوە کە چ میکانیزمێك (یا میکانیزمەکان)هەڵبژێردرێن، بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێك فاکتەری وەکوو: هێزی رەها و رێژەیی لایەنە خەباتکارەکان و روانگە و ئامانجەکانی لایەنە سەرهەڵداوەکان، کە بەکاری دێنن.

## ئەنجامەکانی دیموکراتیزەکردنی خەباتی سیاسی

لە ململانێ لەگەڵ دەرەنجامەکانی سەنتڕالیزەکاری توندوتیژی، سوود وەرگرتن لە تەکنیکەکانی خەباتی ناتوندوتیژ، دەبێتە هۆی ئەوە، کە کۆمەڵگای سیاسی، لە چەندین لاوە دیموکراتیزە بکرێت.
هەندێك لە ئەنجامەکانی دیموکراتیزەکردن، نەرین دەبن. بەو مانایە کە، لە ململانێ لەگەڵ رێگە سەربازییەکان، ئەو تەکنیکە، نابێتە هۆی دروستبوونی هێزێکی سەرکوتکار و ژێر فەرمانی ئۆلیتێك، تا بەکار بهێندرێت بۆ دامەزراندن یا درێژەپێدانی دیکتاتۆرییەکی نوێ.
رێبەرانی بزاڤە خەباتکارە سیاسییەکان، دەتوانن کار بکەنە سەر لایەنگرانی خۆیان، یا تەنانەت کۆمەڵێك گوشار بەکار بێنن، بەڵام توانای بەندکردن یا ئێعدامی مرۆڤەکانیان نابێت، ئەگەر هاتوو لە دژیان بن، یا رێبەرێکی نوێ بۆ خۆیان هەڵبژێرن.

بەشی دووەمی کاریگەرییەکانی دیموکراتیزە کردن، ئەنجامەکانی ئەرینن. بەو مانایە کە، خەباتی ناتوندوتیژ، کۆمەڵە ڕێگایەکی بەرخوەدان، پێشانی خەڵك دەدات، کە لەم ڕێگایانەوە، بتوانن بگەنە ئازادی و لە هەمبەر دیکتاتۆرەکان، یا ئەو کەسانەی پێیانخۆشە ببنە دیکتاتۆر، ئەو ئازادییە بپارێزن. لێرە، باسی هەندێك لە کاریگەرییەکانی دیموکراتیزە کردنی ئەرین، کە لە خەباتی ناتوندوتیژی بەرچاو دەکەون، کراوە:

- ئەزموونی بەکارهێنانی خەباتی ناتوندوتیژی، دەبێتە هۆ، کە خەڵك لە کاتی خەباتدا، لەگەڵ هەڕەشە و سەرکوتەکانی توندوتیژانەی ڕژێم، بڕوابەخۆبوونێکی زیاتر بەدەست بێنن.
- خەباتی ناتوندوتیژی، کۆمەڵە ڕێگایەك بۆ هاوکاری نەکردن و بەرخوەدان، پێشانی خەڵك دەدات، کە لەم ڕێگایانەوە، لە هەمبەر هەرچەشنە کۆنترۆڵێکی نادیموکراتییانە، لە لایەن هەر گرووپێکی دیکتاتۆرسیفەت، خۆراگر بن.
- لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆنترۆڵەکانی سەرکوتکارانە، دەکرێت لە خەباتی ناتوندوتیژی، بۆ پێداگرتن لەسەر بەرگری، لە ئازادییە دیموکراتییەکان، وەکوو ئازادیی دەربڕین، ئازادیی ڕاگەیاندن، ڕێکخراوەکانی سەربەخۆ و کۆبوونەوەکانی ئازاد، سوود وەربگیرێت.
- هەروا کە پێشتر باسکرا، خەباتی ناتوندوتیژ، لە مانەوە، سەرهەڵدانەوە و بەهێزتر کردنی گرووپە سەربەخۆیەکان و

دامـەزراوەکانی کۆمەڵایـەتی، ڕۆڵێکـی بـەرچاوی هەیـە. ئـەم گـرووپ و دامەزراوانە، بەهۆی توانایان لە کۆکردنەوەی هێز و توانای جەماوەر و توانای سنووردارکردنی ئەو کەسانەی، کە حـەزیان لـە دیکتاتۆربوونـە، زۆر پێویستن.

- خـەباتی ناتونـدوتیژی، کۆمـەڵـە ڕێگایـەك دەخاتـەڕوو، کـە خـەڵك لـەو ڕێگەیانـەوە دەتـوانن، هێـزی خۆیـان لـە دژی پۆلیسـی سـەرکوتکار و کردارە سەربازییەکانی حکوومەتە دیکتاتۆرەکان، بخەنە کار.
- خەباتی ناتوندوتیژی، کۆمەڵە شێوازێك دەخاتەڕوو، کە لەو ڕێگەیانەوە، خـــەڵك و دامـــەزراوە ســـەربەخۆیەکان، دەتـــوانن بـــە ئامـــانجی دیموکراتییانـــە، ســـەرچاوەکانی دەســـەڵات بـــۆ ئـــۆلیتی دەســـەڵاتدار سـنووردار بکـات، یـا لێـی داببڕێـت و لـەم ڕێگەیـەوە، تواناکـانی ئـەم گرووپە، بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتەکەی، بخاتە مەترسییەوە.

## ئاڵۆزیی خەباتی ناتوندوتیژ

هەروا کە لەم باسە بینیمان، خەباتی ناتوندوتیژ، تـەکنیکێکی ئـاڵۆز لـە چالاکیی کۆمەڵایەتییـە، کـە داگری چەنـدین شـێواز، چوارچێوەیـەك لـە چەنـدین جـۆر لـە میکانیزمـەکانی گـۆڕان و پێداویسـتییەکانی چالاکییـە دیارکراوەکـانی هەریـەك لەوانــە، دەبێــت. بــۆ کاریگــەر بــوون، بەتایبــەت لــە ڕووبەڕووبوونــەوە لەگــەڵ

دیکتـاتۆر، خـەباتی سیاسـی، پێویسـتیی بـە خۆئامـادەکردن و بەرنامەدارِشـتن هەیە.

بەشـدارانی داهـاتوو، دەبێـت بـزانن کـە چ چاوەڕوانییـەکیان لـێ دەکرێـت. سـەرچاوەکان پێویسـتە پێشـتر ئامـادە کـرابن و ستراتیژیسـتەکان دەبێـت، چۆنیـەتیی بـەدیهێنانی باشـترین گـۆڕان، بـە سـوود وەرگـرتن لـە خـەباتی ناتونـدوتیژی، بەتـەواوی شـەنوکەو و شـی بکەنـەوە. ئێسـتا سـەرنجی خۆمـان دەدەینە بابەتی زۆر گرینگی ئەم دووابیە: پێویستی بە پلاندانانی ستراتیژیك.

# فەسڵی شەشەم

## پێویستیی بەرنامەداڕشتنی ستراتێژیک

زنجیرەی خەباتە سیاسییەکانی دژی دیکتاتۆرەکان، ڕەنگە بەڕێگەی جۆراوجۆر دەستپێبکەن. لە رابردوو، خەبات زۆربەیجاران، بەبێ داڕشتنی بەرنامە و بە ڕێکەوت بوون. ئەو ناڕەزایەتییانەی کە دەبوونە هۆی کردارەکانی دەستپێکی، جۆراوجۆر بوون، بەڵام زۆربە، بەهۆی دڕندایەتی نوێ، گرتن یا کوشتنی کەسێکی ڕێزدار، یا فەرمانێکی نوێی سەرکوت، کەمبوونی خواردەمەنی، بێڕێزی دەرهەق بە بیروباوەڕەکانی ئۆلی، یا ساڵهاتی ڕووداوێکی گرینگ بوون. هەندێجار، کردارێکی تایبەت لە لایەن دیکتاتۆر، بەجۆرێك خەڵك تووڕە دەکات، کە بەبێ بوونی هیچ جۆرە بەرنامەیەك، بۆ چۆنیەتی ئیمکانی کۆتاییهێنان بە سەرهەڵدان، خەڵك راپەڕیون. لە حاڵەتەکانیتر، ڕەنگە کەسێکی بوێر، یا گرووپێکی بچووك، چالاکییەك ئەنجام بدات، کە ببێتە هۆی پاڵپشتیی خەڵکیتر. ناڕەزایەتییەکی تایبەت لە لایەن خەڵکیتر، بە نارەزایەتییەك لێك بدرێتەوە، کە لەدژی زوڵمێکە، کە ئەوانیش تاقییان کردووەتەوە و بەمچەشنە ئەوانیش بچنە ڕیزی خەباتکاران. هەندێجار، بانگێشت بۆ بەرخوەدان، لە لایەن گرووپێکی

بچـــووك، یـــا تەنانـــەت تاکـــە کەســـێك، رەنگـــە وڵامێکـــی بـــەرفراوان و چاوەڕواننەکراوی لێ بکەوێتەوە.

هەرچەندە راپەڕینی لەخۆڕا، هەندێ لایەنی ئەرینی هەیە، بەڵام کەموکورتیشی تێدایە. چەندینجار بینراوە، کە بەرهەڵستکارانی دیموکرات، حیسابیان بۆ کارە دڕەندەکانی دیکتاتۆر نەکردووە، بۆیەش زیان و رەنجی زۆریان بەرکەوتووە و خەباتەکەیان تووشی شکان هاتووە. هەندێجار، نەبوونی بەرنامە لەلایەن دیموکراتەکان، بووەتە ئەگەری ئەوەی، کە بڕیاری زۆر گرینگیان خستووەتە ئەستۆی شانس، لەم حاڵەتانەدا، ئەنجامەکان کارەساتبار بووینە. تەنانەت ئەوکاتەی کە حکوومەتی ستەمکار بڕووخێندرێت، نەبوونی بەرنامە سەبارەت بە چۆنیەتی تێپەڕین بۆ سیستەمێکی دیموکراتیك، زەمینەی دروستبوونی دیکتاتۆرێکی نوێی رەخساندووە.

### بەرنامەڕێژیی واقعبینانە

بێگومان لە داهاتوو، جموجۆڵی بێبەرنامەی جەماوەر، رۆڵێکی گرینگ لە راپەڕین لەدژ دیکتاتۆر دەگێڕن. بەڵام ئەورۆ، ئیمکانی شەنوکەوکردنی کاریگەرترین شێوە، بۆ رووخاندنی دیکتاتۆرەکان، ناسینی بارودۆخی سیاسی و خۆ و خدەی نیشتیمانیی شیاو و بژاری چۆنیەتی دەستپێکردنی خەبات، لەبەر دەستە. لەم هەلومەرجە، بیرکردنەوەی زۆر ورد، لەسەر بنەمای

ژێکناسینی واقعبینانەی بارودۆخ و تواناکانی کۆمەڵانی خەڵك، لە هەڵبژاردنی کاریگەرترین شێوازەکان، بۆ گەییشتن بە ئازادی، پێویستە.

ئەگەر کەسێك حەزی لە ئەنجامدانی کارێکە، ژیرانەیە کە بیر لە چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەو کارە بکاتەوە. چەند ئامانج گرینگتر، یا دەرەنجامەکانی هەڵە، مەترسیدارتر بن، بەرنامەڕێژی گرینگترە. بەرنامەرێژیی ستراتێژیك، ئەگەری ئەوەی کە سەرچاوەکانی ئامادەکراو، بە باشترین شێوە بخرێنە کار، زیاتر دەکات. ئەم بابەتە، بەتایبەت لە بزاڤەکانی دیموکراتیك کە(بە سەرچاوەی ماددیی سنووردار و پشتیوانیکاریی مەترسیدار)هەوڵ دەدەن، تاکوو دیکتاتۆرێکی بەهێز بڕووخێنن، بەرجەستەترە. بە بەراورد، دیکتاتۆریەت توانای دەستپێڕاگەییشتن بە سەرچاوەکانی ماددیی بەرفراوان، هێزی رێکخستوو و ئەنجامدانی دڕندایەتی، هەر پێ دەمێنێتەوە.

(بەرنامەڕێژیی ستراتێژیك)، لێرە بەمانای شەنوکەو کردنی رەوتێك لە چالاکییەکانە، کە ئەگەری گەییشتن لە بارودۆخی ئێستا بۆ بارودۆخێکی دڵخواز، لە داهاتوو، زیاد دەکات. سەبارەت بە باسی ئێمە، ئەوە واتە تێپەڕین لە دیکتاتۆری بە سیستەمی دیموکراتیکی داهاتوو. بەرنامەڕێژی بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئەو ئامانجە، زۆربەیجاران، داگری کۆمەڵێکی قۆناغبەندیکراو، لە زنجیرەیەك ئۆپەڕاسیۆن و چالاکییەکانی رێکخستوو دەبێت، کە بۆ توانابەخشین بە کۆمەڵگاو جەماوەری ژێر ستەم و لاوازکردنی دیکتاتۆر دارێژراوە. ئاگادار بن، کە ئامانج تەنیا لەناوبردنی دیکتاتۆری ئێستا نییە،

بەڵکوو جێگۆڕکێی لەگەڵ سیستەمێکی دیموکراتە. ئەو ستراتێژییە گەورەیەی، کە ئامانجی تەنیاوتەنیا بە لەناوبردنی دیکتاتۆری ئێستا، سنووردار دەکات، ریسکێکی گەورە بۆ دروستبوونی دەسەڵاتدارێکی تاکفەرمانیتر، قبووڵ دەکات.

## بەربەستەکانی بەرنامەڕێژی

هەندێك لە بەرگریکارانی ئازادی، لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهان، هەموو توانای خۆیان بۆ چارەسەرکردنی، لەباوەشگرتنی ئازادی، ناخەنە کار. ئەم بەرگریکارانە، زۆرکەم، لە بایەخی بەرنامەڕێژیی ستراتێژیکی ورد، بەرلە دەستپێکردنی کار، ئاگادارن. لە ئەنجامدا، دەتوانین بڵێین هیچکاتێك، بەرنامەڕێژیی ستراتێژیك، ئەنجام نادرێت.
لەبەرچی خەڵکیك، کە ئارەزووی بەدەستهێنانی ئازادیی سیاسییان بۆ جەماوەری خۆیان هەیە، تا ئەم رادە کەمە، پلانێکی ستراتێژیی یەکلا کەرەوە، بۆ گەییشتن بەو ئامانجە، ئامادە دەکەن؟ بەداخەوە، زۆرینەی خەڵکی ئامادە، لە گرووپە دیموکراتییەکانی بەرهەڵستکار، ئاگایان لە پێتڤیبوونی بەرنامەڕێژیی ستراتێژیك نییە. یا فێری نەبووینە، یا بۆ بیرکردنەوەی ستراتێژیك، پەروەردە نەکراون. ئەمە بەرپرسیاریەتییەکی بەزەحمەتە. بەهۆی هێرشی بەردەوامی دیکتاتۆری و بەرپرسیارییەتە پێویستە کاتکوژەکان، رێبەرانی بەرخوەدان، ئیتر

زۆربەیجاران دەرفەتێکیان بۆ پەرەپێدانی پسپۆریەتی لە هزرە ستراتیژییەکانی خۆیان، بۆ نامێنێتەوە.

لە بەرامبەردا، وڵامدانەوە بە جموجۆڵە پێشەکییەکانی دیکتاتۆری، حاڵەتێکی باوە. لەم بارودۆخە، هێزەکانی بەرهەڵستکار، هەمیشە لە حاڵەتی بەرگرین، واتە بۆ پاراستنی ئازادییە سنووردارەکان، یا شوێنکەتی خۆیان تێدەکۆشن و لە باشترین حاڵەت، پەرەسەندنی کۆنترۆلی دیکتاتۆر، تەپ دەکەن، یا بۆ سیاسەتە نوێیەکانی رژێم، گیروگرفتی دیارکراو، دەخوڵقێنن.

بە دڵنیایی، هەندێ کەس و گرووپ، پێویستییەکی ئەوتۆ بۆ بەرنامەرێژیی درێژخایەن و بەرفراوانی بزاڤی ئازادیخوازانە نابینن. لە بەرامبەردا، رەنگە ئەو کەسانە، هزرێکی خاویان هەبێت، بەو مانایە کە ئەگەر تواناداڕانە، چەقیوو پایەدار، بڕوایان بە ئامانجەکانیان هەبێت، بەشێوەیەك هەر دەگەنە بیروباوەڕەکانیان. هەندێکیتر وادەزانن، کە ئەگەر بە سادەیی بژین و لە هەمبەر گیروگرفتەکان، بەپێی بنەماو گاڤینەکانی[1] خۆیان بجووڵێنەوە، هەموو ئەو شتانەی کە دەیانتوانی بۆ جێبەجێکردنی، ئەنجامیان داوە. پاراستنی ئامانجەکانی مرۆڤایەتی و وەفاداری بە گاڤینەکان، جێی لاواندنەوە و پێدا هەڵگوتنە، بەڵام بەڕاشکاوی دیارە، کە بۆ کۆتاییهێنان بە دیکتاتۆری و بەدەستهێنانی ئازادی، بەس نییە.

[1] - گاڤین واتە ئیدەئال. ئیدەئالیست دەبێتە گاڤینخواز.

بەرهەڵستکارەکانی تری دیکتاتۆری، رەنگە بێئەزموونانە، وا هزر بکەن کە ئەگەر بە رادەی پێویست، توندوتیژی بەکار بێنن، ئازادی دێتە دەست. بەڵام هەروا کە پێشتر باسکرا، توندوتیژی، سەرکەوتن دەستەبەر ناکات. توندوتیژی، لە جیاتی بەدەستهێنانی ئازادی، دەتوانێت شکان، کارەساتێکی گەورە، یا هەردووکیان بەدی بێنێت.

لە زۆربەی حاڵەتەکان، دیکتاتۆری، بە باشترین شێوەی مومکین، بۆ خەباتی توندوتیژانە چەکدار کراوە و کرداره سەربازییەکان، ئەگەر ئەنجام درابێت، زۆرکەم یارمەتیدەری دیموکراتەکان بووە.

هەندێك جموجۆڵیش هەیە، کە چالاکییەکانی خۆیان لەسەر ئەوەی کە(هەستی)پێدەکەن دەبێت ئەنجامی بدەن، دادەڕێژن. ئەم ڕێڕەوانە، وێڕای تایبەتمەندیی خۆبەزلزانین و خۆ بە تەوەرە دانان، هیچ ئامۆژگارییەك بۆ پەرەپێدانی ستراتێژییەکی گەورە، بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئازادی، ناخەنە روو.

ئەو کردارانەی کە لەسەر(بیرۆکەی درەوشاوە)ی کەسێك ئاوا کرابێتیش، سنووردارن. لە جیاتی ئەمانە، ئەو شتەی کە بە پێویست دەبینرێت، کردارێکە کە لەسەر بناغەی پیوانی وردی(هەنگاوەکانی دوواتر)، کە بۆ رووخاندنی دیکتاتۆری پێویستن، ئاوا کرابێت. بەبێ شەنوکەو و شیکردنەوەی ستراتێژیك، رێبەرانی بەرخودان، زۆربەیجاران، نازانن کە (هەنگاوی دوواتر) دەبێت چی بێت، چونکە بیریان لە هەنگاوەکانی بەدووای یەکی تایبەت، کە بۆ گەییشتن بە

سەرکەوتن پێویستن، نەکردووەتەوە. داهێنان و بیرۆکەکانی درەوشاوە، زۆر گرینگن، بەڵام کارامەیی ئەمانە، لە باشترکردنی بارودۆخی ستراتێژیکی هێزەکانی دیموکراتە.

بە لەبەرچاو گرتنی زۆریی ئەو چالاکییانەی دەرفەت هەیە لەدژی دیکتاتۆری بخرێنە کارو بە هەستکردن بە سەرلێشێواوی، لە هەڵبژاردنی خاڵی دەستپێك، هەندێ خەڵك پێشنیار دەکەن، کە (هەموو کارەکان پێکەوە جێبەجێ بکەن). ئەم شێوازە رەنگە سوودمەند بێت، بەڵام بێگومان نامومکینە، بەتایبەت بۆ ئەو بزاڤانەی کە تا رادەیەك بێهێزن. وێڕای ئەمە، ئەم شێوازەی رێنوێنی، سەبارەت بەوەی کە لەکوێوە دەبێت کارەکە دەستپێبکرێت و هەوڵەکان دەبێت زیاتر ئاراستەی چ شوێنێك بکرێت و چۆن دەکرێت سوود لە سەرچاوە سنووردارەکان وەربگیرێت، ناخاتەڕوو.

خەڵك و گرووپێکیتر، رەنگە هەست بە پێویستیی برێك بەرنامەڕێژی بکەن، بەڵام تەنیا توانای بیرکردنەوەی کورتخایەن، یا هزرکردن لە بنەما تەکتیکییەکانیان هەبێت. ئەو کەسانە ئاگایان لەوە نییە، کە بەرنامەڕێژیی درێژخایەن، پێویست و مومکینە. ئەوان رەنگە هەندێجار، نەتوانن دەرەقەتی بیرکردنەوە و شەنوکەو کردن و شیکردنەوەی پێوەندییە ستراتێژییەکان، بێن، کە ئەمەیان دەبێتە هۆ، کە هەردەم دەستەویەخەی شتی بێقیمەت بن و زۆربەیجاران خەباتکارانی دیموکرات، لە جیاتی بەدەستەوە گرتنی ئاراستەی کارەکان، تەنیا لە هەمبەر کردارەکانی رکابەر، پەرچەکردارێك پێشان دەدەن. بە تەرخانکردنی رێژەیەکی

بەرزی وزە، بۆ کردارە کورتخایەنەکان، ڕێبەرەکان لە دۆزینەوەی ڕێگەی تری جموجۆڵ، کە دەتوانێت هەموو هەوڵەکان بخاتە ئاراستەیەکی هەردەمی بەرەو سەرکەوتن، تووشی شکست دەبن.

ئەگەری ئەوەش هەیە، کە هەندێك لە بزاڤە دیموکراتییەکان، بەرنامەڕێژییەکی ستراتیژی و سەرتاپایان، بۆ ڕووخاندنی دیکتاتۆر نەبێت و بە بەڵگەهێنانەوەیەکی بە ڕواڵەت لۆژیکیانە، تەنیا داکۆکی لەسەر شتی دەمەکی بکەنەوە. ئەوانە ئەو بڕوایەیان نییە، کە دەتوانن بە کۆششی خۆیان، کۆتایی بە دیکتاتۆری بێنن. بۆیەش، داڕشتنی بەرنامە، سەبارەت بە چۆینەتیی گەییشتن بەم ئامانجە، لە ڕوانگەی ئەوانەوە، بەفیڕۆدانی کاتێکی بەنرخ، یا هەوڵێکی بێسوود، لە قەڵەم دەدرێت. خەڵکانێك کە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی خۆیان لە دیکتاتۆرێکی دڕەندەی خۆ ڕێکخستوو خەبات دەکەن، زۆربەیجاران لەگەڵ هێزێکی سەربازی و پۆلیسییەکی وا ڕووبەڕوو دەبنەوە، کە پێیانوایە، دیکتاتۆر توانای ئەنجامدانی هەر شتێکی هەیە کە ئارەزووی بکات.

بەهەرحاڵ بەبێ بوونی هیوایەکی ڕاستەقینە، ئەم خەڵکە دیسان بەهۆی پاڵنەری جوامێری یا مێژوویی، بەربەرەکانێی دیکتاتۆریەت دەکەن. بەڵام هەرگیز قبووڵ ناکەن و ڕەنگە هەرگیز پێنەحەسێن، کە کردارەکانیان نائۆمێدانەیە. کەواتە، بۆ ئەوجۆرە خەڵکانە، بەرنامەڕێژیی ستراتێژیکی گشتگیر، مانای نابێت.

دەرەنجامەکانی ئەمجۆرە سەرنەکەوتنانە، لە دارشتنی بەرنامەی ستراتێژیك، زۆر جددییە. هێزی تاك پەراگەندە دەبێت، کردارەکانی تاك بێکاریگەرە، وزەکان لەسەر بابەتی بچووك، بەفیرۆ دەچن، توانا سەرەتاییەکان ناخرێنە کار و فیداکارییەکان بێبایەخ دەبن. ئەگەر دیموکراتەکان بەرنامەرێژییەکی ستراتێژیکیان نەبێت، رەنگە لە گەییشتن بە ئامانجەکانیان، تووشی شکان ببن. بەرنامەرێژیی لاواز و تێکەڵکردنی لەگەڵ چالاکییە هەڵکەوتەییەکان، بزاڤی بەرهەڵستکاری، بەرەو پێشەوە نابات و تەنانەت زیاتر دەبێتە هۆی، زێدەبوونی کۆنترۆل و هێزی دیکتاتۆر.

بەداخەوە، لەبەر ئەوەی کە بەرنامەرێژیی گشتگیری ستراتێژیك، کەمتر دەخرێنە کار و (هەڵبەت ئەگەر هەر بەکار بهێنرێن)، دیکتاتۆرەکان زیاتر لەوەی کە هەن، پایەدارو بەهێز دێنە بەرچاو. بۆیەش چەندین ساڵ زیاتر لەوەی کە پێویستە، درێژە بە ژیان دەدەن.

## چوار گۆتەنیی گرینگ لە بەرنامەرێژیی ستراتێژیك

بۆئەوەی بتوانین، بەشێوەیەکی ستراتێژیك بیر بکەینەوە، خستنەرووی مانای چوار گۆتەنیی بنچینەیی گرینگە.

ستراتێژیی گەورە، چەمکێکە کە بە واتای هاوئاهەنگ کردن و هاوئاراستە کردنی سوودوەرگرتن لە هەموو سەرچاوەکانی هەیی(ئابووری، مرۆڤی،

ئاکاری، سیاسی، ڕێکخستن و تادووایی)، لە لایەن ئەو گرووپەی کە هەوڵی گەییشتن بە ئامانجەکانی دەدات، دێت.

ستراتێژیی گەورە، بە چەقبەستکردنی سەرنجی خۆی بەسەر ئامانجەکانی گرووپ و سەرچاوەکانی ئامادە لە ناکۆکی، سەبارەت بە خستنەکاری باشترین شێواز بۆ خەبات (لەوانەش شەڕی باوی سەربازی یا خەباتی ناتوندوتیژ)، بڕیار دەدات.

لە بەرنامەڕێژیی ستراتێژیی گەورەدا، ڕێبەرانی بەرهەڵستکار، دەبێت لەو گوشار و جموجۆڵانە بکۆڵنەوە، کە دەبنە هۆی شکستی دوژمن و بەرنامەیان بۆ دابڕێژن. وێڕای ئەمە، ستراتێژیی گەورە، داگری کۆمەڵە بڕیارێك دەبێت، دەرهەق بە هەلومەرج و کاتی شیاو، کە تێیدا سەرهەڵدانی سەرەتایی دەستپێدەکات و بەردەوام دەبێت.

ستراتێژیی گەورە، چوارچێوەیەکی بنچینەیی، بۆ هەڵبژاردنی ستراتێژییە سنووردارەکان، بە مەبەستی ڕێنوێنی کردنی خەبات، دابین دەکات. ستراتێژیی گەورە هەر لەو حاڵەشدا، دابەشینی ئەرکە گشتییەکانی گرووپێکی تایبەت و شێوازی دابەشکردنی سەرچاوەکان لە نێوانیان، بە مەبەستی بەکار هێنانیان لە خەبات، دەستنیشان دەکات.

ستراتێژی، دۆزینەوەی باشترین شێوازی بەدەستهێنانی ئامانجێکی دیارکراو لە خەباتە، کە لەناو قەڵەمڕەوی ستراتێژییە هەڵبژێردراوە گەورەکە، کار دەکات. ستراتێژی، هەم لەگەڵ ئەوەی کە کەی و چۆن بجەنگین، پێوەندیی

هەیــە و هــەم لەگــەڵ چۆنیــەتی خــەبات بــە مەبەســتی گەییشــتن بــە زیــاترین دەستکەوت. ستراتێژی، بە چەمکێك کە هـزی هونەرمەندە، دەشـوبهێندرێت، لـە حاڵێك کـە بەرنامـەی سـتراتێژیك، نەخشـەی داڕێـژاو لـە لایـەن ئەنـدازیارێکی بیناسازییە.

سـتراتێژی هــەروەها، رەنگــە داگــری کۆمەڵــە هــەوڵێك بــۆ بــەرفراوانکردنی شوێنکەتێکی ستراتێژیك بێت، کە لە سێبەریدا رکابەر، شکسـتی لەسـەداسـەدی خۆی پێشـبینی بکـات، ئەگـەر خـەباتی ئاشـکرا سـەر هەڵبـدات. بۆیـەش بـەبێ خــەباتی ئاشــکرا، تەســلیم ببێــت. جگــە لــەوە بێــت، بــارودۆخی ســتراتێژیك، ســەرکەوتنی بەرهەڵســتکاران مســۆگەر دەکــات. ســتراتێژی هــەروەها داگــری چۆنیــەتیی کــار، بــۆ ســوود وەرگرتنــی لــەبار لــە ســەرکەوتن، لــە حاڵــەتی بەدەستهێنانیەتی.

بەکارهێنانی بەرنامـەی سـتراتێژیك، لـە رەوتـی خـەبات، ئایـدیاییکی بنچینەییـە، ســەبارەت بــەوە کــە، بەرهەڵســتکارییەکان چــۆن دەبێــت بــەرفراوان بکــرێن و پێکهاتــە جیاوازەکانیــان چــۆن دەبێــت لەگــەڵ یــەکتری ببەســترێنەوە، تــا بەشدارییەکی بەرهەمدار بۆ گەییشتن بە ئامانجە دیارکراوەکان بێتە ئاراوە. ئــەم بابەتــە داگــری رێکخســتنی شــارەزایانەی گرووپــە کارایــەکان، بــۆ ئۆپەراسـیۆنی بچووکتریشـە. تەکنیکـە جیاوازەکـان، پێداویسـتیی جیاوازیشـیان دەبێت. بێگومان دابینکردنی(پێداویستییەکان)، بۆ دڵنیـایی لـە سـەرکەوتن بـەس نییە. رەنگە کۆمەڵە فاکتەرێکی تریش پێویست بن.

بۆ داڕشتنی ستراتێژییەكان، دیموكراتەكان، دەبێت ئامانجەكانی خۆیان بەشێوەیەكی ڕاشكاوانە، پێناسە بكەن و سەبارەت بە چۆنیەتی ئەندازەگرتنی ڕادەی بەرهەمداربوونی هەوڵەكان، بۆ گەییشتن بە ئامانج، بڕیار بدەن. پێناسەو شەنوكەو كردن، ئەو دەرفەتە دەداتە داڕێژەرانی ستراتێژی، تاكو بە وردی پێداویستییەكانی پێتڤ، بۆ پێكانی ئامانجە هەڵبژێردراوەكان، دەستنیشان بكەن. پێویستی بە ڕاشكاوی و پێناسە، یەكسانە لەگەڵ پێویستی بە بەرنامەڕێژییەكی تەكتیكی.

تەكتیك و شێوازەكانی كار، بۆ كاراكردنی ستراتێژییەكان، بەكار دەهێندرێن. تەكتیكەكان، هێمایێكن بۆ بەكارهێنانی هێز، بۆ گەییشتن بە بەرزترین دەستكەوت لە بارودۆخی سنووردار. تەكتیك كردارێكی سنووردارە، كە بۆ گەییشتن بە ئامانجێكی دیاركراو بەكار دەهێندرێت. هەڵبژاردنی تەكتیك، بەستراوەتە بە تێگەییشتن لەوەی كە چۆن لە قۆناغێكی تایبەت لە بگروبكێش، دەكرێت كەرەستە ئامادەكان، بۆ كاراكردنی ستراتێژی بخرێنە كار. بۆ بەدەستهێنانی لایەنی زۆری دەستكەوت، تەكتیك و شێوازەكان، پێویستە بە وردبینییەكی تایبەت، بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجەكان، دەستنیشان و بەكار بهێندرێن. دەستكەوتە تەكتیكییەكان، كە ئەگەری گەییشتن بە ئامانجە ستراتێژییەكان بەهێز نەكەن، لە كۆتاییدا، بە بەفیڕۆچوونی وزە، ئەژمار دەكرێن.

کەواتە تەکتیك، پێوەندیی بە زنجیرەیەك کردارەوە هەیە، کە لەناو ستراتیژییەك، بە یەکتری بەستراونەتەوە، هەروا کە ستراتیژییەکان، لەناو ستراتیژییەکی گەورە، لەگەڵ یەکتری دەبەسترێنەوە. تەکتیکەکان، هەمیشە پێوەندییان بە خەباتەوە هەیە، لە حاڵێك ستراتیژییەکان، داگری تێبینیی بەرفراوانترن. تەکتیکێکی تایبەت، تەنیا وەکوو بەشێك لە ستراتیژیی گشتیی ململانێ یا زنجیرەیەکی بەهەڵستکاری، مانای هەیە. تەکتیکەکان، لە کاتێکی کورتتر لە ستراتیژییەکان بەکار دەهێندرێن، یا لە سنوورێکی بچووکتر(لە رووی جوگرافی، رێکخراوەیی و تا دووایی)، یا بە بەشداریی خەڵکێکی کەمتر، یا بە مەبەستی ئامانجێکی سنووردارتر. لە کرداری ناتوندوتیژ، گشتی یا بەشبەشبوونی ئامانج، دەتوانێت تا رادەیەك، جیاوازی نێوان ئامانجی تەکتیکی و ئامانجی ستراتیژی دیار بکات.

خەباتی تەکتیکیی پەلاماردەرانە، بۆ پشتیوانی لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانی ستراتیژی، هەڵدەبژێردرێن. چالاکییە تەکتیکییەکان، کەرەستەی دەستی ستراتیژییەکانن، بۆ خوڵقاندنی بارودۆخی گونجاو، بۆ هێرشی یەکلاکەرەوە بۆ سەر رکابەر. کەواتە، زۆر گرینگە کە کەسانێك، کە بەرپرسیاریەتیی بەرنامەڕێژی و پراکتیزەکردنی ئۆپەراسیۆنە تەکتیکییەکانیان پێ دەسپێردرێت، لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخ و هەڵبژاردنی شیاوترین شێوازەکانی گونجاو لەگەڵی، شارەزاییان هەبێت. ئەو کەسانەی کە قرارە لە کردارەکە بەشداربن،

ئـەوانیش دەبێت بۆ سـوود وەرگـرتن، لـە تەکتیکەهـەڵبژێردراوەکان و شـێوازە تایبەتییەکان، را بهێندرێن.

مەبەسـت لـە شـێواز، کەرەسـتەکانی ململانـێ و ڕێگـەکانی بەرهـەڵسـتە، کـە لـە تـەکنیکی خـەباتی ناتونـدوتیژی، داگـری دەیـان چـالاکیی جۆراوجـۆرە (وەکـوو جۆرەکـانی مـانگرتن، ئابلۆقـە، هاوکـاری نـەکردن و بابـەتی لـەمجۆرە)، کـە لـە فەسڵی پێنج شی کراونەتەوە.

بـەرفراوانکردنی بەرنامەیـەکی سـتراتیژیکی تـەواو و کاریگـەر، بـۆ خـەباتی ناتوندوتیژ، گرێدراوە بە فۆرموولەکردن و هەڵبژاردنی وردی ستراتیژیی گەورە، ستراتیژییەکان، تەکتیکەکان و شێوازەکان.

وانـەی سـەرەکیی ئـەم بابەتـە ئەوەیـە، کـە بەرنامـەڕێژیی وردی سـتراتیژیك، بۆ بەدەســتهێنانی ئــازادی لــە دیکتــاتۆر، پێویســتیی بــە بــەکارهێنانی هێــزی تێگەییشــتنی تــاك هەیــە. هەڵــە لــە بەرنامــەڕێژیی هۆشــمەندانە، دەتوانێــت کارەسـاتێك بخوڵقێنێت، لـە حاڵێك کـە سـوودوەرگرتنی کاریگەرانـە لـە توانـا عەقڵییەکان، دەتوانێت ئاراستەیەکی ستراتیژی دابڕێژێت، کە بـە سـوودوەرگرتن لە هێزی بڕیاردەری راست، سـەرچاوەکان بە ئاراسـتەی بزواندنی کۆمـەڵگا، بەرەو ئازادی و دیموکراسی، بخاتە کار.

# فەسڵی حەفتەم

## بەرنامەڕێژیی ستراتیژی

بۆ زیاترکردنی ئەگەری سەرکەوتن، ڕێبەرانی بەرخوەدان دەبێت بەرنامە بۆ کۆمەڵە چالاکییەکی گشتگیر ئامادە بکەن، کە توانادار بێت بۆ بەهێزکردنی خەڵکی چەوساوە و هەروەها لاوازکردن و پاشان ڕووخاندنی دیکتاتۆری و ئاواکردنی دیموکراسییەکی پایەدار.

بۆ گەییشتن بەم بەرنامەیە، مەزەندەکردنی وردی بارودۆخ و بژارەکانی هەیی، بۆ چالاکیی کاریگەر پێویستە. هەڵبەت بەبێ ئەم شیکردنەوە وردەش، ستراتیژیی گەورە و ستراتیژییە تایبەتییەکانی زنجیرە سەرهەڵدانێك، دەتوانن پەرە بستێنن. لەبەر ئەوەی کە ستراتیژیی گەورە و ستراتیژییەکانی زنجیرە سەرهەڵدانێك، دوو پرۆسەی لە یەکتر جیاوازن، تەنیا دووای ئەوەی کە ستراتیژیی گەورە، پەرەی سەند، ستراتیژییەکانی تایبەت بە زنجیرە سەرهەڵدانێك دەتوانن بە تەواوی پەرە بستێنن. ستراتیژییە تایبەتەکانی زنجیرەیەك سەرهەڵدان، دەبێت بە مەبەستی بەدەستهێنان و بەهێزترکردنی ئامانجەکانی ستراتیژیی گەورە، دابڕێژرێن.

پەرەسەندنی ستراتێژیی بەرخوەدان، پێویستیی بە وردەکاری لەسەر پرسیار و بابەتی زۆر هەیە. لێرە دەبێت هەندێك لە پێوەرە گرینگەکان، چ لە ئاستی ستراتێژیی گەورە و چ لە ئاستی ستراتێژییەکانی پێوەندیدار بە زنجیرەیەك لە چالاکییەکان، کە پێویستە ئاگامان لێیان بێت، دەستنیشان بکەین. بەهەرحاڵ، هەموو بەرنامەڕێژییە ستراتێژییەکان، پێویستییان بەوە هەیە، کە داڕێژەرانی بەرخوەدان، تێگەیشتنێکی قووڵیان لە گشت بارودۆخی بگروبکێشەکە هەبێت، کە ئەمەیان، داگری سەرنجدان بە فاکتەرە فیزیکییەکان، مێژوویی، دەوڵەتی، سەربازی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، دەروونناسی، ئابووری و نێونەتەوەیی، دەبن. ستراتێژییەکان، تەنیا دەتوانن لە باوەشی هەر خەباتێکی دیارکراو، بە سەرنجدان بە رابردووەکەی، پەرە بستێنن.

رێبەرانی دیموکراتیك و داڕێژەرانی بەرنامە ستراتێژییەکان، دەیانەوێت ئامانج و پاڵنەرەکان، بەپێی گرینگییەکانیان، بخەنە بەر لێکۆڵینەوە. ئایا ئامانجەکان، بایەخی خەباتێکی گەورەیان هەیەو بۆ؟

دەستنیشانکردنی ئامانجی راستەقینەی خەبات، زۆر گرینگە. ئێمە لێرە لەمبارەیەوە، قسەمان کردووە، کە رووخاندنی دیکتاتۆر، یا لابردنی دیکتاتۆری ئێستا، بەس نییە. ئامانجی ئەم خەباتانە، دەبێت ئاواکردنی کۆمەڵگایەکی ئازاد، بە سیستەمێکی حکوومەتی دیموکراتیك بێت. ئاشکرایە کە ئەم خاڵە، کاریگەری دەبێت بەسەر پەرەسەندنی ستراتێژیی گەورە و ئەو ستراتێژییە تایبەتییانەی کە بەدووای ئەودا دێن.

بەشێوەیەکی تایبەت، ستراتێژیستەکان، پێویستییان بەوە دەبێت، کە وڵامی پرسیاری بنچینەیی زۆر بدەنەوە. لەوانەش:

- بەربەستەکانی سەرەکیی بەدەستهێنانی ئازادی چین؟
- کامەن ئەو فاکتەرانەی کە بەدەستهێنانی ئازادی ئاسانتر دەکەن؟
- هێزی سەرەکیی دیکتاتۆر، لەچی دایە؟
- خاڵە جۆراوجۆرە لاوازەکانی دیکتاتۆر چین؟
- سەرچاوەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆر، تا چ رادەیەك بەرزییانن؟[1]
- دەسەڵاتەکانی هێزە دیموکراتەکان و هاووڵاتییان لە چ شتێك دایە؟
- خاڵە لاوازەکانی هێزەکانی دیموکراتیك و هاووڵاتییان، کامانەن و چۆن دەکرێت، چارە بکرێن؟
- بارودۆخی هێزەکانی سێیەم، ئەوانەی کە هێشتا لە بگروبکێشەکە نەگلاون، بەڵام هاوکاریی یەکێك لە هەردوولا دەکەن، یا رەنگە هاوکاری بکەن، چۆنە؟

[1] - مەبەستم لە (بەرزییان)، (صدمەپذیر)ی فارسییە. واتە شیاوی زیان پێگەیاندن، یا ئامادەی ئەوە کە زیانی پێ بکەوێت.

## هەڵبژاردنی شێواز

لە ستراتێژیی گەورە، داڕێژەرانی بەرنامە، پێویستییان بەوە هەیە، کە شێوازی سەرەکیی ئەو خەباتەی کە قرارە لە بگروبکێشەکانی داهاتوو، بیگرنەبەر، دەستنیشان بکەن. شیاوییەکان و سنووردارییەکانی هەریەك لە تەکنیکە جۆراوجۆرەکانی خەبات، وەکوو شەڕی سەربازیی کلاسیك، شەڕی چریکی، خەباتی سیاسی و هیتر، پێویستە بخرێنە بەر لێکۆڵینەوە.

بۆ ئەم هەڵبژاردنە، ستراتێژیستەکان پێویستە ئەمجۆرە پرسیارانە، لە بەرچاو بگرن: ئایا جۆری خەباتی هەڵبژێردراو، لە توانای دیموکراتەکان دایە؟ ئایا شێوازی خەباتی هەڵبژێردراو، توانای کۆکردنەوە و بەکارهێنانی هێزی خەڵکی چەوساوەی هەیە؟ ئایا ئەم تەکنیکە، خاڵە لاوازەکانی دیکتاتۆر دەکاتە ئامانج، یا پەلاماری خاڵە بەهێزەکانی دەدات؟ ئایا ئەم شێوازە، یارمەتیی دیموکراتەکان دەدات، کە پشت بەخۆیانەوە ببەستن، یا گرێیاندەدات بە گرووپەکانی سێیەم و پشتیوانیی دەرەوە؟ رابردووی شێوازی هەڵبژێردراو، لە رووخاندنی دیکتاتۆرەکان چۆن بووە؟ ئایا ئەم شێوازە زیان و وێرانکارییەکان کە بەهۆی بگروبکێشی داهاتوو روودەدات، زیاتر دەکات، یا کەمتر؟ ئەوە گریمان لە کۆتاییهێنان بە دیکتاتۆری سەرکەوتین، شێوازی هەڵبژێردراو، چ کاریگەرییەکی بەسەر جۆری ئەو حکوومەتەی کە لە ئەنجامی بگروبکێشەکە دێتە بوون، دەبێت؟

ئەوجۆرە چالاکییانەی کە بە نەگونجاو بێنە بەرچاو، پێویستە لە پەرەسەندنی ستراتیژیی گەورە، دوور بکرێنەوە.

لە فەسڵەکانی پێشوو، بەڵگەمان هێنایەوە، کە خەباتی سیاسی، خاڵی ئەرینی زۆری بە بەراورد لەگەڵ تەکنیکەکانی تری خەبات هەیە. ستراتیژیستەکان، دەبێت بە وردی لە بارودۆخی تایبەتیی خەباتی خۆیان، لەمبارەیەوە بڕیار بدەن کە ئایا، خەباتی سیاسی، وڵامی ئەرین لە هەمبەر پرسیارەکانی سەرەوە، دەخاتەڕوو یا نە.

## داڕشتنی بەرنامە بۆ دیموکراسی

دەبێت لە یادمان بێت، کە ئامانجی ستراتیژیی گەورە، لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دیکتاتۆری، تەنیا رووخاندنی دیکتاتۆر نییە، بەڵکوو ئامانجی سەرەکی، هینانە سەرکاری سیستەمێکی دیموکراتیك و نامومکین کردنی رابوونەوەی دیکتاتۆرەکانی نوێیە.

بۆ گەییشتن بەم ئامانجە، شێوازی هەڵبژێردراو بۆ خەبات، دەبێت لە دروستکردنی گۆڕان لە دابەشکردنی دەسەڵاتی کاریگەر لە کۆمەڵگا، بەشداری بکات. لە ژێر سێبەری حکوومەتی دیکتاتۆری، خەڵك و دامەزراوە مەدەنییەکان، زۆر لاواز بووینە و دەوڵەت بەهێز بووە. بەبێ گۆڕانکاری لەم ناهاوسەنگییە، گرووپێکی نوێ لە دەسەڵاتداران، ئەگەر بیانەوێت، دەتوانن وەکوو

دیکتاتۆرەکانی پێشوو بن. کەواتە (شۆڕشێکی کۆشکی[1]) یا کوودەتا، شتێکی لەبەر دڵان نییە.

خەباتی سیاسی، لە ڕێگەی هاندانی کۆمەڵگا لە دژی دیکتاتۆر، هەروا کە لە فەسڵی پێنجەم باسکرا، یارمەتیی دابەشکردنی دادگەرانەی هێزە کاریگەرەکانی نێو کۆمەڵگا دەدات. ئەم پرۆسەیە، بەچەند ڕێگە جێبەجێ دەکرێت.

پەرەسەندنی ڕادەی خەباتی ناتوندوتیژ، بەو مانایەیە، کە توانای دیکتاتۆری بۆ سەرکوتکردنی توندوتیژانە، ئیتر بە ئاسانی لەناو خەڵك نابێتە هۆی ترس و پێڕەوی کردن. خەڵك بۆ بەربەرەکانێ و پێشگیری لە بەکارهێنانی زۆرداری لە لایەن دیکتاتۆر، کۆمەڵە شێوازێکی بەهێزیان لەبەر دەستدا دەبێت. وێڕای ئەمە، کۆکردنەوەی هێزی هاووڵاتییان، لە ڕێگەی خەباتی سیاسی، دامەزراوە سەربەخۆیەکانی کۆمەڵگا، بەهێزتر دەکات. ئەزموونی جارێك بەکارهێنانی دەسەڵات، تا ماوەیەکی درێژ لەبیر ناکرێت. ئەو زانست و شارەزاییەی کە لە خەباتدا بەدەستهاتووە، دەبێتە هۆ، کە خەڵك ئیتر بە ئاسانی، نەچنە بن باری دەسەڵاتی دیکتاتۆرە پێشبینی نەکراوەکانی داهاتوو. ئەم گۆڕانە لە

[1] - Palace Revolution لە زانستی سیاسی، بە مانای گۆڕینی دەسەڵات لە ڕێگەی بەکارهێنانی نەخشەی حیساب کراو، بەهۆی هێزەکانی ناو بازنەی دەسەڵاتە.

پێوەندییـەکانی دەسـەڵات، لـە کۆتاییـدا، بـوونی کۆمەڵگایـەکی دیمـوکراتیکی پایەدار، مومکین دەکات.

**هاوکاریی دەرەوە**

وەکـوو بەشـێك لـە ئامادەکـاریی سـتراتێژیی گـەورە، گرینگـە کـە رۆڵـی بـەرخوەدانکارانی نـاوخۆ و هـەروەها گوشـارەکانی دەرەوە، لـە رووخانـدنی دیکتـاتۆر، شـەنوکەو و دەستنیشـان بکـرێن. لـەم شـیکردنەوەیەدا، بەڵگـەمان هێنایـەوە، کـە هێـزی سـەرەکیی خـەبات، دەبێـت لـەناو خـودی وڵات، سـەر هەڵبدات. ئەو خەباتە ناوخۆیە، کە دەبێتە هۆی دنەدانی یارمەتییەکانی دەرەوە، تا کو پێ بنێتە گۆڕەپانی بەربەرەکانێ.

وەکـوو هاوکارییـەکی نـەرمتر، هەوڵـەکان دەکرێـت بـۆ هانـدانی رای گشـتیی جیهـانی لـە دژی دیکتـاتۆری، هـاوڕا لەگـەڵ مرۆڤدۆسـتی، ئـەخلاق و بنـەما ئۆلییـەکان، بخرێنـە کار. هەوڵـەکان دەکرێت، بـە مەبەسـتی سـەپاندنی سـزای دیپلۆماتیك، سیاسی و ئابووری، لەلایەن دەوڵەت و رێکخـراوە نێونەتەوەییـەکان، لە دژی دیکتـاتۆر، ئاراسـتە بکرێن. ئـەم بابەتانـە دەتوانن خۆیـان لـە شـێوازی گەمارۆی ئابووری و سەربازی ببیننەوە. نزمبوونەوەی ئاستی بەفەرمی ناسینی دیپلۆماتیـك یـا بڕینـی پێوەنـدیی دیپلۆماتیـك، قەدەغـەکردنی هاوکارییـە ئابوورییەکان و یاساغ کردنی سەرمایەگوزاری لە وڵاتی دیکتاتۆری، دەرکردنی

دەوڵـەتی دیکتـاتۆری لـە ڕێکخـراوە جۆراوجۆرەکـانی نێونەتـەوەیی و هەیکـەلی نەتــەوە یــەکگرتووەکان. وێــڕای ئەمــە، هاوکارییــە نێونەتەوەییــەکان، وەکــوو دابینکردنـی هاوکارییـە ئابوورییـەکان و پێوەنـدی، دەکرێـت ڕاسـتەوخۆ بخرێنـە بەردەستی لایەنە دیموکراتەکان.

## ڕێکخستنی ستراتیژیی گەورە

دووای هەڵســـەنگاندنی بـــارودۆخ، هـــەڵبژاردنی شـــێواز و دیـــارکردنی ڕۆڵـــی هاوکارییە دەرەکییەکان، داڕێژەرانی ستراتیژیی گەورە، پێویستە پلانی گشتیی خۆیان، لەسەر باشترین ڕەوت ئامادە بکەن، بۆ ئەوەی خەباتی پێدا ئاراستە بکـەن. ئــەم پلانــە بەرفراوانــە، دەبێــت لــە ئێســتا تــا داهــاتوو، پڕۆســـەی بەدەستهێنانی ئازادی و دامەزراوەکانی سیستەمی دیموکراتیك، بگرێتە خۆی. لە ڕێکخستنی ستراتیژیی گەورە، داڕێژەرانی بەرنامە، پێویستییان بەوە هەیە، کە پرسیاری جۆراوجۆر، لەخۆیان بپرسن.

پرســـیارەکانی خـــوارەوە، ئـــەو تێبینییـــە جۆراوجۆرانـــە، کـــە لـــە داڕشـــتنی ستراتیژییەکی گەورە، بۆ خەباتی سیاسی، پێویستن(بەشێوەیەکی بەرجەستەتر لە ڕابردوو)، باس دەکەن:

گشتگیرترین هزری سەرانسەری، لەوەی کە دیکتاتۆر چۆن دەتوانێت بەکۆتا بێت و دیموکراسی لە شوێنی دابندرێت، چییە؟

خەباتی درێژخایەن، چۆن دەتوانێت بەباشترین شێوە دەست پێبکرێت؟
خەڵکی چەوساوە چۆن دەتوانن بگەنە خۆبڕوایی و هێزی پێویست بۆ بەرهەڵستکاری لە دژی دیکتاتۆری، بە رادەیەکی سنووردار، بەدەست بێنن؟
بە مەبەستی بەدەستهێنانەوەی کۆنترۆلی دیموکراتیك بەسەر کۆمەڵگاو سنووردارکردنی دیکتاتۆری، ئامانجی کۆمەڵەیەکی سنووردار لە بەرهەڵستکارییەکان، دەتوانن چی بن؟
ئایا دامەزراوەی سەربەخۆی وا هەن، کە لە دیکتاتۆرییەت قوتار بووبن و بواری بەکارهێنانیان بۆ بەرقەرارکردنی ئازادی هەبێت؟
کامە دامەزراوەکانی کۆمەڵگا دەتوانن، بەسەر کۆنترۆلکارییەکانی دیکتاتۆر، زاڵ ببن، یا کامەن ئەو دامەزراوانەی کە دەبێت دووبارە بەدەستی دیموکراتەکان ئاوا بکرێن، بە مەبەستی وڵامدانەی پێداویستییەکانیان و رەخساندنی کەشوهەوای دیموکراسی، تەنانەت لە حاڵەتی بەردەوامبوونی دیکتاتۆری؟
هێزی رێکخستن چۆن دەتوانێت لە بەرخوەداندا پەرەبستێنێت؟ چۆن دەکرێت راهێنان بە بەشداران بکرێت؟
ئەو سەرچاوانەی(مالی، کەرەستەو هیتر)کە لە خەباتدا پێویستن چین؟ چ جۆرە درووشم و هێمایەك، دەتوانن جەماوەر بە باشترین شێوە هان بدەن؟
لە رێگەی چ جۆرە کردار و دووای چەند قۆناغ، سەرچاوەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆر، بەشێوەیەکی هەردەمی لاواز دەبن، تا لەکۆتایی لەناو بچێت؟ خەڵکی

بەرخوەدانکار، چۆن دەتوانن، لەگەڵ ئەوەی کە داکۆکی لە خەبات دەکەنەوە، دیسپلینی پێویست بۆ ناتوندوتیژی، پێڕەوی بکەن؟

رێکخسنی کۆمەڵایەتی چۆن دەتوانێت لە کاتی بگروبکێش بپارێزرێت؟ ئەو کاتەی سەرکەوتن نزیکە، بەرخوەدانکارانی دیموکرات، چۆن دەتوانن بکەونە ئاواکردنی بنچینەکانی رێخکستنی کۆمەڵگای دووای دیکتاتور، تا قۆناغی گوزەر[1] تا دەکرێت، خۆشتر بکرێت؟

دەبێت لە بیرمان بێت، کە بەرنامەیەکی کاری تاقانە، بوونی نییە، یا ناتوانێت هەبێت، کە لەسەر بنەمای ئەو بەرنامەیە، بکرێت بۆ هەر بزاڤێکی ئازادیخواز لە دژی دیکتاتۆری، ستراتێژییەکی گەورە، دابڕێژرێت.

هەر خەباتێك، بۆ رووخاندنی دیکتاتۆرییەك و دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتیك، تا رادەیەك لەگەڵ خەباتێکیتر جیاوازە. هیچ دوو شوێنکەتێك، لە یەك ناچن، هەر دیکتاتۆرییەك، هەندێك بەوناسی تایبەتی خۆی دەبێت و رادەی ئازادیخوازیی خەڵکیش، لەگەڵ یەکتری جیاواز دەبێت.

داڕێژەرانی ستراتێژیی گەورە، بۆ خەباتی سیاسی، پێویستییان بە تێگەییشتنێکی قووڵ دەبێت، نەکتەنیا لە هەلومەرجی تایبەتیی خەبات، بەڵکوو لە شێوازی هەڵبژێردراوی خەباتیش.

[1] - مەبەست قۆناغی نێوان دیکتاتۆری و دیموکراتییە. لەم قۆناغەدا، نە پرەنسیپەکانی دیموکراتییەت بە تەواوی جێگیر کراون و نە بە تەواوی واز لە یاسا دیکتاتۆرییەکان هێندراوە.

کاتێـك سـتراتێژیی گـەورە، بـە وردی داڕێـژرا، بەڵگـەی راشـکاوانە بـۆ ئاشـکراکردنی دەبێـت. ژمارەیـەکی یـەکجار زۆری خـەڵك، کـە پێویسـتی بـە بەشداربوونیان هەیە، لـە حاڵـەتی تێگەییشـتنی چـەمکی گشـتی، وەکوو فەرمانـە تایبەتییەکان، رەنگە بە خۆشـی و توانـای زیاتر بەشـداری بکـەن. ئـەم زانسـتە، راستەوخۆ کاریگەرییەکی ئەرینی دەبێت، بەسـەر ورە و حـەزیان، بۆ بەشـداری و چالاکیی گونجاو. پلانی گشتیی سـتراتێژیی گـەورە، بەهـەرحاڵ، بۆ دیکتـاتۆر ئاشـکرا دەبێت و زانینـی تایبەتمەندییـەکانی، راسـتەوخۆ دەبێتـە هـۆی رێنـوێنی کردنـی بـەرە و کەمکردنـەوەی بێڕەحمییـەکان لـە سـەرکوتکاری. چونکـە ئـەو پێدەحەسێت، کە ئەو بێڕەحمییانە، دەتوانن بـە شـێوەی سیاسـی، بـەرەو خـودی خـۆی بگەڕێنـەوە. هایـداری لـە بەوناسـەکانی تایبـەتیی سـتراتێژیی گـەورە، دەتوانێـت زۆر بەباشـی، ببێتـە هـۆی سـەرهەڵدانی نـاکۆکی و بەجێهێشـتنی خزمەت لە ئۆردووگای دیکتاتۆر.

ئەوکاتەی کە بەرنامەیەکی ستراتێژیك، بۆ رووخاندنی دیکتـاتۆری و ئـاواکردنی سیستەمێکی دیموکراتیك، داڕێژرا، بۆ لایەنگرانی دیموکراسـی گرینگە، کە بۆ جێبەجێکردنی پێ دابگرن. تـەنیا لـە هەلومـەرجی زۆر کـەم، خـەبات دەتوانێت رێگـەی خـۆی لـە سـتراتێژیی گـەورەی سـەرەتایی جیـا بکاتـەوە. داڕێژەرانـی بەرنامـە، تـەنیا کاتێك کـە بەڵگـەی زۆر هـەبێت لەسـەر ئـەوەی کـە سـتراتێژیی گەورەی هەڵبژێردراو هەڵە بووە، یا کاتێك کە هەلومەرجی خەبات بەشێوەیەکی بنچینەیی گۆڕا بێت، رەنگە پێویسـتییان بـە گۆڕینی ستراتێژیی گەورە هـەبێت.

تەنانەت ئەوکاتەش، ئەم کارە دەبێت تەنیا دووای ئەوە کە هەڵسەنگاندنی دووبارە ئەنجام درا و پلانی ستراتێژیی گەورەی نوێ، پەرەی سەند و سەلمێندرا، جێبەجێ بکرێت.

## بەرنامەڕێژیی ستراتێژیی خەبات

هەرچەند کە ستراتێژیی گەورە، بۆ کۆتاییهێنان بە دیکتاتۆری و ئاواکردنی دیموکراسیی پەرەسەندو و، هۆشمەندانە و هیوابەخش بێت، ستراتێژییەکی گەورە، خۆبەخۆ جێبەجێ ناکرێت. ستراتێژییەکانی تایبەت، دەبێت بۆ ڕێبەرایەتیکردنی زنجیرەیەك ئۆپەراسیۆنی بەرهەڵستکارانە، بە ئامانجی بەفیرۆدان و کەمکردنەوەی هێزی دیکتاتۆری، بەرفراوان بکرێن. ئەم ستراتێژییانە، بە زنجیرە، سنوورێك لە جموجۆڵەکانی تەکتیکی، کە ئامانجیان لێدانی کاریگەر لە دیکتاتۆرە، لە گەڵ یەکتری هاوئاراستە دەکات. تەکتیك و شێوازەکانی تایبەتی بۆ کار، دەبێت بە وردی دەستنیشان بکرێن، تا بتوانن لە بەدەستهێنانی ئامانجە تایبەتییەکانی هەر ستراتێژییەك، بەشدار بن. باس لێرە، تەنیا دەخرێتە سەر ئاستی ستراتێژی.
ئەو ستراتێژییانەی کە کاری داڕشتنی بەرنامەی زنجیرە خەباتێکی گەورە، ئەنجام دەدەن، وەکوو ئەوانەی کە ستراتێژیی گەورە دادەڕێژن، پێویستییان بە تێگەییشتنێکی تەواو لە سروشت و شێوەکانی کاری تەکنیکی خەباتی

هەڵبژێرراو هەیە. بە تەواوی، بە شێوەیەك کە فەرماندەکانی سەربازی، دەبێت لە پێکهاتە، تەکتیکەکان، هونەری لەشکرکێشی، دابینکردنی کەرەستەی شەڕ، کاریگەرییەکانی جوگرافی و شتیتری لەم چەشنە، بە مەبەستی داڕشتنی ستراتێژیی سەربازی، تێ بگەن. داڕێژەرانی بەرنامەکانی خەباتی سیاسیش، دەبێت لە سروشت و بنەما ستراتێژییەکانی خەباتی ناتوندوتیژ، تێگەییشتنێکی تەواویان هەبێت. هەرچەندە، تەنانەت بە هەبوونی زانیاری سەبارەت بە خەباتی ناتوندوتیژ، وردبوونەوە لە پێشنیارەکانی ئەم کیتابە و وڵامدانەوەی پرسیارە هاتووەکان، ستراتێژییەکان خۆڵەخۆدا ناخوڵقێن. ڕێکخستنی ستراتێژییەکانی بەرهەڵستکارانە، پێویستیی بە هزرێکی داهێنەرانەی پەروەردەکراو هەیە.

لە بەرنامەڕێژیی ستراتێژی، بۆ زنجیرەیەك بەرهەڵستکاریی تایبەت و بۆ پەرەپێدانی درێژخایەنتری خەباتی ئازادیخوازانە، ستراتێژیستەکانی بەرهەڵستکاری سیاسی، پێویستییان بەوە هەیە، کە بیر لە گیروگرفت و کێشەی زۆر بکەنەوە. لەوانەش:

- دەستنیشانکردنی ئامانجە تایبەتییەکانی زنجیرەیەك بەرهەڵستکاری و کاریگەرییان لە بەرەوپێش بردنی ستراتێژیی گەورە.
- سەرنجدان بە شێوازە تایبەتییەکان، یا ئەو چەکە سیاسییانەی کە دەتوانن بە باشترین شێوە، بۆ بەرەوپێشەوە بردنی ستراتێژیی بژار کراو، بەکار بهێندرێن. لەناو هەر نەخشەیەکی گشتگیر، بۆ زنجیرەیەك

چالاکییەکی تایبەت، پێویستە دیار بکەین کە چ نەخشە و تەکتیکی بچووکتر و کامە شێواز، بۆ گوشارهێنان و سنووردارکردنی سەرچاوەکانی دەسەلاتی دیکتاتۆر، بەکار بهێندرێن. دەبێت لە بیرمان بێت، کە گەییشتن بە ئامانجە گەورەکان، دەرەنجامی هەڵبژاردنی ورد و هەڵێنانی هەنگاوی بچووکە.

- دەستنیشانکردنی ئەوە کە ئایا کاروباری ئابووری، دەبێت لەگەڵ خەباتی سیاسی پێوەندیدار بن و ئەگەر بەڵێ، چۆن؟ ئەگەر کاروباری ئابووری، لە خەباتدا گرینگن، دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە، کە نارەزامەندییەکانی ئابووری، دووای کۆتاییهاتنی دیکتاتۆری، چارەسەر بکرێن. جگە لەوە بێت، ئەگەر رێگەچارەکانی خێرا لە قۆناغی گوزەر بە دیموکراسی ئامادە نەبن، نارەزایەتی و ناحەزایەتییەکان دەست پێدەکەن. ئەمجۆرە نارەزایەتییانە، دەتوانن سەرهەڵدانەوەی دووبارەی هێزەکانی دیکتاتۆری، کە بەڵێنی کۆتاییهێنان بە کێشەکان دەدەن، ئاسان بکەن.
- دیاریکردنی پێشتری ئەوە، کە چ جۆرە رێبەرایەتییەك و چ جۆرە سیستەمەکی پێوەندی، باشترین کاریگەریی بۆ دەستپێکی خەبات دەبێت. کامە شێوازەکانی بڕیاردان و بەرقەرار کردنی پێوەندی لە کاتی خەبات، بۆ رێنوێنیکردنی هەردەمیی خەباتکاران و خەڵك لەبەر دەست دەبن؟

- گەیانـدنی هەواڵـەکانی بـەرخوەدان بـە خـەڵك، هێزەکـانی دیکتـاتۆر و دەزگاکـانی راگەیانـدنی نێونەتـەوەیی. ڤـەگۆت[1] و راپۆرتـەکان، هەمیشـە دەبێت تـەواو راسـت بن. گەورەکردن و ڤەگۆتی بێ بنـەما، لـە پۆت و چێی[2] بەرخوەدانکاران کەم دەکاتەوە.
- کۆمەڵـە بەرنامەیـەك بـۆ چالاکییـەکانی خۆبژێـوی و سـوودمەندی کۆمەڵایەتی، فێرکاری، ئابووری و سیاسی، بە مەبەستی وڵامدانـەوە بـە پێداویسـتییەکانی خـەڵك لـە درێـژەی خـەبات. ئـەم پلانانـە، تەنانـەت دەتـوانن بـەهۆی خـەڵکانێك کـە راسـتەوخۆ لـە کـردارە بەرخوەدانکارەکانیش بەشدار نین، رێبەرایەتی بکرێن.
- دیارکردنی ئەوە، کە چ جۆرە یارمەتییـەکی دەرەکی، بۆ پشـتیوانی لـە زنجیرە کردارێکی تایبەت، یا هەموو خەباتە ئازادیخوازەکە، چاوەڕوان دەکرێت. هاوکـاریی دەرەکی چۆن دەتوانێت بـە باشـترین شـێوە، تـاو بـدرێت و سـوودی لـێ وەربگیرێت، بـەبێ ئـەوەی خـەباتی نـاوخۆیی، بـە فاکتـەرێکی دەرەکیـی تایبـەت نەبەسـترێتەوە؟ دەبێـت ئـەو خاڵـە لـەبیر نەکەین، کە کامە گرووپی دەرەکی، بۆ هاوکاری گونجـاوتر و شـیاوترە، بۆ وێنە رێکخراوەکانی نا دەوڵەتی(بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان، گرووپـەکانی

[1] - مەبەست(ادعا)ی فارسییە.
[2] - مەبەست (اعتبار)ی فارسییە.

ئۆلی یا سیاسی، سەندیکاکانی کرێکاری و هیتر)، دەوڵەتەکان، یا نەتەوە یەکگرتووەکان و بەشە جۆراوجۆرەکانی.

وێڕای ئەمە، داڕێژەرانی بەرنامەی بەرخوەدان، بە درێژایی بەرخوەدانی جەماوەری لە دژی دیکتاتۆری، دەبێت بۆ پاراستنی ڕێکخستن و ڕەچاوکردنی ویستەکانی کۆمەڵگا، لە لایەن هێزەکانی خۆییش، کۆمەڵە کردارێك ئەنجام بدەن. ئەم بابەتە، نەکتەنیا دەبێتە هۆی دروستبوونی جۆرێکی نوێ لە پێکهاتەی سەربەخۆی دیموکراتیك و لەم ڕێگەیەوە، یارمەتیی ئامانجە سەرەکییەکان دەدات، بەڵکوو لەگەڵ ئەوەشدا، کاریگەریی هەر بیرۆکەیەك، کە سەرکوتی بێڕەحمانە بۆ خەبات لە دژی ناڕێکی و بێ یاسایی بە پێویست بزانێت، لەناو دەبات.

**پەرەسەندنی هزری هاوکاری نەکردن**

بۆ بەرهەڵستکاریکردنی سەرکەوتوو لە دژی دیکتاتۆری، پێویستە کە خەڵك لە هزری هاوکاری نەکردن، بە تەواوی بگەن. هەروا کە لە چیرۆکی (ئاغای مەیموونەکان)(سەیری فەسڵی سێیەم بکەن) شیکرایەوە، بیرۆکەی سەرەکی سادەیە: ئەگەر ژمارەیەکی بەرچاو لە ژێردەستەکان، لەگەڵ بوونی

سەرکوتیش، دیسان بۆ ماوەیەکی بەرچاو، لەگەڵ دیکتاتۆر هاوکاری نەکەن، سیستمی سەرکوتکار لاواز دەبێت و لە کۆتاییدا دەڕووخێت.

ئەو خەڵکانەی کە لەژێر سێبەری دیکتاتۆر دەژین، رەنگە پێشتریش لە رێگەی سەرچاوەی جۆراوجۆر، لەگەڵ ئەم چەمکە ئاشنا بووبن. لەگەڵ ئەوەشدا، هێزەکانی دیموکراتیك، دەبێت بە ئەنقەست و لەڕووی فکر، هزری هاوکاری نەکردن گشتگیر بکەن. چیرۆکی (ئاغای مەیموونەکان) یا چیرۆکێکی هاوشێوە، دەتوانێت لە هەموو کۆمەڵگا بڵاو بکرێتەوە. چیرۆکێکی وا، بە ئاسانی دەچێتە مێشکەوە. تەنیا جارێك، کە چەمکی گشتیی هاوکاری نەکردن چووە مێشکەوە، خەڵك دەتوانن پێوەندییەکەی لەگەڵ بانگێشتەکانی داهاتوو، بۆ هاوکاری نەکردن لەگەڵ دیکتاتۆر، تێبگەن. ئەوان هەروەها ئەوجا دەتوانن، لە شوێنکەتی نوێ، هەزاران جۆری جیاواز لە شێوازی نوێی هاوکاری نەکردن، دابهێنن.

لەگەڵ هەبوونی گیروگرفت و مەترسییەکانی بڵاوکردنەوەی بیرۆکە، هەواڵ و فێرکارییەکانی بەرخوەدان، لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی دیکتاتۆری، دیموکراتەکان چەندینجار ئیسپاتیان کردووە، کە ئەنجامدانی ئەم چالاکییانە، مومکینە. تەنانەت لە حکوومەتی ئەڵمانیای نازی و سۆڤیەتی کۆمۆنیستەکان، بۆ بەرخوەدانکاران ئەم ئیمکانە هەبوو، کە بە سوود وەرگرتن لە وەشانی

ڕۆژنامە نایاساییەکان، نامیلکەکان، کیتابەکان و لەم ساڵانەی دوواییی، بەهۆی شریتی دەنگ و ڕەنگ، نەکتەنیا لە نێوان کەسانی سەربەخۆ، بەڵکوو تەنانەت بۆ بەرپەیامێکی[١] زۆر و خەڵك بە گشتیش، رایەڵی پێوەندی ڕێك بخەن.

بە یارمەتی وەرگرتن لە بەرنامەی ستراتێژیکیی پێشتر ئامادەکراو، دەکرێت ڕێنوێنییە گشتییەکانی بەرخوەدان، ئامادە و بڵاو بکرێنەوە. ئەو ڕێنوێنییانە، پێشانی خەڵك دەدەن کە لە چ بابەت و لە چ هەلومەرجێك، دەبێت خۆڕابگرن و لە هاوکاری، خۆ بدزنەوە و ئەمکارانە چۆن دەبێت ئەنجام بدەن. ئەوجا، تەنانەت ئەگەر پێوەندیی جەماوەر، لەگەڵ ڕێبەرایەتیی هێزەکانی دیموکرات بپچڕێت و فەرمانی تایبەتی دەرنەکرێت، یا خەڵك ئیمکانی وەرگرتنیانی نەبێت، دیسان خەڵك دەزانن، کە چۆن دەبێت لە بابەتی گرینگ، پەرچەکرداری خۆیان پێشان بدەن.

ئەم ڕێنوێنییانە، هەروەها دەتوانن وەکوو ئەزموونێك کاربکەن، بۆ دیارکردنی ڕادەی بایەخدان بە (فەرمانەکانی بەرخوەدان)ی درۆ، کە لەلایەن پۆلیسی سیاسی، بە مەبەستی دنەدانی خەڵك بۆ ئەنجامدانی ئەو کردارانەی کە ناویان بە خراپە بزڕێنێت، بڵاو دەکرێنەوە.

---

[١] - بەرپەیام واتە(مخاطب). واتە ئەو لایەنەی کە پەیامی ئاراستە دەکرێت.(وەرگێڕ).

## سەرکوت و کرداری بەرامبەر

داڕێژەرانــی ســتراتێژیك، دەبێــت پەرچــەکردار و ســەرکوتەکان و بەتایبــەت سنووری دەستپێکی توندوتیژی لە لایەن دیکتاتۆر، لە هەمبەر بەرخوەدانکارانی دیموکرات، هەڵسـەنگێنن. پێویسـتە بڕیار بدرێت، کە چۆن دەبێت بـەرخوەدان بکرێت، دەسـت بکرێتـە کـاری بەرامبـەر، یـا لـە سـەرکوتێك کە بـەرە و تونـدی دەڕوات، خۆ دوور بکرێتەوە، بەبێ تەسلیمبوون.

لـە ڕووی تـەکتیکی لـە هەلومـەرجی تایبـەت، پێویسـتە سـەبارەت بـە سـەرکوتی چاوەڕوانکراو، هۆشـداری بدرێتـە بـەرخوەدانکاران، تـا هـەموویان لـە ریسـکی بەشـداریکردنی خۆیـان ئاگـادار بـن. ئەگـەر، ئەگـەری سـەرکوتی تونـد هـەبێت، پێویسـتە پێداویسـتییە پزیشـکییەکان، بـۆ چارەسـەر کردنـی پێکـراوان، ئامـادە بکرێت.

کـە سـەرکوت چـاوەڕوان بکرێـت، ستراتێژیسـتەکان، تـەواوی هـەوڵی خۆیـان دەدەن، بـۆ ئـەوەی تـەکتیك و شـێوازێك بـەکار بێـنن، کـە وێـڕای هاوکـاری بـۆ گەییشتن بە ئامانجەکان، یا ئازادی، ئەگەری ڕوودانی سەرکوتی بێڕەحمانـەش، بگەیێننـە کـەمترین ئاسـت. بـۆ وێنـە، خۆپێشـاندان و ڕێپیـوانی خـەڵك لەسـەر شەقامەکان، لە دژی دیکتاتۆرییەکی بە زەبروزەنگ، ڕەنگە تـاودەر و ورووژێنـەر بێـت، بـەڵام گیـانی هـەزاران خۆپێشـاندەر دەخاتـە مەترسـییەوە. زیـانی زۆری

دیموکراتەکان، هەمیشە بە مانای گوشاری زیاتر بۆ سەر دیکتاتۆر نییە، بە بەراورد لەگەڵ ئەوکاتەی کە هەر ئەو خەڵکە لە ماڵەکانیان دەمێننەوە، یا مان دەگرن، یا ئەوانەی کارمەندن، هاوکاریی حکوومەت ناکەن.

ئەگەر پێشنیار کرا، کە کرداری بەرخوەدانی دنەدەرانە، کە مەترسییەکی زۆری بەدووادا دەبێت، بۆ پێکانی ئامانجێکی ستراتێژیك پێویستە، ئەوکاتە دەبێت بە وردبینییەکی زۆر سەبارەت بە تێچوو و سوودەکانی ئەم پێشنیارە بیر بکرێتەوە. ئایا خەڵك و بەرهەڵستکاران، لە درێژەی خەبات، بە دیسپلین و هەڵسوکەوتی ناتوندوتیژ، دەجووڵێنەوە؟ ئایا دەتوانن لە هەمبەر پاڵنەرە توندوتیژەکان خۆ رابگرن؟

داڕێژەرانی بەرنامەکان، دەبێت بیر لەوە بکەنەوە، کە چ رێوشوێنێك دەبێت بگیردرێتەبەر، بۆ پاراستنی دیسپلین و بەردەوامی لە خۆڕاگری، ئەگەر زەبروزەنگ بەکار هات. ئایا ئەم کردارانە، لەوانەش بەڵێنەکان، راگەیێندراوەکانی پێشاندەری رێوشوێنەکان، نامیلکەکانی دیسپلین، بۆ بەرقەرارکردنی رێکوپێکی لە خۆپێشاندان و دوورخستنەوەی تاك و گرووپە توندوتیژخوازەکان، کاریگەرو بەسوود دەبێت؟

رێبەرەکان دەبێت هەمیشە سەبارەت بە بەشداریی خەڵکانی دنەدەر، کە راسپێردراون تا خۆپێشاندانەکان بەرەو توندوتیژی رابکێشن، وشیار بن.

## وەفاداری بە بەرنامەی ستراتیژیك

جارێك كە بەرنامەی ستراتیژیك، بە رێكوپێكی جێبەجێ كرا، هێزەكانی دیموكراتیك، نابێت بە جموجۆڵی لابەلای دیكتاتۆر لارێ ببن، كە رەنگە بیەوێت ئەوان لە ستراتیژیی گەورە و ستراتیژییەكانی پێوەندیدار بە زنجیرەیەك چالاكیی تایبەت، دوور بخاتەوە و هەوڵ بدات كە جموجۆڵی گەورە، بە بابەتی بێنرخ و بچووك، خەریك بكرێن. هەروەها نابێت رێگە بە هەستە كاتییەكان (رەنگە لە كاردانەوە بە بێرەحمییەكانی نوێ لە لایەن دیكتاتۆر دەر بكەون) بدرێت، كە بەرخوەدانكارانی دیموكرات، لە ستراتیژیی گەورە، یا ستراتیژییەكانی پێوەندیدار بە زنجیرەیەك جموجۆڵ، دوور بخرێنەوە. بێرەحمییەكان رەنگە بە وردی هەڵبژێردرابن، تاكوو هێزەكانی دیموكراتی پێ توورە بكەن و دنەیان بدەن، بۆ ئەوەی واز لە نەخشەی وردی خۆیان بێنن و تەنانەت رابكێشرێنە ناو هەڵسوكەوتی توندوتیژانە، واتە هەر ئەو گۆرەپانەی، كە دیكتاتۆرەكان بە باشی دەتوانن، بەرهەڵستكارانی تێدا بشكێنن.

تا ئەوكاتەی كە شیكردنەوەی سەرەكی، بێ كەموكوڕ بێت، ئەركی ئازادیخوازان، پێشڤەچوونی قۆناغ بە قۆناغە. بێگومان لە تەكتیك و ئامانجەكانی، تووشی هەندێ گۆڕانكاری دەبن و رێبەرانی شارەزا و باش، ئەوانەن كە بۆ سوود وەرگرتن لە هەر دەرفەتێك، ئامادەییان دەبێت. بەڵام ئەو خۆ گونجاندن و هەل قۆزتنەوانە، نابێت كار بكاتە سەر ئامانجەكانی

ســتراتێژیی گــەورە، یــا ئامانجــەکانی ســتراتێژییەکانی پێوەندیــدار لەگــەڵ زنجیرەیەك بەرهەڵستکاریی تایبەت.

جێبــەجێکردنی وردی ســتراتێژیی گــەورەی هــەڵبژێردراو و ســتراتێژییەکانی پێوەندیدار لەگەڵ زنجیرەیـەك بەرهەڵسـتکاریی تایبـەت، رۆڵێکی گرینگ بۆ لـە ئامێزکردنی سەرکەوتن دەگێڕێت.

# فەسڵی هەشتەم

## بەکارهێنانی خەباتی سیاسی

له هەلومەرجێك كه خەڵك هەست بە بێدەسەلاتی و ترس دەکەن، گرینگە کە یەکەم هەنگاو و چالاکی، بۆ خەڵك کەمترین مەترسیی هەبێت و هەستی بڕوابەخۆبوونیان تێدا دروست بکات. ئەمجۆرە چالاکییانە(وەکوو لەبەرکردنی جلوبەرگ بەشێوازێکی ناباو) دەتوانن دژایەتی خەڵك بەرجەستە بکەن و هەلێك بۆ خەڵك بڕەخسێنن، تاکو بەشێوەیەکی مانادار، بەشداری لە چالاکییەکانی بەرهەڵستکاری بکەن. لە حاڵەتیتر، بابەتێکی ناسیاسی و بچووك و بێنرخ (وەکوو دابینکردنی سەرچاوەیەکی ئاوی دڵنیاکەرەوە)، دەتوانێت بکرێتە خاڵی سەرەکیی چالاکییەکانی گرووپێك.

ستراتێژیستەکان، دەبێت بابەتێك هەڵبژێرن، کە نرخەکەی بۆ هەمووان دیار بێت و لە ئەنجامدا، نەسەلماندنی لەلایەن دیکتاتۆر زەحمەت بێت. سەرکەوتن لە زنجیرە چالاکییەکی وا بچووك، وێڕای ئەوەی کە کێشەیەکی بچووك چارەسەر دەکات، خەڵکیش دەگەیێنێتە ئەو قەناعەتە، کە هێزێکی کاریگەریان هەیە.

ئامانجی زۆربەی ستراتێژییەکانی زنجیرە بەرهەڵستکارییەك، لە بگروبکێشێکی درێژخایەن، نابێت رووخاندنی دەمودەست و سەرلەبەری دیکتاتۆری بێت،

بەڵکوو لە جیاتی ئەمە، ئەو ستراتیژییانە، دەبێت بەدووای بەدەستهێنانی ئامانجی سنووردار بن. هەروەها دەبێت بزانین، کە هەموو قۆناغەکانی بەرهەڵستکارییەك، پێویستیی بە بەشداریی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا نییە.

لە کاتی بیرکردنەوە لە زنجیرەیەك چالاکیی تایبەت، بۆ پێشڤەبردنی ستراتیژیی گەورە، ستراتیژیستەکانی خەباتکار، پێویستییان بەوە هەیە، کە جیاوازییەکانی قۆناغی سەرەتایی، ناوەندی و کۆتایی لە بزاڤی خەباتکارانە، لە بەرچاو بگرن.

## بەرخوەدانی بژارەیی

لە قۆناغەکانی سەرەتای خەبات، هەڵبژاردنی کۆمەڵە لقێکی سەربەخۆ لە خەبات، بە ئامانجی دیارکراو، دەتوانێت زۆر سوودمەند بێت. ئەمجۆرە چالاکییە بژارەییانە، دەبێت یەك بەدووای یەکدا، جێبەجێ بکرێن. هەندێجاریش، دوو یا سێ بابەت لەوانە، رەنگە پێکەوە بخرێنە واری جێبەجێ کردنەوە.

لە بەرنامەڕێژیی ستراتیژی بۆ بەرخوەدانی بژارەیی، گرینگە کە بابەتە تایبەتی و سنووردارەکان، یا ئەو گیروگرفتانەی کە بەشێوەیەکی گشتی، زەبروزەنگی دیکتاتۆر پێشان دەدەن، دەستنیشان بکرێن. ئەمجۆرە بابەتانە، دەتوانن ببنە

کۆمەڵە ئامانجێکی گونجاو، بۆ سەرکێشیکردنی کۆمەڵێك بەرهەڵستکاری، کە لەو ڕێگەیەوە دەکرێت، ئامانجە ستراتێژییەکانی ناوەندی لەناو ستراتێژییەکی گشتگیر، بپێکێندرێن.

ئەو ئامانجە ستراتێژییە ناوەندییانە، دەبێت بەهۆی ڕادەی هێزی کارای هێزەکانی دیموکرات، قابلی پێکان بن. ئەم بابەتەی پێکانە، زنجیرەیەك سەرکەوتن دەستەبەر دەکات، کە بۆ ورەی خەڵك سوودمەند دەبێت و هەروەها دەبێتە هۆی گۆڕانی کاریگەر و پێوەندییەکانی هێز لەناو خەباتی درێژخایەن پتەوتر دەکات.

ستراتێژییەکانی بەرخودانکارییەکانی بژارەیی، پێویستە سەرەتا، کار لەسەر بابەتە تایبەتییەکانی کۆمەڵایەتی یا سیاسی بکەن. هەروەها دەتوانن بە ئامانجی قوتارکردنی بەشێك لە کۆمەڵگا و سیستەمی سیاسی، لەژێر کۆنترۆلی دیکتاتۆر، یا وەرگرتنەوەی کۆنترۆلی هەندێك بەش، کە ئێستا لە لایەن دیکتاتۆرەوە کۆنترۆل دەکرێن، یا لە کۆتاییدا، بە مەبەستی ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆر، بەسەر سنووریك، بخرێنە کار.

هەروا کە پێشتر باسمان کرد، ئەگەر بکرێت، زنجیرە چالاکییەکی پێوەندیدار بە بەرخودانێکی بژارەیی، پەلاماری یەك یا چەند خاڵی لاوازی دیکتاتۆر بدەن. لەم ڕێگەیەوە، دیموکراتەکان دەتوانن بە پێی ڕادەی هێزی ئێستای خۆیان، کارامەترین گورز، ئاراستەی دیکتاتۆری بکەن.

ستراتێژیستەکان، زۆر خێرا پێویستییان بەوە دەبێت، کە بەلایکەم، ستراتێژیی یەکەمین زنجیرەی چالاکییەکان، دابڕێژن. بەڵام گەلۆ، ئامانجە سنووردارەکانی ئەو ستراتێژییە، دەبێت چی بن؟ ئەم زنجیرە چالاکییە، چۆن دەتوانێت یارمەتیدەر بێت، بۆ جێبەجێ بوونی ستراتێژییە سەرەکییە هەڵبژێردراوەکە؟ ئەگەر مومکین بێت، ژیرانەیە کە بەلایکەم، هێڵە گشتییەکانی پێوەندیدار بە زنجیرە چالاکییەکانی دووهەم و سێیەمیش، ڕێک بخرێن. هەموو ئەو ستراتێژییانە، دەبێت یارمەتیدەر بن، بۆ پیشڤەچوونی ستراتێژیی گەورە و لە بازنەی هێڵە گشتییەکانی ئەودا، بجووڵێنەوە.

## خەباتی سەمبۆلیك

لەکاتی دەستپێکردنی زنجیرەیەك چالاکی، بە مەبەستی لاوازکردنی دیکتاتۆری، ڕەنگە سەرەتا گۆڕەپانی کاری جموجۆڵی سیاسی، سنووردار بێت. ئەم چالاکییانە، دەبێت بە ئامانجی هەڵسەنگاندن و کارتێکەری بەسەر بیروهزری خەڵك و ئامادەکردنیان بێت، بۆ درێژەپێدانی خەبات، لە ڕێگەی هاوکاری نەکردن و خەباتی سیاسی.

یەکەم چالاکی، دەبێت جۆرێك نارەزامەندی یا چالاکییەکی سەمبۆلیکی سنووردار یا کاتی بێت. ئەگەر ژمارەی ئەو کەسانەی کە حەزیان لە چالاکییەکەیە، کەمن، ئەوکاتە یەکەم چالاکی دەتوانێت، بۆ وێنە دانانی گوڵێك

بێت لە شوێنێك، کە گرینگییەکی سەمبۆلیکی هەیە. لە لایەکیتر، ئەگەر ژمارەی ئەو کەسانەی کە خوازیاری بەشداری لە چالاکییەکەن، زۆرن، ئەوکاتە پێنج خولەك، مانەوەی تەواو و ئەنجامنەدانی هیچ جووڵەیەك، یا چەند خولەك بێدەنگی، دەتوانێت ئەنجام بدرێت. لە حاڵەتەکانیتر، کەسانێکی دیارکراو، دەتوانن کاری وەکوو مانگرتن لە خواردن، شەو نەنووستن لە شوێنێك کە بایەخی سەمبۆلیکی هەیە، نەچوون بۆ پۆلی خوێندن، یا روونەمان[1] لە شوێنێکی گرینگ، ئەنجام بدەن.

لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتێکی دیکتاتۆری، ئەم چالاکییانەی دووایی، کە حاڵەتێکی هێرشبەرانەتریان پێوە دیارە، رەنگە رووبەڕووی توندوتیژی ببنەوە. چالاکییە سەمبۆلیکەکانی تایبەت، وەکوو داگیرکاریی فیزیکیی گۆڕەپانی رووبەڕووی کۆشکی دیکتاتۆر، یا داگیرکردنی نووسینگەکانی ناوەندیی پۆلیسی سیاسی، رەنگە مەترسیی زۆری هەبێت و بۆیەش، بۆ دەستپێکی زنجیرە چالاکییەکان، پێشنیار ناکرێن.

یەکەم چالاکییەکانی ناڕەزایی دەربڕینی سەمبۆلیك، هەندێجار بەشێوەیەکی بەرفراوان، سەرنجی نیشتیمانی و نێونەتەوەیی بۆخۆی راکێشاوە. وەکوو خۆپێشاندانی شەقامەکانی بێرمە لە ١٩٨٨، یا دەستبەسەرداگرتن و

[1] - روونەمان، لە فارسیدا (تحصن)ی پێ دەڵێن. واتە مانگرتن بە دانیشتن لە شوێنێك و هەڵنەستان بۆ ماوەیەکی درێژ. روونەمان، واتە مانی بە روونشتن یا مانی بە دانیشتن.(وەرگێڕ).

مانەخۆری[1] خوێندکاران لە گۆڕەپانی تیانانمێنی پێکەن لە ١٩٨٩. زیانە زۆرەکانی ئەم دوو خۆپێشاندانە، نیشانەی سەرنج نەدانی ستراتراتێژیستەکانیەتی، بەو خاڵانەی کە دەبوایە بایەخی پێ بدەن. سەرەڕای لێدانی گەورەی ئەخلاقی و دەروونی، زۆر دوورە کە ئەمجۆرە کردارانە، بە تەنیایی بتوانن دیکتاتۆرییەك بڕووخێنن. چونکە ئەم چالاکییانە، بە تەواوی سەمبۆلیك دەمێننەوە و گۆڕانێکی ئەوتۆ لە دەسەڵاتی دیکتاتۆر، دروست ناکەن.

زۆربەیجاران، لە کاتی دەستپێکی خەبات، ئیمکانی جیاکردنەوەی تەواو و خێرای سەرچاوەکانی هێزی دیکتاتۆر نییە. بۆ گەییشتن بەم ئامانجە، هەموو خەڵك و ئەو دامەزراوانەی، کە تا دوێنێ بە تەواوی سەریان بۆ فەرمانەکان کەچ دەکرد، دەبێت بە تەواوی، رژێم رەت بکەنەوە و لە یەك کاتوساتدا، بە هاوکارینەکردنی بەرفراوان و بەهێز، لە دژی راپەڕن.

ئەم بابەتە هەرگیز، بەدی نایەت و پێڕاگەییشتنیشی زۆر بەزەحمەتە. بۆیەش، زۆربەیجاران، چاوەڕوانی، بۆ هاوکاری نەکردن و خەباتی سیاسیی خێرا، ستراتێژییەکی ناواقعبینانە بۆ خەبات، لە دژی دیکتاتۆرییە.

[1] - مانەخۆر، واتە مانگرتن لە خواردن.(وەرگێڕ).

## دابەشینی بەرپرسیاریەتی

بە درێژایی زنجیرەیەك چالاکیی بژارەیی، باری خەبات هەموو کاتێك، لەسەر شانی یەك یا چەند چین و توێژێك لە کۆمەڵگایە. لە چالاکییەکانی دوواتر و بۆ گەییشتن بە ئامانجەکانیتر، دەبێت باری خەبات، بۆ سەر شانی گرووپەکانیتر بگوازرێتەوە.

بۆ وێنە، خوێندکاران دەتوانن بۆ بابەتە خوێندکارییەکان، مان بگرن، پیاوە ئایینییەکان و پێڕەوەکانیان، رەنگە داکۆکی لە ئازادی، بۆ بابەتە ئۆلییەکان بکەن، کرێکارانی ئاسنەڕێ[1]، رەنگە بە ئەنقەست پێداگریی لەڕادەبەدەر، لەسەر رێوشوێنە ئاساییشییەکان پێشان بدەن و لە ئەنجامدا، کارامەیی سیستەمی گواستنەوە، داببەزێنن. رۆژنامەنووسەکانیش، دەتوانن بۆ خەبات لە دژی سانسۆر، ئەو بەشانەی رۆژنامە، کە بابەتەکانیان وەبەر سانسۆر کەوتوون، هەر سپی بڵاو بکەنەوە. یا پۆلیس دەتوانێت هەردەم لە بەدوواداچوون و دۆزینەوەی شوێنی دیموکراتە خواستراوەکان، تووشی هەڵە ببێت. قۆناغبەندی کردنی زنجیرە چالاکییەکان، لەسەر بنەمای بابەت و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان،

[1] - مەبەست رێگەی شەمەندەفەرە. واتە رێگەی ئاسن.(وەرگێڕ).

لەگەڵ ئەوەی کە خەبات درێژەی دەبێت، دەرفەتی پشوو بە بەشێکی کۆمەڵگا دەبەخشێت.

بەرخوەدانی بژارەیی، بەتایبەت بۆ بەرگری لە بوون و سەربەخۆیی گرووپ و دامەزراوە سەربەخۆیەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی کە لە دەرەوەی کۆنترۆلی دیکتاتۆریدان، کە پێشتر قسەمان لەسەری کرد، گرینگە. ئەم ناوەندانە، هێزی دامەزراوەکانی بنچینەیی دابین دەکەن، کە خەڵك لە رێگەی ئەوانەوە، دەتوانن گوشار بخەنە سەر دیکتاتۆر، یا لە هەمبەر کۆنترۆلی دیکتاتۆر، خۆیان رابگرن. لە خەباتدا، ئەم دامەزراوانە، بەشێك دەبن، لە یەکەمین ئامانجەکانی سەرکوتی دیکتاتۆر.

## ستێرەگرتن[1] لە هێزی دیکتاتۆر

هەروا کە خەباتی درێژخایەن، لە ستراتێژییەکانی سەرەتایی، بەرەو قۆناغی بەرزتر و پێشکەوتووتر پەرە دەستێنێت، ستراتێژیستەکان پێویستییان بەوە

[1] - هەندێکەس (سێرە)دەنووسن، کە هەڵەیە و ئەم وشەیە بە مانای نیشانە گرتنە لە شتێك، ئەویش بە تفەنگ و چونکە چەکە کۆنەکان، ئەستێرەیەکیان لەسەری لوولە هەبوو، بۆ پێکانی نیشان دەبوایە، تەقەکەر چاوێك بقووچێنێت و بە چاوەکەیتر، ئەستێرەکە و ئامانجەکە، بخاتە یەکرێزەوە و ئەوجا تەقە بکات. بەمشێوەیە، ئەستێرە لێگرتن بوو بە وشەیەك لەناو زمانی کوردی. چەکەکانی ئێستاش نیشانەی وایان هەیە، یەڵام مەرج نییە، وەکوو ئەستێرە بێت.

هەیە، کە بزانن چۆن دەکرێت، سەرچاوەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆر، سنووردارتر بکەن. ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە، دەبێت سوود وەرگرتن لە هاوکاری نەکردنی جەماوەر، بۆ گەییشتن بە بارودۆخی سوودمەندتری ستراتێژیك، هەڵبەت بە قازانجی هێزە دیموکراتخوازەکان بێت.

لەگەڵ بەهێزبوونی هێزەکانی بەرخوەدانکاری دیموکرات، ستراتێژیستەکان دەبێت خەبات و هاوکاری نەکردنی بەرفراوانتر دابڕێژن، بە ئامانجی دروستکردنی ئیفلیجیی سیاسی، ئەویش لە جۆری پەرەسەندنخواز و لە کۆتایی، رووخێنەری خودی دیکتاتۆری، تا سەرچاوەکانی دەسەڵاتی لێ جودا بکەنەوە.

پێویستە زۆر بە وردی بەرنامەڕێژی بکرێت، کە هێزەکانی دیموکراتیك، چۆن دەتوانن لە پشتیوانیی جەماوەر و ئەو لایەنانەی کە پێشتر لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆر بوون، کەم بکەنەوە.

ئایا پشتیوانیی خەڵك، بە ئاشکرابوونی ئەو بێڕەحمییانەی کە لەلایەن رژێم کراوە، کەم دەبێتەوە؟ بە ئاشکرابوونی ئەنجامە ئابوورییەکانی کارەساتباری سیاسەتەکانی دیکتاتۆر چۆن؟ یا بە تێگەییشتین لەوەی، کە دیکتاتۆری دەکرێت کۆتایی پێ بهێندرێت؟

ئەو پشتیوانییانەی لە دیکتاتۆر دەکرێن، دەبێت تا ئەو رادەیە لاواز بکرێن، کە بگاتە سنووری کاری بێلایەنانە(چاودێری)، یا تەنانەت زێدەتر و ببێتە پشتیوانییەکی کارا، لە چالاکییەکانی لایەنگرانی دیموکراسی.

به درێژایی ماوەی بەرنامەڕێژی و جێبەجێکردنی خەباتی سیاسی و هاوکاری نەکردن، پشتیوانان و پارێزەرانی دیکتاتۆر، لەوانەش گرووپە ناوخۆییەکان، پارتە سیاسییەکان، پۆلیس، فەرمانبەران و بەتایبەت سپا، دەبێت بخرێنە ژێر چاودێرییەکی ورد.

ئاستی وەفادارییی هێزەکانی سپا، چ سەرباز و چ ئەفسەرەکان، سەبارەت بە دیکتاتۆر، دەبێت بە وردی بەراورد بکرێت و دیار بکرێت کە هێزەکانی دیموکراتیک، توانای کارتێکردنیان لەسەر ئەوانە هەیە، یانە.

رەنگە ژمارەیەکی زۆری سەربازانی ئاسایی، بەزۆری رەوانەی سەربازی کرابن و ناڕازی بن. رەنگیشە زۆرێك لە سەربازان و ئەفسەران، بە هۆکاری تاکەکەسی، خێزانی یا سیاسی، دەرهەق بە حکوومەت، هەست بە نامۆیی بکەن. کامە فاکتەرن کە دەتوانن، وا لە ئەفسەر و سەربازەکان بکەن، کە لە هەمبەر چالاکییەکانی دیموکراتیك، خاڵی لاوازیان هەبێت؟

لە قۆناغەکانی سەرەتایی لە خەباتی ئازادیخوازانە، دەبێت ستراتێژییەکی تایبەتی، بۆ دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ هێزەکانی سەربازی و کاربەدەستانی دیکتاتۆر، دابڕێژرێت. هێزەکانی دیموکراتیك، دەبێت بە وشە، سەمبۆل و چالاکییەکانی خۆیان، بە هێزەکانی سەربازی رابگەیێنن، کە خەباتی ئازادیخوازانە، لە کۆتایی، سەرکەوتنی یەکجارەکی و پایەدار بەدەست دێنێت. هێزە سەربازییەکان دەبێت پێ بحەسێن، کە ئەم خەباتە، تەنیا بۆ بەهەدەر بردنی وزەی دیکتاتۆرە و ژیانی ئەوان ناخاتە مەترسییەوە. لە ئەنجامدا، ئەم

هەوڵانە دەیانەوێت ورەی هێزەکانی سەربازیی دیکتاتۆر بڕووخێنن و پاشان وەفاداری و فەرمانبردنیان لە دیکتاتۆر، بەسوودی بزاڤی دیموکراتخواز، بگۆڕن. کۆمەڵە ستراتیژییەکی لەم چەشنە، دەبێت پۆلیس و کارمەندە ناسەربازییەکانیش، بکەنە ئامانجی خۆیان.

بە هەرحاڵ، کۆشش بۆ وەرگرتنی ئەرێ و لە ئەنجامدا، سەرهەڵدانی نافەرمانی لەنێوان هێزەکانی دیکتاتۆر، نابێت بە هەڵە ببێتە پاڵنەریان، بۆ ئەوەی بە شێوازی سەربازی، هەوڵی رووخاندنی دیکتاتۆر بدەن. ئەم شانۆگەرییە، لە کردەوەدا، نابێتە هۆی هاتنە سەرکاری دیموکراسی، چونکە(هەروا کە پێشتر باسمان کرد)، کوودەتا، نەبوونی هاوسەنگی لە پێوەندییەکانی دەسەڵاتی نێوان جەماوەر و دەسەڵاتداران، چارەسەر ناکات. بۆیەش، گرینگە کە پلانێك لەمبارەیەوە ئامادە بکرێت، کە چۆن دەبێت ئەفسەرانی هاوڕا، لەو بابەتە تێ بگەیێندرێن، کە کوودەتا یا شەڕی ناوخۆ، لەدژی دیکتاتۆر، پێویست و پەسەند نییە.

ئەفسەرە هاوڕایەکان، دەتوانن رۆڵێکی ژیانبەخش لە خەباتی دیموکراتیك جێبەجێ بکەن. بۆ وێنە ئەوان دەتوانن پشتیوان بن بۆ:

پەرەسەندنی ناڕەزایی و هاوکاری نەکردن لەناو رێزەکانی هێزی سەربازی، هاندان بۆ ناکارامەییە بە ئەنقەستەکان و فەرمان نەبردنی لەسەرەخۆ لە بڕیارەکان و پێشگیری لە کرداری سەرکوت.

هــەروەها کارمەنــدە ســەربازییەکان دەتــوانن چەنــدین جــۆرە هاوکــاریی ناتوندوتیژانە، ئاراستەی بزاڤی دیموکراتیك بکەن، لەوانەش: تێپەڕگەی دوور لە مەترسی، زانیاری، خۆراك، کەلوپەلی پزیشکی و شتی لەم چەشنە.

سپا یەکێکە لە گرینگترین سەرچاوەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکان، چونکە دەتوانن لە دیسپلینی سەربازیی و چەکەکانیان، راستەوخۆ بۆ پەلامار و تەنبێکردنی خەڵکی نافەرمان سوود وەرگرن. ستراتێژیستەکانی خەباتکار، دەبێت لە یادیان بێت، کە ئەگەر پۆلیس، فەرمانبەران و هێزە سەربازییەکان، بە تەواوی وەکوو پشتیوانی دیکتاتۆر بمێیننەوە و فەرمانەکانی جێبەجێ بکەن، شکستهێنان بە دیکتاتۆر، زۆر ئەستەم، یا تەنانەت ناموممکین دەبێت. بۆیەش، ستراتێژیستەکانی دیموکرات، دەبێت گرینگییەکی زۆر بەو ستراتێژییانە بدەن، کە ئامانجیان لەناو بردنی وەفاداریی هێزەکانی دیکتاتۆرە.

هێزەکانی دیموکراتیك، دەبێت لەبیریان بێت، کە نارەزایی و نافەرمانی، لەنێو هێزەکانی سەربازی و پۆلیس، دەتوانێت بۆ ئەندامەکانی ئەو هێزانە، مەترسیدار بێت. تاکەکانی ئەم گرووپانە، دەبێت لە هەمبەر هەرچەشنە نافەرمانییەك، چاوەڕوانی سزای زۆر قورس و لە هەمبەر سەرهەڵدان دەبێت چاوەڕوانی مەرگ بکەن. هەر بەمهۆیەش، هێزەکانی دیموکرات، نابێت چاوەڕوانی راپەڕینی خێرا لە سەرباز و ئەفسەرەکان بکەن. بەڵکوو ئەوکاتەی کە پێوەندی مومکینە، دەبێت روون بکرێتەوە، کە جۆری رەنگاورەنگ لە

(نافەرمانیی گۆڕاو[1])هەن، کە دەتوانن لە قۆناغەکانی سەرەتایی، بخرێنە کار. بۆ وێنە، پۆلیس و هێزە چەکدارەکان، دەتوانن فەرمانەکانی پێوەندیدار بە سەرکوت، بە ناڕێکییەکی ئەنقەست جێبەجێ بکەن، شوێنی خۆحەشاردانی خەڵکی داواکراو، بە هەڵە دەستنیشان بکەن، بەرخوەدانکارەکان لە سەرکوتکاری، گرتن و دەرکردن، ئاگادار بکەنەوە و لە راپۆرتەکانیان بۆ ئەفسەرە بەرزەکانی خۆیان، هەڵە بکەن. ئەفسەرە ناڕازییەکانیش، دەتوانن لە زنجیرەی گواستنەوەی فەرمانەکانی سەرکوت، گیروگرفت بخوڵقێنن. سەربازان رەنگە، سەرووتر لە سەری خۆپێشاندەران، بکەنە ئامانجی تەقە کردنیان. هەر بەمشێوەیە، کارمەندانی ناسەربازیش، بە نۆبەی خۆیان دەتوانن فایل و نووسراوەکانی فەرمانەکان بزر بکەن، بە کارامەیی کەمتر کار بکەن و (نەخۆش) بکەون، تا دەرفەتی ئەوەیان هەبێت، کە لەکاتی (چاکبوونەوە)، لە ماڵەکانیان بن.

## گۆڕان لە ستراتێژی

ستراتێژیستەکانی خەباتی سیاسی، پێویستییان بەوە هەیە، کە هەردەم بەراوردی ئەوە بکەن، کە ستراتێژیی گەورە و ستراتێژییەکانی پێوەندیدار بە

[1] - Disguised Disobedience

زنجیرەیەك چالاکیی تایبەت، بە چ شێوەیەك لە جێبەجێ کردندان. بۆ وێنە، رەنگە خەبات ئەوها کە چاوەڕوان دەکرا، بەردەوام نەبێت. لەم حاڵەتەدا پێویستە گۆڕانکارییە پێویستەکان، لە ستراتیژی رەچاو بکرێن. بۆ زیاترکردنی هێزی بزاڤ و بەدەستگرتنی جڵەوی کارەکان، دەکرێت چی بکرێت؟ لەم حاڵەتەدا، پێویستە گرفتەکە دەستنیشان بکرێت، دیسان ستراتیژییەکە هەڵبسەنگێندرێت، ئەگەر پێویست بێت، بەرپرسیاریەتیی خەبات، بدرێتە خەڵکێکیتر، سەرچاوەیتری دەسەڵات بخرێنە کار و خولێکی نوێ، لە چالاکییەکان پەرە پێ بدرێن. کاتێك ئەم کردارانە ئەنجام دران، پلانی نوێ، دەبێت زۆر خێرا پراکتیزە بکرێت.

بە پێچەوانە، ئەگەر خەبات زۆر لەوەی چاوەڕوان دەکرا، باشتر بەرێوە دەچوو و دیکتاتۆری، زۆر لەوەی پێشتر چاوەڕوان دەکرا، زووتر بەرەو نەمان چوو، هێزەکانی دیموکراتیك، چۆن دەبێت بەرژەوەندییە بەدەستهاتووەکانی چاوەڕواننەکراو، جێگیر بکەن و بە ئاراستەی لەناوبردنی دیکتاتۆری، بیانخەنە گەڕ؟ وڵامی ئەم پرسیارە، لە فەسڵی دوواتر دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

# فەسڵی نۆیەم

## رووخاندنی دیكتاتۆری

كاریگەریی كەڵەكەبوونی زنجیرەیەك چالاكیی سیاسیی راست و ئاراستەكراو و سەركەوتوو، دەتوانێت ببێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی خۆڕاگریی بەرخوەدانكاران و رێكخستن و پەرەسەندنی، لەناو ئەو چین و توێژانەی كۆمەڵگاو دیكتاتۆر بۆ كۆنترۆڵی كاریگەر بە سەریاندا تووشی گیروگرفت دەبێت. ئەم زنجیرە چالاكییانە، هەروەها دەبێت، ئەزموونێكی بایەخدار، لە چۆنیەتی سەرپێچیكردن لە هاوكاری و چۆنیەتی دەستكردن بە خەباتی سیاسی، بخەنەڕوو. ئەم ئەزموونە، ئەوكاتەی كە هەل بۆ هاوكاری نەكردن و خەباتی بەرفراوان، لەبار بێت، دەبێتە یارمەتیدەرێكی زۆر گرینگ.

هەروا کە لە فەسڵی سێیەم باسمان کرد، بۆ مانەوەی دیکتاتۆر لە دەسەڵات، فەرمانبردن، هاوکاری و تەسلیمی خەڵك، پێویستە. بەبێ دەستپێڕاگەییشتن بە سەرچاوەکانی دەسەڵاتی سیاسی، دەسەڵاتی دیکتاتۆر لاواز دەبێت و لە ئەنجامدا، لەناو دەچێت.

کەواتە، ئەستاندنەوەی پشتیوانی و پشتگیری، گرینگترین کرداری پێویست بۆ رووخاندنی دیکتاتۆرە. رەنگە لێکۆڵینەوە لە شێوازی کارتێکردنی خەباتی سیاسی، لەسەر سەرچاوەکانی دەسەڵات، سوودمەند بێت.

چالاکییە رەتکەرەوە سەمبۆلیکەکان و خەباتی سیاسی، لەو شێوازانەن، کە دەبنە هۆی بێهێزبوونی رەوامەندیی[١] ئەخلاقی و سیاسیی رژێمی دیکتاتۆری، یا هەمان حەقبوونییەکەی. چەندە رەوامەندیی سیستەم زیاتر بێت، ئەو فەرمانبردن و هاوکارییەی کە لەگەڵی دەکرێت، زیاتر و مایەی پشتپێبەستنی زیاتر دەبێت. بۆ هەڕەشەکردن لە بوونی دیکتاتۆر، نەسەلماندنی ئەخلاقی، دەبێت بە کردەوە رابگەیێندرێت. سەرپێچی لە هاوکاری و فەرمانبردن، بۆ جیاکردنەوەی سەرچاوەکانی دەسەڵاتی رژێم، پێویستن.

دووهەم سەرچاوەی گرینگی دەسەڵات، سەرچاوە مرۆڤییەکانن. واتە ژمارە و گرینگیی ئەو کەس و گرووپانەی کە لە دەسەڵاتداران پێڕەوی دەکەن. هاوکارییان لەگەڵدا دەکەن، یا یارمەتییان پێ دەگەیێنن. ئەگەر هاوکاری

---

[١] - مەشرووعییەت.

نـەکردن، لەلایـەن بەشـە بـەرچاوەکانی خـەڵك ئـەنجام بـدرێت، رژێـم تووشـی كێشـەی جـددی دەبێت. بۆ وێنـە، ئەگـەر كارمەنـدانی مـەدەنی، بـە كارامـەیی ئاسـایی خۆیـان كـار نەكـەن، یـا تەنانـەت لـە ماڵـەكانیان بمێننـەوە، دەزگـای بەڕێوەبەرایەتی رژێم، بە توندی دەكەوێتە ژێر كاریگەریی ئەم چالاكییە.

هەر بەمشێوەیە، ئەگەر ئـەو جـەماوەر و گرووپانـەی كە بەشـداری لە چالاكیی هاوكاری نەكردن دەكەن، لەوانە بن، كە پێشتر دابینكاری شارەزایی و زانستی پسپۆری بووینە، دیكتاتۆر تووشـی نزمبوونـەوەی خێرای رادەی جێبەجێكردنی بڕیارەكانی دەبێت. لەوانەیە، تەنانـەت توانـای ئـەو، بۆ بڕیـاردانی هایدارانـە و هەروەها پەرەسـەندنی سیاسـەتە كاریگەرەكان، زۆر خێرا دابەزێت.

ئەگـەر كارتێكـەریی دەروونـی و ئایدیۆلۆژیكی(فاكتـەرە شـاراوەكان)، كـە لـەلای جـەماوەر، دەبنـە هـۆی دروسـتبوونی هەسـتی هاوكـاری و فـەرمانبردن لـە دەسـەڵاتداران، بێهێـز بكـرێن یـا ریشـەكێش بكـرێن، جـەماوەر زیـاتر روو لـە نافەرمانی و هاوكاری نەكردن دەكەنەوە.

گەییشـتنی دەسـتی دیكتـاتۆر، بـە سـەرچاوەكانی مـاددییش، راسـتەوخۆ كـار دەكاتـە سـەر دەسـەڵاتەكەی. بـە خسـتنە ژێركۆنتڕۆڵی سـەرچاوە ماددییـەكان، سیسـتـەمی ئـابووری، سـەروەت و سـامانەكان، سـەرچاوە سروشـتییەكان، گواسـتنەوە و دەزگاكـانی پێوەنـدی و راگەیانـدن، لـە لایـەن ركابـەرانی كـارای رژێم، سەرچاوەیەكی تری دەسـەڵات، بێهێز دەبێت و لـە دەسـەڵاتی دیكتـاتۆری قوتـار دەبێـت. مانگرتنـەكان، گـەمارۆكان و زێـدەتركردنی خۆموختـاری و

سەربەخۆیی لە بەشەكانی ئابووری، پێوەندییەكان و گواستنەوە، رژێم بێهێز دەكات.

هەروەكوو پێشتر باسمان كرد، توانای دیكتاتۆرەكان لە ترساندن یا بەكارهێنانی رێوشوێنی جێبەجێكاری(سزادانی بەشە سەركێش، نافەرمان و جێبەجێكاری هاوكاری نەكردن، لەناو كۆمەڵگا)، سەرچاوەی بنەڕەتیی هێزەكەیانە. ئەم سەرچاوەی هێزە، دەكرێت بە دوو شێوە، لاواز بكرێت:

یەكەم، ئەگەر خەڵك هەر وەكوو سەردەمی شەڕ، ئامادەبن كە لێكەوتەكانی ترسناكی خەبات قبووڵ بكەن، كاریگەریی سزایەكان، بە خێرایی دادەبەزێت (واتە سەركوتی دیكتاتۆر، ئەو پێڕەویكردنەی كە ئەو چاوەڕوانیەتی، بۆی ناهێنێتە دی).

دووەم، ئەگەر خودی هێزەكانی پۆلیس و سەربازی، دڵسارد ببن، رەنگە بەشێوەی تاكەكەسی، یا بە كۆمەڵ، خۆ لە جێبەجێكردنی فەرمانەكانی گرتن، لێدان یا تەقەكردن لە بەرخوەدانكاران، بدزنەوە، یا بە ئاشكرا سەرپێچی لە فەرمانەكان بكەن. ئەگەر دیكتاتۆر ئیتر نەتوانێت بۆ سەركوت، پشت بە پۆلیس و هێزە سەربازییەكانی ببەستێت، زۆر بەتوندی دەكەوێتە مەترسییەوە.

بەكورتی، سەركەوتن لە هەمبەر دیكتاتۆری چەكدار، پێویستی بە كەمكردنەوە و لەناوبردنی سەرچاوەكانی دەسەڵاتی رژێم، ئەویش لە رێگەی هاوكاری نەكردن و بەرهەڵستكارییە. بەبێ رێكخستنەوەی بەردەوامی سەرچاوەكانی پێتڤی هێز، دیكتاتۆری لاواز دەبێت و لە ئەنجامدا، دەڕووخێت. هەر

بەمهۆیەشەوە، بەرنامەڕێژییە ستراتێژیكە گونجاوەكان، بۆ خەباتی سیاسی لە دژی دیكتاتۆرەكان، دەبێت سەرەكیترین سەرچاوەكانی هێزی دیكتاتۆر، بكەنە ئامانجی خۆیان.

## پەرەپێدانی ئازادی

گەشەكردنی دامەزراوە سەربەخۆ و خۆگەڕەكانی كۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی و سیاسی لە درێژەی بەرخوەدانی بژارەیی، لەگەڵ خەباتی سیاسی، وردە وردە، دەبنە هۆی پەرەسەندنی(كەشی دیموكراتیك)لەناو كۆمەڵگا و كەمبوونەوەی دەسەلاتی دیكتاتۆر. بە هەمان رادە، كە دامەزراوە مەدەنییەكانی كۆمەڵگا بەهێز دەبن، دەسەلاتی دیكتاتۆر، بۆ بەكارهێنانی خواستەكانی، كەم دەبێتەوە و خەڵك بە بەردەوامی و رۆژ لەدووای رۆژ، زیاتر روو لە كۆمەڵگای سەربەخۆ و دوور لە دەسەلاتی ئەو دەكەن.
ئەگەر لە قۆناغێك، دیكتاتۆر بە مەبەستی راگرتنی رەوتی پەرەسەندنی ئازادی، دەستبەكار بێت، خەباتی ناتوندوتیژانە، دەتوانێت بۆ بەرگری لەو كەشە ئازادەی كە فەراهەم بووە، بخرێتەكار و دیكتاتۆری لەگەڵ بەرەیەكی نوێی خەبات، بەرەوڕوو بكات.
ئەم تێكهەڵكێشەی بەرخوەدان و ئاواكردنی دامەزراوەكان، دەتوانێت ببێتە هۆی سەرهەڵدانی ئازادیی راستەقینە، كە بە نۆبەی خۆی دەتوانێت دیكتاتۆر تێك

بشـکێنێت و بـە فـەرمی سیسـتەمێکی دیموکراتیـك بێنێتـە ئـاراوە، چونکـە پێوەندییەکانی دەسەڵات لەناو کۆمەڵگا، لە بنچینەوە دەگۆڕدرێن.

لەهسـتان لـە دەیـەی ١٩٧٠و ١٩٨٠، مینـاکێکی ئاشـکرایە، لـە سـەندنەوەی دامـەزراو و بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان، لە ڕێگەی بەرخودان. کلیسـای کاتۆلیك، کەوتە بەر ئازار و لێپرسینەوە، بەڵام هەرگیز بە تەواوی نەچووە ژێر کۆنترۆڵی کۆمۆنیستەکان. لە ١٩٧٦ ڕووناکبیران و هەندێك کرێکاری تایبەت، گرووپێکی بچووکی وەکوو K.O.R[١] یان بۆ ڕاگەیاندنی بیروباوەڕە سیاسییەکانی خۆیان دامەزراند. لە ١٩٨٠، ڕێکخراوی سەندیکای یەکگرتن[٢]، بە پێشاندانی توانای خۆی، لە ڕێکخستنی مانگرتنی کاریگەر، بە فەرمیبوونی خۆی، بەسەر دەوڵەتدا سەپاند. هەروەها، وەرزێڕان، خوێندکاران و کۆمەڵێك گرووپیتر، ڕێکخراوی سەربەخۆی تایبەت بەخۆیان دامەزراند. کاتێك کە کۆمۆنیستەکان پێحەسان، کە ئەم ڕێکخراوانە، حەقیقەتەکانی دەسەڵاتیان گۆڕیوە، سەندیکای یەکگرتن قەدەغە کراو کۆمۆنیستەکان پەنایان بردە بەر حکوومەتی سەربازی.

تەنانەت لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی سەربازیش، لەگەڵ بوونی بەندیکاری و ئەشکەنجەی توندی جۆراوجۆر، دامەزراوە تازەکانی کۆمەڵگا، درێژەیان بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان دا. بۆ وێنە، چەندین ڕۆژنامەو گۆڤاری ناڕەسمی،

[١] - Workers Defense Committee – کۆمیتەی بەرخودانی کرێکاران.
[٢] - Solidarity

له بڵاوکردنـەوه بـەردەوام بـوون. لـه حاڵێك کـه کۆمـەڵێك نووسـەری بـەناوبانگ، بڵاڤـەکارەکانی کۆمۆنیسـتـەکان و چاپخانـەکانی دەوڵـەتییان، حـەرام کردبـوو، چاپخانه نافەرمییەکان، ساڵانه به سەدان پەرتووکیان بڵاو دەکردەوه. کرداری هاوچەشنی وا، له بەشەکانیتری کۆمەڵگاش، ئەنجام دەدران.

لەژێر دەسەڵاتی حکوومەته سەربازییەکەی جەڕۆسێلسکی، دەوڵـەتی سـەربازی – کۆمۆنیسـتی، لـه روانگەیێکـەوه هێزدارانـە، لەسـەر کورسـیی دەسـەڵات پـاڵ کـەوتبوو. هێشـتا پلـەدارەکان، نووسـینگەکان و باڵاخانـەکانی دەوڵـەتی، لـەژێر دەسەڵات مابوو. رژێم هێشتان هەر دەیتوانی به دەسـتبردن بۆ سـزاکارییەکان، گـرتن، زینـدانی کـردن، دەستبەسـەرا گرتنـی دەزگاکـانی چـاپ و کـرداری لـەم چەشـنه، کۆمـەڵگا بخاتـه ژێر گوشـارەوه. بـەڵام، دیکتـاتۆری نـەیتوانی کۆمـەڵگا کۆنترۆڵ بکات. لەم تێڕوانینەدا، تـەنیا خاڵی نادیار، ئـەو کاتـەبوو، کـه کۆمـەڵگا دەیتوانی رژێمی دیکتاتۆری، به تەواوی بڕووخێنێت.

تەنانـەت ئەوکاتـەی کـه دیکتـاتۆری هێشـتا پۆسـتەکانی دەوڵـەتی لـەژێر دەسـەڵاتدایه، هەنـدێجار دەکرێـت (دەوڵـەتێکی هاوتـەریب) رێك بخرێـت. ئـەم دامـەزراوه، دەتوانێـت بەشـێوەیەکی بـەرفراوان، وەکـوو دەوڵـەتی رکابـەر کـار بکـات، بـۆ ئـەوەی وەفـاداری، سـەلماندن و هاوکـاری، لـه خـەڵك و دامـەزراوه کۆمەڵایەتییەکان وەربگرێت. له ئەنجامدا، دیکتاتۆری تووشی نزمبوونـەوەی رۆژ لـەدووای رۆژی ئـەم تایبەتمەندییانـەی دەوڵـەت دەبێـت. لـه کۆتاییـدا، رەنگـه دەوڵـەتی تـەریبی دیمـوکرات، لـه قۆناغێکدا، بتوانێت خـۆی لـه شـوێنی رژێمـی

دیکتــاتۆری، جێگیــر بکــات. ئەوکاتــە دەکرێــت دەســتوورێك دابڕێژرێــت و هەڵبژاردنێکیش وەکوو بەشێك لە قۆناغی گوزەر، ئەنجام بدرێت.

### دابەشبوونی دیکتاتۆری

ئەوکاتەی کە گۆڕان لەسەر بنەمای دامەزراوەکانی کۆمەڵگا، لە حاڵی روودانـە، خـەبات و هاوکاری نـەکردن، دەتوانێت توندتر ببێت. ستراتێژیستەکانی هێزە بەرهەڵستکارەکان، دەبێت هەر لـە سـەرەتاوە لـەو هزرەدا بن کـە سـەردەمێك دێت، کە هێزەکانی دیموکرات، دەتوانن لە چالاکییە بژارەییەکانی پێشوو، بەرەو بـەرخوەدانی بـەرفراوانتر هـەنگاو هـەڵێنن. لـە زۆربـەی حاڵەتـەکان، خوڵقانـدن، چـاکردن یـا پەرەپێـدانی کارامـەیی بـەرخوەدان، پێویسـتی بـە کـات هەیـە و پەرەپێـدانی خـەباتی بـەرفراوان، رەنگـە دووای تێپـەڕینی چەنـدین سـاڵ بێتـە ئاراوە. بە درێژایی ئەمکاتە، زنجیرە چالاکییەکانی تایبەتی بژارەیی، دەبێت بــەرەو کێشــە سیاســییەکانی پڕبایــەختر، ئاراســتە بکــرێن. بەشــێکی زۆری جــەماوەر، لــە هــەموو چــین و توێژەکــانی کۆمــەڵگا، دەبێـت بچنـە ڕیـزی ئـەم خەباتـەوە. ئـەوجا بـە درێژایـی کـاری ئـەم چالاکییانـە، بـە خـەباتێکی سیاسـیی یەکلاکـەرەوە و ڕێکۆپێـك، خاڵـە دەروونییـە لاوازەکـانی دیکتـاتۆر، بـە خێرایـی دەردەکەون.

تێکـــەڵکردنی خـــەباتی سیاســـیی هێزدارانـــە و ئـــاواکردنی دامـــەزراوە سـەربەخۆیەکان، رەنگــە بــارودۆخێکی شــیاو بــۆ راکێشــانی ســەرنجی نێونەتەوەیی، ئەویش بەشێوەیەکی بەرفراوان، بە قازانجی هێزە دیموکراتەکان بێنێتە ئاراوە. ئەم بابەتە رەنگە، ببێتە هۆی سەپاندنی سزای دیپلۆماتیکی نێونەتـەوەیی، گـەمارۆ و کۆمـەڵێك قەدەغـەکاری، کـە بـۆ بـەرگری لـە هێـزە دیموکراتخوازەکان، جێبەجێ بکرێن (هەروا کە لە لەهستان وای لێهات).

ستراتێژیستەکان، دەبێت ئەوەیان لەبیر بێت، کە لە بارودۆخی دیارکراو، رەنگە رووخانی دیکتاتۆرێك، زۆر خێرا روو بدات، وەکوو ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٨٩، لە ئەڵمانیای رۆژهەڵات روویدا. ئەمەیان کاتێك روودەدات، کە دووای نەفرەتی قووڵی خەڵك لە دیکتاتۆری، سەرچاوەکانی هێز بە شێوەیەکی بەرفراوان، لە دەوڵەت جیا ببنەوە. بەڵام، ئەمەیان رێکارێکی هەمیشەیی نییە و باشتر وایە کە بۆ خەباتێکی درێژخایەن، بەرنامەڕێژی بکرێت (و هەڵبەت پێویستە بۆ بەرنامەیەکی کورتخایەنیش ئامادە بن).

بەدرێژایی دەورانی خەباتی ئازادیخوازانە، سەرکەوتنەکان، تەنانەت لە شتی بچووکیش، پێویستە بەرز رابگیرێن. ئەوانەی کە سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، پێویستە بناسێندرێن. هەروەها جەژن و بەرز راگرتنەکانی هۆشیارانە، دەبێتە هۆی پاراستنی ورەی پێویست، بۆ قۆناغەکانی داهاتووی خەبات.

## بەڕێوەبردنی بەرپرسیارانەی سەرکەوتنەکان

داڕێژەرانی بەرنامە ستراتیژییەکان، دەبێت پێشتر ئەو شێوازە کارامە و باشترانە دەستنیشان بکەن، که له ڕێگەیانەوە دەکرێت، خەباتێکی سەرکەوتوو بە باشترین شێوە درێژەی پێ بدرێت، بە مەبەستی پێشگیری لە سەرهەڵدانی دیکتاتۆرێکی نوێ و هەروەها ئاواکردنی بەرەبەرەی سیستەمێکی دیموکراسیی جێگیر.

دیموکراتەکان، دەبێت بەراوردی ئەوە بکەن، کە چۆن دەکرێت لە کۆتایی خەبات، قۆناغی گوزەر لە دیکتاتۆری بۆ دەوڵەتێکی کاتی، بەڕێوە ببرێت. بە هەرحاڵ، دەوڵەتی تازە، نابێت هەر دەوڵەتی کۆن، بە خەڵکانی نوێ بێت. گرینگە کە مەزەندەی ئەوە بکرێت، کە چ بەشێك لە پێکهاتەی دەوڵەتی پێشوو (بۆ وێنە پۆلیسی سیاسی)، دەبێت لەبەر تایبەتمەندییە گەوهەرییەکانی نادیموکراتیکی خۆی، بە تەواوی هەڵبوەشێنرێتەوە و چ بەشانێك دەبێت ببنە بەرباسی جموجۆڵە دیموکراتییەکانی داهاتوو. سڕینەوەی سەرتاپای دەوڵەت، دەتوانێت ببێتە هۆی سەرهەڵدانی پاشاگەردانی یا دیکتاتۆرییەکی نوێ.

دەبێت پێشەکی، بیر لەوە بکرێتەوە و بڕیار بدرێت، کە دووای رووخانی دیکتاتۆری، چ سیاسەتێك دەرهەق بە پلەدارە بەرزەکانی رژێم بگیردرێتەبەر. بۆ وێنە، ئایا دەبێت دیکتاتۆرەکان، بە مەبەستی دادگایی کردن، لە دادگا

ئامادە بکرێن؟ ئایا دەبێت ئەو دەرفەتەیان پێ بدرێت، کە بۆ هەمیشە وڵات بەجێ بێڵن؟ چ بژاردێکیتر لەبەر دەستە، کە لەگەڵ خەباتی سیاسی، ئاوەدانکردنەوەی وڵات و ئاوا کردنی دیموکراسی، هاوئاهەنگ بێت؟ دەبێت رێگە لە کۆمەڵکوژییەك بگیرێت، کە دەرەنجامی خراپی بۆ ئاواکردنی سیستەمی دیموکراتیکی داهاتوو، بەدوواد دەبێت.

دەبێت پلانی تایبەتیی دەورانی گوزەر، بە مەبەستی بەکارهێنان لە قۆناغێك، کە دیکتاتۆری لاواز بووە، یا رووخاوە، ئامادە کرابێت. ئەو پلانانە، یارمەتیدەرن تاکوو گرووپێکیتر نەتوانێت، لە رێگەی کوودەتا، دەسەڵاتی دەوڵەت بگرێتە دەست. کۆمەڵە پلانێکیش، بۆ ئاواکردنی دەوڵەتێکی دیموکراتیك و دامەزراو لەسەر بنچینەی دەستوور، لەگەڵ هەموو ئازادییەکانی سیاسی و تاکەکەسی، پێویستە. ئەو گۆڕانکارییانەی کە بە تێچووەکی زۆر هاتوونەتە دەست، نابێت بەهۆی کەمبوونی پلان و بەرنامە، لە کیس بچن.

لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خەڵکانێك، کە بەردەوام بەهێزتر دەبن و گەشەکردنی گرووپە سەربەخۆیە دیموکراتەکان و ئەو دامەزراوانەی کە دیکتاتۆر توانای کۆنترۆلی هیچیەکێکیانی نییە، دیکتاتۆرەکان پێدەحەسێن، کە کردارەکانیان بێ ئەنجامە.

پشووە زۆرەکانی کۆمەڵگا، مانگرتنە گشتییەکان، مانەوە لەماڵی بەکۆمەڵ، رێپیوانی بەرهەڵستکارانە، یا چالاکییەکانیتر، بەشێوەیەکی بەرفراوان، دەبنە هۆی تێکچوونی رێکخراوەکانی دیکتاتۆر و ئەو دامەزراوانەی پێوەندییان پێوە

هەیە. دەرەنجامی ژیرانەی ئەمجۆرە چالاکی و هاوکاری نەکردنانە، کە بە تێپەڕینی کات، لەگەڵ هاوکارییەکانی خەڵك تێکەڵ دەبێت، بریتی دەبێت لە لاوازبوونی دیکتاتۆر و لە کۆتایی سەرکەوتنی بەرهەڵستکارانی دیموکرات، بەبێ دەستبردن بۆ توندوتیژی.

بەمشێوەیە، دیکتاتۆری لە هەمبەر خەڵکی بەرهەڵستکار، لێك هەڵدەوەشێتەوە. هەڵبەت هەر کۆششێکی لەم چەشنەش، بەتایبەت بە ئاسانی و بە خێرایی، سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت. دەبێت لەبیرمان بێت، کە بە هەمان ئەندازە کە شەڕی چەکداریی سەرکەوتووانە هەیە، شەڕی چەکداریش هەیە، کە تووشی شکست هاتووە. هەرچەندە، خەباتی سیاسی هەلێکی کرداری بۆ سەرکەوتن دەڕەخسێنێت. هەروا کە پێشتر باسمان کرد، ئەو ئەگەرە دەکرێت بەهۆی پەرەپێدانی ستراتیژییەکی گەورەی ژیرانە، بەرنامەڕێژیی ورد، هەوڵی بەردەوام و خەباتی دیسپلیندار و قارەمانانە، زیاتر بکرێت.

# فەسڵی دەیەم

## بناغەی دیموکراسیی جێگیر

رووخـانی دیکتـاتۆری، بێگومـان دەبێتـە هـۆی جـەژن و خۆشـیی زۆر. ئـەو خەڵکانـەی کـە بـۆ ماوەیـەکی زۆر، رەنجیـان کێشـاوە و بـە تێچـووەکی زۆر، خەباتیان کردووە، شیاوی ئەوەن، کە کاتێکیان بۆ خۆشگوزەرانی و حەسانەوە هەبێت و سوپاسیشیان بکرێت. ئەو خەڵکە دەبێت شانازی بە خۆیان و هەموو ئەو کەسانە بکەن، کە لە گەڵیان بۆ گەییشتن بە ئازادیی سیاسی، هەوڵیان داوە. هەمووان بۆ بینینی رۆژێکی وا، زیندوو نین. زیندووەکان و مردووەکان، دەبێت وەکوو ئەو قارەمانانەی کە بۆ بەدیهاتنی مێژووەکی ئازاد بۆ وڵاتەکەیان، یارمەتیدەر بووینە، یاد بکرێنەوە.

بەڵام بەداخەوە، کاتێکی وا، کاتی نزمبوونەوەی وشیاری نییە. تەنانەت لە کاتی رووخاندنی سەرکەوتووانەی دیکتاتۆر، لە رێگەی خەباتی سیاسی، دەبێت بە وردی خۆپارێزی بکرێت، تاکوو لە سەرهەڵدانی رژێمێکیتری سەرکوتکار، لەناو پاشاگەردانییەکانی دووای رووخانی رژێمی پێشوو، پێشگیری بکرێت. رێبەرانی هێزە پێشەنگەکانی دیموکراسی، دەبێت پێشتر بۆ گوزەری دیسپلیندار بۆ

دیموکراسی، ئامادە بن. پێکهاتەی دیکتاتۆری، دەبێت لەناو ببردرێت. دەبێت کۆڵەکەی گونجاو لەگەڵ دەستوورو ماف و ستاندەرەکانی هەڵسوکەوتی دیموکراسییەکی جێگیر، بچەقێندرێن.
هیچکەسێك نابێت هزر بکات، کە بە رووخانی دیکتاتۆری، دەمودەست کۆمەڵگایەکی ئیدەئال دێتە بوون. هەڵوەشانەوەی دیکتاتۆری، لە هەلومەرجی پێشکەوتووی ئازادی، تەنیا بۆ هەوڵەکانی درێژخایەن، بە مەبەستی بەرەوپێشەوە بردنی کۆمەڵگا و وڵامدانەوەی شیاو بە پێداویستییەکانی مرۆڤ، خاڵێکی دەستپێکی نوێ، دێنێتە ئاراوە. گیروگرفتی جددیی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی، بۆ ساڵەهای ساڵ درێژەیان دەبێت، کە بۆ چارەسەر کردنیان، پێویستی بە هاوکاریی ژمارەیەکی زۆری خەڵك و گرووپەکان هەیە.
سیستەمی سیاسیی نوێ، دەبێت بە مەبەستی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گیروگرفتی داهاتوو، بۆ خەڵکانێکی خاوەن بۆچوونی جۆراوجۆر و پێوەری جیاواز، دەرفەتێك بڕەخسێنێت، تاکوو بتوانن درێژە بە چالاکییە ژێرخانییەکانی خۆیان بدەن و لە رەوتی پەرەپێدان بەردەوام بن.

### هەڕەشەکانی دیکتاتۆرییەکی نوێ

زۆر بەرلە ئێستا، ئەرەستوو هۆشداریی داوە، کە (... تاکفەرمانی بەردەوام دەتوانێت ببێتەوە تاکفەرمانی...) بەڵگەی مێژوویی زۆر لە فەڕانسا

(ژاکووبینەکان و ناپلیۆن)، رووسیا (بولشویکەکان)، ئێران (ئایەتوڵلا)، بێرمە (سلۆرك) و وڵاتانیتر لەبەر دەستە، کە رووخانی رژێمێکی سەرکوتکار، لە روانگەی هەندێك خەڵك و گرووپ، تەنیا هەلێکە بۆ ئەوان، تا وەکوو ئاغاکانی نوێ، پێ بنێنە پێشەوە. پاڵنەرەکانی ئەم جۆرە کەسانە، دەتوانێت جۆراوجۆر بێت، بەڵام ئەنجامەکە، هەمیشە وەکوو یەکە.

دیکتاتۆرێکی نوێ، تەنانەت رەنگە ستەمکارتر و لە کۆنترۆڵدا، لە رژێمی پێشوو پاوانکارتر بێت.

تەنانەت پێش رووخانی دیکتاتۆری، کاربەدەستەکانی رژێمی پێشوو، رەنگە هەوڵ بدەن، تاکوو لە رێگەی هێنانە مەیدانی کوودەتایەك، کە بۆ بەربەستکردنی سەرکەوتن، لە هەمبەر بەرخودانی جەماوەری، دارێژراوە، بگروبکێشی خەباتکارانە بۆ دیموکراسی، لەبار ببەن. ئەم کوودەتایە، رەنگە خوازیاری لاچوونی دیکتاتۆر بێت، بەڵام لەڕاستیدا، تەنیا بەدووای سەپاندنی مۆدێلێکی نوێتر، لە سیستەمی پێشوو بێت.

## پێشگیری لە کوودەتایەکان

کۆمەڵێك شێواز هەیە، کە کۆمەڵگە تازە ئازادبووەکان، بە بەکارهێنانیان، دەتوانن کوودەتایەکان پووچەڵ بکەنەوە. زانینێکی پێشکەوتوو، لەسەر ئەو

کردارە بەرگرییە، دەتوانێت هەندێجار، بۆ پێشگیری لە کوودەتا، بەس بێت، ئامادەکاری دەتوانێت، ببێتە هۆی پێشگیری.

هەر دووای ئەوەی کوودەتایەك دست پێدەکات، پیلانگێڕان پێویستییان بە رەوامەندی هەیە، واتە قبووڵ کردنی مافی ئەخلاقی و سیاسیی ئەوانە، بۆ حکوومەت کردن. بۆیەش یەکەم بنەمای بەرگریکارانەی دژی کوودەتا، قبووڵ نەکردنی رەوامەندیی پیلانگێڕانە.

هەروەها پیلانگێڕان، پێویستییان بەوە هەیە، کە رێبەرە مەدەنییەکان و خەڵکی پشتیوانیان، شڵەژاو یا بێ کاردانەوە بن. پیلانگێڕان بۆ پتەوکردنی کۆنترۆلی خۆیان بەسەر کۆمەڵگا، پێویستییان بە هاوکاریی پسپۆران و راوێژکاران، کاربەدەستانی دەوڵەت و کارمەندانی مەدەنی، بەڕێوەبەران و دادوەرەکان هەیە. پیلانگێڕان هەروەها پێتڤن، کە ژمارەیەکی زۆری ئەو جەماوەرەی، کە سیستەمی سیاسی، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، ئابووری، پۆلیس و هێزەکانی چەکدار دەخەنە جووڵە، ئەرکەکانی ئاسایی خۆیان قبووڵ بکەن، کە بەپێی فەرمان و سیاسەتەکانی پیلانگێڕان، گۆڕانیان تێکەوتووە.

دووەم بنەمای بەرگریکارانەی دژی کوودەتا، بەرخوەدان لە دژی پیلانگێڕان، لە رێگەی هاوکاری نەکردن و خەباتە. دەبێت هاوکاری و یارمەتیی پێویست، لێیان ببڕدرێت. لەڕاستیدا، کۆمەڵێك شێوازی وەکوو ئەوەی لە خەباتی دژی دیکتاتۆر، بەکار دەهێندرا، دەکرێت لە دژی هەڕەشەی تازەش بخرێتەکار. بەڵام ئەمانە، دەبێت بە خێرایی پراکتیزە بکرێن. ئەگەر، هەم رەوامەندی و هەم

هاوکاری لێیان ببڕدرێت، کوودەتا لە قاتوقڕیی سیاسی دەمرێت و چانسی ئاواکردنی کۆمەڵگایەکی دیموکرات، دیسان سەر هەڵدەداتەوە.

**رەشنووسی دەستوور**

سیستەمی دیموکراتیکی نوێ، پێویستیی بە دەستوورێك دەبێت، کە چوارچێوەی داواکراوی دەوڵەتی دیموکراتیك دابڕێژێت. دەستوور، دەبێت ئامانجەکانی دەوڵەت، سنووری دەسەڵاتەکانی دەوڵەت، شێواز و کاتبەندیی ئەو هەڵبژاردنانەی کە تێیدا پلەدارانی دەوڵەتی و یاسادانەران، دەستنیشان دەکرێن، مافی جەوهەری خەڵك و شێوازی پێوەندیی دەوڵەتی نیشتیمانی، لەگەڵ ئاستەکانی خوارووتری دەوڵەت، دەستنیشان بکات.
لەناو دەوڵەتی ناوەندی، ئەگەر دەوڵەت بیەوێت بە دیموکراتی بمێنێتەوە، دەبێت دابەشینێکی ئاشکراو راشکاوانە بۆ دەسەڵات، لەنێوان یاسادانەر، راپەڕێنەری یاساو لکی دادوەریی دەوڵەت، ئەنجام بدرێت. کۆمەڵێك سنووری بەهێز، بۆ کردارەکانی پۆلیس، دامەزراوەکانی ئاسایش و هێزەکانی سەربازی پێویستە دابندرێن، بۆ ئەوەی هەلی هەر چەشنە دەستێوەردانێکی سیاسییان لێ بسەندرێتەوە.
بە مەبەستی پاراستنی سیستەمی دیموکراتیك و رێگەگرتن لە هەوڵدان، بۆ ئامانجە سەرکوتکارییەکان، تا بکرێت، دەستوور دەبێت بەشێوەیەك بێت، کە

سیستەمی فدراڵ لەگەڵ رەچاوکردنی مافی شیاو بۆ ئاستەکانی ناوچەیی، ویلایەتی و خۆجێیی دەوڵەت، دابین بکات. هەندێجار سیستەمی(کانتۆن)ە کانی سویس، دەکرێت رەچاو بکرێت، کە تێیدا کۆمەڵە دەڤەرێکی بچووک، بە بەهرەمەندی لە مافی بەرفراوان، ئەوجا بەشێکیشن لە هەموو وڵات.

ئەگەر پێشتر، لە دیرۆکی وڵاتی تازە ئازادکراو، دەستوورێك هەبووە، کە زۆربەی ئەم تایبەتمەندییانەی تێدا بووە، ئەوە ژیرانەیە، کە بە ئاسانی، بە چاکسازی لە ماددەکانی مەبەست، دەستوورەکە بخرێتە کار. ئەگەر دەستوورێکی کۆن، بوونی نەبێت، رەنگە پێویست بکات، کە دەستوورێکی کاتی دابندرێت. جگە لەمە بێت، دەبێت دەستوورێکی نوێ ئامادە بکرێت. ئامادەکردنی دەستووری نوێ، پێویستیی بە کات و بیرکردنەوەی بەرچاو دەبێت. لەم پرۆسەیەدا، بەشداریی گشتی، بۆ پەسەند کردنی دەقی نوێ یا هەموارکراو، پەسەندیدە و پێتڤە. دەبێت بە نیسبەت لکاندنی کۆمەڵە بەڵێنێك لەناو دەستوور، کە رەنگە لە داهاتوو، نەکرێت جێبەجێ بکرێن، یا رێوشوێنێك کە پێویستییان بە دەوڵەتێکی تەواو ناوەندی هەبێت، وشیار بین، چونکە هەردوو ئەمانە، دەتوانن رێگە بۆ سەرهەڵدانی دیکتاتۆرێکی نوێ، خۆش بکەن.

رستەکانی دەستوور، دەبێت بە شێوەیەك دابرێژرێن، کە ژمارەیەکی زۆری خەڵك، بەباشی لێی تێبگەن. دەستوور نابێت ئەوەندە ئاڵۆز و تەماوی بێت، کە تەنیا پارێزەر و نوخبەکان، بتوانن لێی تێبگەن.

## سیاسەتی بەرگریکارانەی دیموکراتیك

وڵاتی ئازادکراو، ڕەنگە بکەوێتە بەر هەڕەشەی بێگانە، کە بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵیان، پێویستیی بە توانای بەرگریکارانە دەبێت. هەر بەمچەشنە، ڕەنگە لە دەرەوەڕا، بە مەبەستی زاڵبوون لە بواری ئابووری، سیاسی یا سەربازی، هەڕەشەی لێ بکرێت.
بە مەبەستی پاراستنی دیموکراسیی ناوخۆ، دەبێت بایەخێکی تایبەت بە بنەماکانی سەرەتایی خەباتی سیاسی، بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی بەرگریی نیشتیمانی بدرێت. بە خستنە بەردەستی ڕاستەوخۆی توانای بەرگری بۆ هاووڵاتییان، وڵاتانی تازە ئازادبوو، دەتوانن لە دامەزراندنی هێزێکی سەربازیی بەهێز، پێشگیری بکەن، کە بەنۆبەی خۆی، دەتوانێت هەڕەشە لە دیموکراسی بکات، یا پێویستیی بە سەرچاوەی دارایی بەرفراوان هەبێت، کە دەکرێت لە شوێنێکی سوودمەندتر، خەرج بکرێت.
دەبێت لەبیرمان بێت، کە هەندێ لایەن هایدارانە، لە ئامادەکردنی هەرجۆرە دەستوورێك، خۆ دەدزنەوە، تاکوو بتوانن، خۆیان بکەنە دیکتاتۆری نوێ. بۆیەش، ڕۆڵی هەردەمی، بۆ هەموو هاووڵاتییان، هەمیشە بەردەوام دەبێت، کە بریتییە لە خەبات و هاوکاری نەکردن، لە هەمبەر دیکتاتۆرەکانی لەناکاو و پاراستنی پێکهاتەو ماف و ڕەوتە دیموکراتییەکان.

## لێپرسراویەتییەکی شیاو

کاریگەریی خەباتی ناتوندوتیژ، تەنیا لاوازکردن و لەناوبردنی دیکتاتۆرەکان نییە، بەڵکوو هێز بەخشینە بە جەماوەری ستەم لێکراویش. ئەم تەکنیکە، ئەو خەڵکانەی کە پێشتر خۆیان بە پیادەی شەترەنج یا قوربانی دادەنا، وا توانادار دەکات، کە بە هەوڵ و کۆششی خۆیان، راستەوخۆ، هێز بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و عەدالەت، بخەنە کار. ئەم ئەزموونەی خەبات، کۆمەڵە دەرەنجامێکی دەروونیی گرینگی بەدوودا دێت، کە دەتوانێت لە بەرزکردنەوەی ورە و هەستی بڕوا بەخۆبوون، لەنێوان بێدەسەڵاتانی پێشوو، رۆڵی هەبێت.
یەکێك لە ئەنجامە سوودمەند و درێژخایەنە گرینگەکانی سوودوەرگرتن لە خەباتی ناتوندوتیژ، بە مەبەستی ئاواکردنی دەوڵەتی دیموکراتیك، ئەوەیە، کە توانای زۆرتر بە کۆمەڵگا دەبەخشێت، تاکوو لەهەمبەر گیروگرفتەکانی داهاتوو، خۆڕاگرتر بێت. گیروگرفتی وەکوو سووئیستفادەکانی دەوڵەتی داهاتوو و لادانەکانی، هەڵسوکەوتی خراپی هەریەك لە لایەنەکان، بێعەدالەتییەکانی ئابووری و سنوورکارییەکانی سەپێنراو بەسەر چۆنایەتیی دیموکراتیکبوونی سیستەمی سیاسی.
ئەو خەڵکانەی کە لە بەکارهێنانی خەباتی سیاسی شارەزا بن، کەمتر لە هەمبەر دیکتاتۆرەکانی داهاتوو، تەسلیم دەبن.

دووای  ئازادی، ئاشنایی لەگەڵ خەباتی ناتوندوتیژ، شێوازەکانی بەرگری لە دیموکراسی، ئازادییە مەدەنییەکان، مافی کەمینەکان و مافی تایبەتیی دەوڵەتە هەرێمییەکان، ویلایەت و ناوچە و دامەزراوە نادەوڵەتییەکان، فەراهەم دەکات. ئەم شێوازانە، هەروەها کۆمەڵە رێگایەك دەخاتەڕوو، کە خەڵك و لایەنەکان، بتوانن بەم رێگایانەوە، ئەو بیروباوەڕە توندانەیان دەرببڕن، کە ئەوەندە بایەخدارن، تاکوو ببنە هۆی تیرۆر و شەڕی چریکی، لە لایەن لایەنە دژەکانەوە.

هیوادارم، بیروهزرە باسکراوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لەسەر خەباتی سیاسی یا خەباتی ناتوندوتیژ، هاوکارییەك بێت، بۆ هەموو ئەو تاك و لایەنانەی، کە بەدووای لادانی ستەمی دیکتاتۆری، لەسەر خەڵکی خۆیانن و ئاواکردنی سیستەمێکی دیموکراتیکی جێگیری، لێ بکەوێتەوە و رێز لە ئازادییەکانی مرۆڤ و کرداری کۆمەڵانی خەڵك، بۆ باشترکردنی کۆمەڵگا بگرێت.

لە بیروهزرە باسکراوەکانی سەرەوە، سێ ئەنجامی سەرەکی دێنە دەست:

- ئازادبوون لە دیکتاتۆری مومکینە.
- بۆ گەییشتن بە ئازادی، پێویستیمان بە بەرنامەڕێژیی ستراتێژیك و بیرکردنەوەیەکی وردەو
- بۆ گەییشتن بە ئازادی، خۆپارێزی، تێکۆشانی سەخت و خەباتی دیسپلیندار، تەنانەت بە زیانی زۆریش، پێویستە.

دەســتەواژەی بــەناوبانگی (ئــازادی، بــە بــەلاش نییــە) حەقیقەتــە. هــیچ هێزێکی دەرەکی، بۆ بەخشینی ئەو ئازادییەی کە خـەڵکانی بندەسـت، زۆر داوای دەکـەن، ناهێت. خـەڵك دەبێت فێـرببن، کـە چـۆن ئـازادی بـەخۆیان ببەخشن و ئەمەشیان بە ئاسانی مومکین نییە.

ئەگەر خەڵك ئەو شتەی کـە بـۆ ئـازادیی خۆیـان پێویسـتە، بەدەسـت بێنن، دەتوانن کۆمەڵە چالاکییەك دابڕێژن، کە لە ئەنجامداو دووای رەنجی زۆر، دەیانگەیێنێتـە ئـازادی. ئەوکاتـە ئـەوان، بـە پشـتکار و تەپشـت، دەتـوانن رێکخســتنێکی دیمــوکراتیکی نــوێ دابمــەزرێنن و بــۆ پاراســتنی، خۆیــان ئامادە بکەن.

ئەو ئازادییەی کە بە رێگەی خـەباتێکی وا بێتەدەسـت، دەتوانێت جێگیر و پایەدار بێت. ئەو ئازادییە، بەهۆی ئەو خەڵکە سـەختکۆشـە دەپارێزرێت، کە بۆ راگرتن و دەوڵەمەندکردنی، بەڵێنیان داوە.